# کەشکۆڵی
# حاجی مەحموودی یاروەیس

لێکۆڵینەوەو ساخکردنەوەی
عوسمان محەممەد هەورامی

١٠٥٣
٨٠٠
٥٤٢

پێشکەشە بە ڕۆژنامەی
هەرێمی کوردستان
لەگەڵ ڕێزما.
عوسمان
١٩٩٨-١٠-٤

# کەشکۆڵی

# حاجی مەحموودی یاروەیس

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
زنجیرە ١٣٧٦
ژمارەی پۆلین ١
ڕۆژی ١٨ / ١٠ / ٢٠٠٩

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
زنجیرە:
ژمارە:
پۆل:

## لێکۆڵینەوەو ساخکردنەوەی
## عوسمان محەممەد هەورامی

# نــاوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | پێشەکی |
| ١٢ | تێبینی |
| ١٣ | کورتە یاسێك........... |
| ١٩ | دۆزینەوەی کەشکۆڵەکەی.............. |
| ٣١ | سالم |
| ٥٥ | مەولەوی |
| ٦٢ | وەلی دێوانە |
| ٧٦ | ڕەنجووری |
| ٧٩ | حاجی مەحموودی یاروەیس |
| ١٠١ | ئەحمەد مەجذووب |
| ١١٦ | میرزا موحەممەد |
| ١٢٠ | شێخ قادری دەرە دزان |
| ١٢٤ | سەید یاقۆی جاف |
| ١٤١ | یوسف بەگی جاف |
| ١٥٨ | قەمەر عەلی ڕەوانی |
| ١٧١ | شەفیع و صاڵح |
| ١٧٧ | مەلا عەبدولقادر |
| ١٧٨ | مەلا ڕەسووڵی تاوەگۆزی |
| ١٨٢ | ساڵانی ڕووداوەکان لە کەشکۆڵەکەدا |
| ١٨٥ | خشتەی بەراوردکردنی دیوانی چاپکراوی سالم لە گەڵ کەشکۆڵەکەدا |
| ٢٠٠ | فەرهەنگۆك |
| ٢٢٣ | سوپاس و پێزانین |
| ٢٢٥ | سەرچاوەکان |
| ٢٢٦ | بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر |

# "پێشەکی"

بێ گومان پشتاوپشت و نەوە بەنەوە ، وەچە نوێکان وامداری پێشینانی خۆیانن و لەهەموو بوارەکانی کەلەپووری باو و باپیراندا کەلك وەردەگرن . ئەم ڕێچکەیە درێژ ترو بەرینتر دەبێ و بازنەکەی فراوانتر دەبێ، ئێستاو لەم سەردەمەدا بەهۆی هاتووچۆی خێراو تێکەڵاویی ڕۆژانەی ئەم پەڕو ئەوپەڕی سەر گۆی زەوی و پەیوەندیی یەکەو ڕاستی مەردمی ئەمسەرزەمینە بەیەکترەوە ، دەتوانین بڵێین کاریگەریی کەلەپووریش وەکو بوارەکانی تری ژیانی ئەم سەردەمە خێرایە، هەموو مەرزەکانی شکاندووە.

باوانی کوردەواری گەلێ بایەخیان بەلایەنە زۆر ڕۆشنەکانی کەلەپووردوە ، بەرلە هەموویان کۆکردنەوەی هۆنراوە و هەندێ نووسراوی شاعیر و زانابلیمەتەکانی کوردەواری ، بەمەشەوە نەوەستاون ، هۆنراوەی شاعیرە ناودارەکانی زمانی فارسیشیان لەکەشکۆڵ و دەستنووسەکانیاندا (بەیاز) تۆمار کردووە ، هەندێ جاریش بەرهەمی هەندێ شاعیری بەناوبانگی زمانی عەرەبیشیان تۆمار کردووە. ئەو دەستنووس و کەشکۆڵە دێرینانە سامانێکی بێ هاوتای کوردن ، بەڵگەنامەو پێناسەی گەلی کوردن ، سەرچاوەی ڕوونی زمان و ئەدەبی گەلەکەمانن ، بۆیە پاراستنیان ئەرکێکی گەلێ پیرۆزی سەرشانی بنەماڵەی خاوەنەکانیان و هەموو کەسێکە .

ڕامالێنی دەستنووسەکانی کوردستان:-

بەداخەوە لەساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٩) دا ، ئەوەندەی من ئاگاداربم

هەندێ خوێنەواری باش و ناوداری گەلەکەمان بوونە ڕێگەوان و ڕابەری دەسەڵاتداران و چەپاوکەران بۆ کڕین و کۆکردنەوەی زۆر کەشکۆڵ و دەسنووس و کتێبی زۆر بەنرخی دێرین ، وەکو چاوساخی زۆر دڵسۆز ماڵ بەماڵ و شار بەشار و گوند بەگوندی کوردستانی شیرینیان گێڕان و بەسەدان بەرهەمی هەناوی باوو باپیرانمان،بە دەیان فەردە کۆکرانەوە و دەستیان بەسەردا گیراو بران ، پاداشتەکەش تەنیا لامشتێ پارەی پواو بوو.

## ئەرشیفی کوردستان:-

هەرلەم ڕوانگەیەوە بوو کە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە پتر بانگەوازی دڵسۆزان بڵند بووە وە بۆ پاراستنی بنەما ڕەسەنەکانی کوردەواری و دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی ، بۆ ئەوەی ئێمەش بەگیانی لەخۆبوردن و دڵسۆزییەوە ، وەکو گەلان بتوانین کەلەپوری ڕەسەن و نەمرمان بپارێزین .دەبێ هەمیشە دەستی سوپاس و پێزانین بگرین بەسنگمانەوە بۆئەو زانا و پیاوە مەزنانەی کوردەواری کە کەشکۆڵ و بەیازیان نووسیونەتەوە و پشتاوپشتیش بنەماڵەکانیان پاراستوویانن ، پەڕاستی ئەو دەستنووس و کەشکۆڵانە لەسەرێکەوە مایەی شانازی و سەروەرین بۆ ئەو بنەماڵە بەڕێزانە ، لەسەرێکی کەشەوە پاراستنی گەنجینەی پڕ لە بەهرەو هوشیاری و ڕۆشنبیریی گەلەکەمانەو هەمووکەسێ بەختەوەروشادە کە پێناسەی ڕەسەنی گەلەکەی پارێزراوە . ئاشکراو ڕوونیشە کە،کەشکۆڵ و دەسنووسە دێرینەکان سەرچاوەیەکی زۆر بەکەڵکن بۆ تۆمار کردنی گەلێ لایەنی مێژوو .

## ڕێزو بایەخی کەشکۆڵ وبەیاز:-

لەڕۆژگارانی پێشوودا پیاوانی خاوەن دیوەخان و هوشیار زۆر بایەخیان بەکەشکۆڵ و دەستنووس داوە، میرزای باشیان تەرخانکردووە بۆنووسینەوەیان ، هەردیوەخانێك کەشکۆڵی باش ودەسنووسی بەچێژ و بەکەڵکی هەبووبێ ، شەیدایانی وشەی بێ گەرد ڕوویان تێ کردووە ، دوای کەمێك هەڵکشانی شەوانی پاییزو زستان گوێیان لە میرزای کارامە گرتووە ، ئەویش بەچەند ئاوازێکی تایبەت بەخوێندنەوەی هۆنراوە ، هەست و بۆچوون و وێنەی جوانی هەناو و دڵ و ئاوەزی شاعیرە مەزنەکانی پێشکەش بەدانیشتووان کردووە ، ئەوانیش کلپەی ئەشق لەهەناویان بەر بووە، زۆریشیان کانیلەی جوان و شیرینی هۆنراوە و نووسینیان تەقیوەو هاتوونەتە مەیدانە فراوانەکەی شیعرەوە .

ئەوکەشکۆڵ و بەیازانە ئەوەندە بایەخداربوون لەگیان و سەروماڵ لەپێشتر بوون ، بەرگی چەرمی زۆر باشیان بۆ کراوە ، لەکۆچی گەرمیان و کوێستان و دێ بەدێ وشاربەشاردا وەکو بیلبیلەی چاو پارێزراون .

یەکێ لەو پیاوە مەزنانەی کوردەواریمان کەبایەخی زۆریان بەکەشکۆڵ وبەیاز داوە (حاجی مەحموود یار وەیس)ە، کە لەپاڵ ناوی خۆیدا خێرا ناوی کەشکۆڵ و بەیازەکەی هێنراوە .

## چۆن کەشکۆڵەکەی (حاجی مەحموود یاروەیس) م پێ سپێردرا:-

کەماڵمان لەگەڕەکی ڕزگاری بوو، لەئاخروئۆخری ساڵی (١٩٩٤)دا، یادی بەخێربێ مامۆستا(عەبدولقادری دەباغی) هات بۆلام و وتی : کاك

(نەوشیروان مستەفا) کارێکی ئەدەبیی پێت هەیە ، ئەگەر کاتت هەیە باچین بۆلای .

کە چووین بۆلای کاک (نەوشیروان) زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ کردین : پاشان کتێبێکی قەوارە گەورەی دایە دەستم و وتی : ئەمە فۆتۆکۆپیی کەشکۆڵەکەی (حاجی مەحموود یارومیس)ە کەباپیرە گەورەی کاک(شەوکەتی حاجی موشیر)ە ، دەمێکە لای منە ، لەهۆنراوەکانی (سالم) دا زۆرکەڵکم لێ وەرگرتووە ئەگەر دەتوانی بەشە کوردییەکەی ساخ بکەرەوە ، بۆ بەشە فارسییەکەش مامۆستا(عەبدولقادری دەباغی) بڕیاری داوە ساخی بکاتەوە .

منیش بەسوپاسەوە لێم وەرگرت و ڕێککەوتین کە چەند مانگێ لام بێ تا بزانم تا چ ڕادەیەك دەتوانم کاری تیا بکەم . ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کەبەڕێز کاك(نەوشیروان مستەفا) زۆر مشووری ساخکردنەوەی کەشکۆڵەکەی بوو.

پاش نزیکەی شەش مانگێ بەڕێز کاك(شەوکەتی حاجی موشیر)م دی و باسی فۆتۆکۆپیی کەشکۆڵەکەمان کرد بەڕاستی بەدەگمەن کەسێکم دیبێ ئەوەندەی ئەو مەراقی ساخکردنەوەی کەشکۆڵ و دەسنووسی بنەماڵەی باپیرانی هەبێ . لەهەمان کاتدا تکام لێ کرد کەشکۆڵە ئەسڵەکە بدۆزێتەوە و بەگەرمی سۆراخی بکات . دڵنیای کردم کەدەمێکە بەهەموو بنەماڵەکەیان خەریك وسەرگەرمی دۆزینەوەی کەشکۆڵەکەن . من بەردەوام خەریکی ئیشی خۆم بووم ، تا ئەوە بوو، لەم دواییەدا کەشکۆڵە ئەسڵەکە دۆزرایەوەو هاتەوە باوەشی بنەماڵەی (حاجی مەحموودی یارومیس) .

## کەشکۆڵەکەی حاجی مەحموودی یاروەیس :-

ئەم کەشکۆڵە (٢٩٨) لاپەڕەیە ، تێکڕا درێژی لاپەڕەکان (١٢سم) و پانیشیان (١٠,٥ م)ە . بەخەتی نەستەعلیق و شکستەی فارسی نووسراوەتەوە . لەخەتەکەدا دیارە کە سێ کەس نووسیویانەتەوە، زۆربەی بەشی زۆری خەتێکی زۆر نایابە ، بەشێکیشی بەخەتێکی جوان نووسراوەتەوە ، بەشێکی کەمیشی بەخەتێکی مام ناوەندی نووسراوەتەوە . تەنیا لە لاپەڕە(٦٨) دا ناوی بنووسێکی تیایە ، نووسراوە (تمت شد أز دست سيد محمد رشيد) ، واتە (بەدەستی سەید محەممەد ڕەشید تەواو بوو) .

لە یەکەمین لاپەڕەدا کاك (عەلی حسێن بەگی جاف)یش وای نووسیوە: وەکو(عوسمان هۆمەر ئەڵێت ئەم نووسینانەی ئەم کەشکۆڵە بە پێنووسی (مەحموودی یاروەیس) ی باپیری و (حەمەی مەنسووری یاروەیس) ی مامەیەتی . ١٩٧٢/٨/٢٦ سلێمانی ) .

ئەم کەشکۆڵە جزوبەندێکی زۆر باشی بۆ کراوە ، بەرگێکی چەرمی قایمی بۆ کراوە ، بەڵام بەداخەوە لەبەر دەستەو دەست و هەڵدانەوەی زۆرو ڕۆژگارو شێ ، لاپەڕەکانی زۆر تەنك و لاواز بوون ، لە هەندێ شوێنیا یان دەرناکرێ ، یان زۆر بە زەحمەت دەخوێنرێتەوە ، هەروەها شوێنەواری داخورانیشی باش پێوە دیارە .

## ناوەڕۆکی کەشکۆڵەکە:-

لە ناوەڕۆکی ئەم کەشکۆڵەدا دەردەکەوێ کە خاوەنی کەشکۆڵ سەرەڕای

ئەوەی شاعیر بووە ، زۆر بایەخی بە بەرهەمی شاعیرە مەزنەکانمان داوە و دیوانەکانی کۆکردوونەتەوە ، دیوانی مەولەوی ، نالی ، سالم بەشێوەیەکی زۆر باش تۆمارکراون ، ئەمە سەرە ڕای هۆنراوەی گەلێ شاعیری ناوداری زمانی فارسی . وێڕای بەرهەمی ئەم شاعیرانەی ساخم کردوونەتەوە ، هەندێ هۆنراوەی بێسارانیش تۆمارکراون .

**بەرهەمی شاعیران و بەراوردکردن:-**

لەبەرئەوەی ئەم کەشکۆڵە سەدو پەنجا ساڵ پترە دەست بە نووسینەوەی کراوە ، بەسەرچاوەیەکی زۆر گرنگ و باوەڕ پێکراو دادەنرێ . جا لەبەرئەوە لە پیا چوونەوە و بەراوردکردنی بەرهەمی شاعیرەکاندا کە بەرهەمیشیان لەم کەشکۆڵەدا هەیە ، کەڵکێکی ئێجگار زۆر وەردەگیرێ . هۆنراوەیەك کە لە دیوانی شاعیرێکا بڵاونەکرابێتەوە ، جیاوازی نێوان دەقی هۆنراوەیەك ، یان چەند دێڕێك ، ئەمانە هەموویان ساخ دەکرێنەوە . بۆ خۆم لە ئەنجامی گەڕانی زۆرمدا بەگوندو ناوچەکانی هەورامان و ناوچەکانی تری کوردەواریدا بەرهەمێکی زۆر و بەکەڵکی شاعیرانی کوردم کۆکردبووەوە ، داخەکەم لە کۆڕەوەکەی بەهاری ساڵی(١٩٩١) دا ، کەماڵم لە ساحەی ترایەکەی گەڕەکی ڕزگاری بوو ، ماڵەکەم تاڵانکراو پێش هەموو شتێ کتێبخانەی سی ساڵم گەسك درابوو ، ئەگەر وانەبوایە ئێستا کەشکۆڵ و دەسنووسی زۆرترم لەبەردەستا دەبوون و کەڵکی زۆر ترم لەم کەشکۆڵە وەردەگرت .

لە بەراوردکردنی هەردوو دیوانی (مەولەوی و نالی) دا ، کەیەکەمیان مامۆستای پایە بەرز (مەلا عبدالکریمی مدرس) و دووەمیان مامۆستا

(مەلاعبدالكريمی مدرس و فاتح و محمد-ی کوڕی) بە چاپیان گەیاندوون چەند تێبینییەکی کەمم تۆمارکردوون ، بە وتارێ تەواو دەبن ، بەڵام کە بەراوردی دیوانەکەی (سالم)م لەگەڵ دیوانی ناو کەشکۆڵەکەدا کرد ، سەرنجمدا جیاوازییەکان ئێجگار زۆرن . ئەو هۆنراوانەی لە دیوانەکەی (سالم) دا ، کە مامۆستای خوالێخۆشبوو (گیوی موکریانی) لە چاپیداوە ، نەبوون ، دەرمهێنان و تۆمارمکردن ، بۆ بەراوردکارییەکەش وام بە باش زانی خشتەیەك بکەم ، ئەوی چاپەکەش و هی کەشکۆڵەکەش بەرامبەر بەیەك تۆمار بکەم لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەی هەردوولادا . گومانی تێدا نییە ئەم هەنگاوە بۆ ساخکردنەوەی دیوانی (سالم) زۆر بەکەڵکە .

## زنجیرەی بەرهەمی شاعیرەکان:-

لە تۆمارکردنی بەرهەمی شاعیرەکاندا پەیڕەویی ئەوەم کردووە کە ئەو لاپەڕانەی کەشکۆڵەکە تۆماربکەم هۆنراوەکانیان تێدان . لە پاش و پێشکردنیشیانا بەهیچ جورێ ڕەچاوی ئەوەم نەکردووە کە هیچ کامێکیان لەوی تر لەپێشتر بگرم ، تەنیا مەبەستم هەر ئەوەیە کە ئەم بەرهەمە ڕەنگینانە بخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز ، دیارە کە پێناسەی هەموو شاعیرێکیش لە بەرهەمەکانیا دەردەکەوێ . هەر شاعیرێ لە بارەی ژیانیەوە زانیارییەکم دەستکەوتبێ نووسیومە ، ئەوەیشی لە بارەی ژیانیەوە هیچم بۆ ساخ نەکرابێتەوە ، هەر ناوەکەیم نووسیوە .

## ساخکردنەوەی بەشی کوردییەکەی:-

لەبەر ئەوەی لەبەر فۆتۆکۆپیی دەسنووسەکە هۆنراوەکانم ساخکردنەوە کارەکەم تووشی دووجار دژواری بوو . ئەو شوێنانەی ناو کەشکۆڵەکە ،

که کۆژابوونەوە ، دەرنەچووبوون ، ئەوانەشی کە زۆر کاڵەو بوو بوون، دیسانەوە نەخوێندرانەوە و بەدەگمەن و تاکەو تاك چەند وشەیەکیان بە زەرەبینی گەورە دەرکران . باش بوو دە ڕۆژێ بەر لە دەستکردن بە چاپ ، کەشکۆڵە ئەسڵەکە دۆزرایەوە و بۆ ساخکردنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو شوێنانە کەڵکی زۆرم وەرگرت . لەگەڵ ئەوەشا دڵنیام کە بە تەواوی نیشانم نەپێکاوە ، چونکە هیچ کەسێ نییە لە هەڵەوە بە دوور بێ ..

لێکدانەوەی وشەکان و فەرهەنگۆك :-

بۆ چوونێ هەیە ، گوایا پێویست بە لێکدانەوی وشە ناکات ، ئەوەی مەبەستیەتی باخۆی ماندووبکات و وشەی زارەکانی تر تێ بگات وفێریان بێ.

بۆ ئەو بۆچوونە دەڵێم : گومانی تیا نییە فەرهەنگ لە ئەنجامی تێ نەگەیشتن و دەرنەکردنی واتای وشەو زمانەوە هاتۆتە کایەوە ، خۆ لەم سەردەمانەدا بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە بایەخێکی زۆر دراوە بە فەرهەنگی زمانی هەر گەلێ بە زمانەکەی خۆی ، بۆ نموونە فەرهەنگی کوردی بە کوردی ، عەرەبی بە عەرەبی و هتد . خوێنەریش مافی خۆیەتی بە یارمەتی لێکدانەوەی وشەکان لە هۆنراوەکان بگات،بە تایبەتی نامەخوا شێوە زارە کوردییەکان زۆرن و لە نێوان هەندێکیشیانا پانتاییەکی زۆر هەیە .

بۆ لێکدانەوەی وشەکان دوو ڕێگەم گرتنە بەر ، یەکەمیان لە پەراوێزدا دیارە شتێکی زۆر گران و زەحمەتە لەگەڵ هەموو وشەیەکا خوێنەر لاپەڕەکان هەڵبداتەوەو بچێ بەسەردەم فەرهەنگۆکەوە . ڕێگەی دووەمیشم ئەوەبوو لە کۆتاییدا فەرهەنگۆکم بۆ کرد بۆ ئەوەی لە بواری فەرهەنگا شەیدایانی وشەی کوردی کەڵکی لێ وەرگرن .

## ساخکردنەوەی ناوی شاعیران :-

ئەو بویژانەی سەوداسەری میژووی ئەدەب و ساخکردنەوەی کەشکۆڵ و دەستنووسەکانن زۆر جار تووشی سەریەشەی ساخکردنەوەی بەرهەمی شاعیران دەبن و دڵنیا نین کە ئەو بەرهەمە هی کێیە ، چونکە زۆر جار چەند نازناوی وەك یەك دێنە کایەوە ، نە سەردەمی ژیان و نەناوی باوك و نە ناوچەکانیان تۆمار نەکراون ، بۆیە گەلێ جار بەرهەمی یەکێکیان دەدرێتە پاڵ ئەوی تر ، بە ڕاستی جیاکردنەوە و ناسینەوەی بەرهەمەکانیان کارێکی سەخڵەتە ، بە تایبەتی ئەو هاونازناوانە دوا دێڕی هۆنراوەکانیان بە هەمان نازناو سەرمۆرکردووە .

بریا باو بوایە بەر لە نازناوەکانیان ناوی باوکیشیان ، یان گوند و شارەکانیان بنووسینایە بۆ ئەوەی ڕەنجی هیچ کامێکیان پەنا نەکەوتایە و بە ئاسانی بناسرایەتەوە .

وەك پێشنیارێکی دڵسۆزانەش ، جارێکی تر ئەم خۆزگەیە ، وەکو پێشنیارێك دەخەمە بەرچاوی نووسەران و شاعیرانی ئەمڕۆمان ، نەبادا ، خوانەخواستە ، هەمان چارەنووسی دژوار بێتە ڕێیان .

## هەندێ ساڵانی ڕووداوەکان لە کەشکۆڵەکەدا :-

بە پێویستم زانی بەجیا ساڵانی ناو کەشکۆڵەکە تۆمار بکەم ، چونکە دڵنیام لە کەڵك و سوود بەدەر نین ، لەبەر ئەوەی هەموو ساڵەکان ساڵی کۆچین ، بە باشم زانی لە سەرچاوەکاندا بەرامبەرەکەیان بە ساڵی (عیسایی) تۆمار بکەم تاکو سوودی ئەم هەنگاوە زۆرتر بێ .

گەلێك لەو ساڵانە بایەخێکی میژوویی تایبەتمەندیان هەیە و بەڵگەی

بەجێن، هەر بۆ نموونە دروستکردنی مزگەوتی بەڕێز (شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی) لە کەرکووك لە ساڵی (١٢٦٠) ی کۆچیدا بەرانبەر ساڵی (١٨٤٤)ی عیسایی کە حەزرەتی (مەولەوی) لە هۆنراوەیەکیا و بە حسابی (ئەبجەد) تۆماری کردووە ، خۆی لە خۆیدا پتر دەیسەلمێنێ کە ، کەرکووك لە مێژە شاری کوردان بووە و هەر شاری کوردانیشە .

هەروەها بۆ یەکەمین جارە بە بەڵگەوە ساڵی کۆچی دوایی (مەولەوی) لەسەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوی بێ گوماندا شاعیرانی هاوچەرخ و سەردەمی خۆی بە حسابی ئەبجەد تۆماریان کردبێ ، ئەوەتا خوالێخۆشبووان (حاجی مەحموودی یارۆمیس) و (شێخ قادری دەرەدزان) ئەو هەنگاوەیان ناوەوسەلماندوویانە کە (مەولەوی) لە ساڵی (١٣٠٠) ی کۆچیدا بەرانبەر بە ساڵی(١٨٨٢) ی عیسایی کۆچی دوایی کردووە .

<u>تێبینی:-</u>

١- مەرج نییە هەردوو ساڵی کۆچی و عیسایی دەقاو دەق وەك یەك دەرچن ، چونکە زۆر جار گەر بمانەوێ بزانین ساڵی کۆچی بەرامبەر بەکام ساڵی عیسایی دەوەستێتەوە ، سەیر دەکەین لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا چەند مانگێ ، زۆر ، یان کەم لە ساڵە عیساییەکەدا دەمێننەوە ، بە واتایەکی تر بەشێ لە ساڵە کۆچیەکان دەکەوێتە پشکی ساڵێکی عیسایی و بەشێکی تریشی دەکەوێتە پشکی ساڵێکی عیسایی تر ، بەم جۆرە جاری وا هەیە جیاوازیی حسابەکە ، یان ساڵێ کەمتر ، یان ساڵێ زیاتر دەردەچێ .

٢- وشەی (زایین) م پێ باش نییە ، دیارە زایین بۆ ئاژەڵ دەبێ ، (منالبوون)یش بۆ ئافرەتە ، لە (دایکبوون)یش کە بەرانبەر وشەی (میلاد) ی

عەرەبییە ، بۆ هاتنە دنیای منالە ، جا لەبەرئەوەی سالەکە وابەستە کراوە بە لەدایکبوونی (حەزرەتی عیسا) وە با وەکو پێشینانی نزیکمان وتوویانە ، هەر سالێ (عیسایی) بێ ، تەنانەت وەرگێرانی (میلاد) بە (زایین) هەڵەیەکی گەورەیە .

عوسمان محەممەد هەورامی

سلێمانی : ١-٩-١٩٩٨

==============================

## تێبینی :-

لە ئاخرو ئۆخری تەواوکردنی بەشی کوردی کەشکۆڵەکەدا بووم ، تکام لە بەڕێز کاك (شەوکەتی حاجی موشیر) کرد دەربارەی باپیرە گەورەیان (حاجی مەحموودی یاروەیس) شتێکم بۆ بنووسێ ،ئەویش زۆربە گەرمی کەوتە خۆ ،پاش ماوەیەك باسێکی زۆر خەست و چڕی بۆ ئامادەکردم. دوای دۆزینەوەی کەشکۆڵە ئەسڵەکەش لەو بارەیەوە باسێکی تری ئامادەکرد لەگەڵ هەنگاوەکانی ساخکردنەوەی فۆتۆکۆپییەکەداو ئامادەکردنی ئەم بەشەی کەشکۆڵەکە بۆ چاپ.

ئێستاش فەرموون لە گەڵ هەردوو باسەکانی کاك(شەوکەتی حاجی موشیر)دا...

# ١- كورتە باسێك دەربارەی

# ( حاجی مەحموود یاروەیس) و هۆزی یاروەیسی

(حاجی مەحموودی یاروەیس) کوڕە گەورەی ئەو(یاروەیس) ەیە کە تیرەی (یاروەیس)ی ناو عێلی (جاف) بە ناوی ئەوەوە ناونراوە . تیرەی یاروەیسی یەکێکە لە تیرە بنەڕەتییەکانی ناو عێلی جاف سەرجەم عەشیرەتەکە لە نەوەکانی یاروەیس پێکهاتووە . (یاوەیس کوڕی کەمال ، کوڕی یوسف، کوڕی ئیسماعیل،کوڕی مەلا ئەییووب)ە ، لە بنەچەدا لە ناوچەی (بنجۆ)ی سەر بە جوانڕۆی کوردستانی ئێرانەوە هاتوون .

(یاروەیس) پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار بووە ، لە ژیانیدا حەوت ژنی لە حەوت تیرەی جیاجیای ناو عێلی جاف هێناون ، نەوەی زۆری لێ کەوتووەتەوە ، کە پاشان تیرەی (یاروەیسی) یان پێکهێناوە.

حاجی(مەحموودی یاروەیس) کوڕە گەورەی (یاروەیس) بووە ، پیاوێکی زیرەك و کارامەو خۆشەویستی ناو جاف بووە ، لەبەر ئەوەی لە نەوەکانی باوکیەوە پەیوەندیی پتەوی خزمایەتی و تێکەڵیی لەگەڵ گشت عەشیرەتەکانی جافدا هەبووە ، (محەممەد پاشای جاف) و دوای ئەویش(مەحموود پاشا)ی کوڕی ڕێزی تایبەتییان لێ گرتووە ، وەکو ئەمیندارو ڕاوێژکاری خۆیان هەمیشە حسابیان بۆ کردووە و بۆ گشت کێشەیەکی ناو تیرەکانی عێلی جاف دەمڕاست و یاریدەدەری پاشا بووە و چارەسەری کردوون . گشت عەشیرەتەکان ڕێزی زۆریان لێ گرتووە.

(حاجی مەحموودی یارومیس) مرۆڤێکی هۆشیار بووە . لەسەر دەمی منالێدا مەلای تایبەتی بۆ گیراوە و پلەیەکی بەرزی خوێندەواری بەدەستهێناوە . شارەزاییەکی زۆر باشی هەبووە لە چارەسەرکردنی دەردو نەخۆشیدا بە دەرمان و گژوگیای سروشتی ، لە هەموو ناوچە و عەشیرەتەکانی جافەوە ڕوویان تێ کردووە و چارەسەری بۆ داناون .

(حاجی مەحموود یارومیس) شەش کوڕی بوون : (١- عەلی ٢- عومەر ٣- محەمەد ٤- فەتاح ٥- ئیسماعیل ٦- عەبدوڕڕەحمان) پاش مردنی (یارومیس) ، (حاجی مەحموود) ی کوڕی سەرپەرشتی هۆزی (یارومیسی) کردووە . لە سەردەمی کۆچەری و گەرمیان وکوێستانکردنی جافدا هۆزی یارومیسی لەوەڕگەی ئاژەڵ و شوێن وڕێی تایبەتی خۆیان هەبووە ، لەو شوێنانەدا هەوارگەیان هەڵداوەو لەو ڕێگایانەشەوە هاتوچۆیان کردووە. زستانان لە ناوچەی گەرمیانا بوون لە نێوان گوندەکانی (چەمە بسم اللە و زەماوەنگە) لە ناوچەیەك بەناوی (دۆڵە درێژ) کۆچیان خستوە،هەرلە گەرمیاندا چەند جار هەواری زستانەیان گواستوەتەوە نێوان گوندەکانی (کولە جۆ و بان ئاسیاو) شوێن لەوەڕگای خۆیان هەبووە . خاوەن هەزاران سەر(مەڕ و بزن) بوون ، دەیان (مایین و ئەسپ و هێستریان) هەبووە کە لە ناو عێلی جافا(ڕانەمەڕ) و (ڕەووگی) حاجی مەحموود یارومیس بەناوبانگ بووە.لە زاراوەی ناو عێلی جافدا مەبەست لە(ڕەووگ) واتە گەلێکی زۆر (مایین وئەسپ وهێستر) ... لەوەڕگەو شوێنی گیرسانەوەو حەوانەوە یان هەبووە . لە ناوچەی شارەزووریشا لە نێوان ڕووباری (تانجەرۆ) تا (شانەدەری) و (کانی سپیلکە) هەوارگەیان هەبووە. لە ناوچەی (شلێر) ی

(پێنجوێن) لە دەشتی (گەڵگەی لای بالیکەدەر بۆ شێرە) هەوارگەیان هەبووە کە بۆ کوێستانەکانی کوردستانی ئێرانیش ڕۆیشتوون ، لە ناوچەی (سەرشیوی سەقز) ەوە تا (سوڵتان ئاغزۆنی) و (دۆزەغەرە) و (پەلی زەل) و(گورچیدەر وکانی تەمر خان و تۆراخ تەپەی ئێلاخ) لەناوچەی دیواندەرە هەوارگەی هاوینەیان هەبووە . پاییزانیش بەهەمان ڕێچکەی خۆیاندا گەڕاونەتەوە بۆ گەرمیان .

(حاجی مەحموود یاروەیس) لەبەر وریایی و دوور بینیی خۆی زوو بیری لەوە کردووەتەوە کە لە ناوچەیەکی باش و بەرەکەتدارا نیشتەجێ ببێ . بۆ یەکەم جار کە وازی لە کۆچی گەرمیان و کوێستان هێناوە ، لە گوندی (نووەر) ی ناوچەی نەورۆلی ڕۆژئاوای هەڵەبجە نیشتەجێ بووە . پاشان پارچەیەك مولکی لە (کانی جانە) ی لای گوندی (پریس) ی نەورۆلی کڕیوە ، دوای ئەوە لە ناو هەڵەبجەدا پارچەیەك موڵکی بەکانیاوێکەوە کڕیوە و ئاش و باخێکی تێدا دروستکردوون ، تا ئێستاش لە شاری هەڵەبجەدا بە ئاش و باخی (مەحموود یاروەیس) بە ناوبانگە .

هەر لەو سەردەمانەدا کە لە (هەڵەبجە) بووە لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی تردا لە ئاوەدانکردنەوەی (هەڵەبجە)دا دەستی بالای هەبووە . لە نێوان گوندی (عەنەب) و (هەڵەبجە) شا پارچەیەکی تر موڵکی کڕیوە . هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا ، لە دەشتی شارەزووردا ، لە نێوان ناحیەی (خورماڵ) و(کێلە سپی) دا ، کە ئێستا پێی دەڵێن ناحیەی (سیروان)، بە لیرەی عوسمانی چوار جۆگە ئاو و زەوییەکی زۆری بەراوی بەپیت و بەرەکەتی کڕیون و لەسەر کوڕەکانی تاپۆی ڕەشی کردوون ،

جۆگەکانیش ئەمانەن:-

١- جۆگەی سەرگەتە جۆ:- سەرچاوەکەی لە ناوی گەنجاندایە لە ناو ناحیەی (خورمال) . بە بەشێکی زەوییەکانی ڕۆژئاوای (خورمال) دا و گوندی (تازەدێ) و گوندی (تەپی سەفای سەروو) دا ، تا سەر چەمی (کەندە قوول) ئەڕوات کە لە نزیك گوندی (بەشارەتی سەروو) دایە .

٢- جۆگەی تەوێڵە جۆ:- کە لە هەمان سەرچاوەی گەنجانی ناو (خورمال) سەرچاوە دەگرێ لە دامێنی سەرگەتەجۆوە جۆگەی بۆ لێداوە بە ناو زەوییەکانی لای (گردی چەقەڵئاوا) ی ڕۆژئاوای خورمال و بەرەو پشت گوندی (کولکنیی سەروو) دەڕوات ، لەوێشەوە بە ناو زەوییەکانی گوندی (تەپی سەفای خواروو) و گوندی (شەکرالی) دا دەڕوات تا دەگاتە چەمی (کەندە قوول) لە نێوان گوندی (خاك و خۆل) و (شەکرالی) دا . (کەندەقوول) بەو چەمە دەوترێ کە لە چەمی(بیارە) وە سەرچاوە دەگرێت و بە (دەرەقوول) ی خوار (بیارە) و لای گوندی (دەرە قەیسەر) و پاشان بەرەو باشوور ئەڕوات بۆ دەشتی شارەزوور ، بە نزیك دێهاتەکانی (خێڵی حەمە ، شەشکی سەروو ، بەشارەتی سەروو، شەکرالی) و لەوێشەوە بۆ لای گردی (تەپەکەل) ئەڕوات و ئەڕژێتە ناو ڕووباری (زەڵم) ەوە . ئەم (کەندە قوولە) جار جاریش بە(خڕی بیارە) ناو دەبرێ .

٣- جۆگەی شێخ مووسا:- لەسەرچاوەی گەنجان ولە پاشماوەی هەردوو جۆگەی (سەرگەتەجۆ و تەوێڵەجۆ) وەردەگیرێ ، جۆگەی بۆ لێداوە بە ناو زەوی و زاری گوندەکانی (کولکنیی سەروو ، کولکنیی خواروو) بەرەو زەوییەکانی پشت گوندی (گردی گۆ) ، پاشان بەرەو ڕۆژئاوا بە ناو

زەوییەکانی گوندی (تەپە تۆلّەکە) دا دەڕوات، دوایی ئەڕژێتە ناو ڕووباری زەلّمەوە .

٤- جۆگەی چۆلّمەك:- سەرچاوەکەی لە ڕووباری زەلّم هەلگیراوە ، جۆگەی بۆ کردووە بە خوار گوندی (گردی گۆ) دا ئەڕوات تا دەگاتە خوار گوندی (تەپەتۆلّەکە) و بەرەو ڕۆژئاوا ئەڕوات تا دەگاتە زەوی و زارەکانی گوندی(تەپەکەل) .

بەم شێوەیە (حاجی مەحموودی یارەویس) زەوی و زارو سامانێکی زۆرو گرنگی بۆ نەوەکانی بەجێهێشتووە و خەلّکی ناوچەکەو سەدان جووتیار لە سەرئەو زەوییە ئاوەدانکراوە بەراوانە نیشتەجێ بوون و گوندەکانیان ئاوەدانکردوونەتەوە . هەر لە ژیانی خۆیدا(مەحموود پاشای جاف) داوای لێ کردووە لە جۆگەی (تەوێلّەجۆ و چۆلّمەك) دا بیکاتە بەشدار ، ئەویش داواکەی هێناوەتەدی . هەروەها (حاجی مەحموود یارەویس) جەنابی شێخ عەلی حیسامەددینی نەقشبەندی) ی لە جۆگەی (سەرگەتەجۆ)دا بەشدار کردووە .

چەند جارێ چووە بۆ (ئەستەنبوول) . هەر لە و دوا دواییەی دەسەلاّتدارێتیی عوسمانیدا تاپۆی ڕەشی بۆ هەموو مولّکەکانی دەرهێناوە، هەموو تاپۆکان تا ئێستاش ماون . وەکو باسمان کرد(حاجی مەحموودی یارەویس) خوێنەوارێکی زۆر باش بووە ، بە شێوە زاری سۆرانی و هەورامی و زمانی فارسی هۆنراوەی داناوە. شیعر دۆستێکی زۆر ناوداربووە ، پەیوەندییەکی زۆر پتەوی دۆستانەی لەگەلّ شاعیری گەورەی کوردا حەزرەتی (مەولەوی) هەبووە و گەلێ هۆنراوەی ئەوی کۆکردوونەتەوە

. زۆر حەزی لە کۆکردنەوەی دیوانی شاعیران کردووە . ئەوەی لای ئێمە ڕوون بێت دوو کتێبی دەستنووسی لێ بەجێ ماون ، یەکێکیان (بەیاز) ەکەی بووە ، کەوتبووە لای نەوەکانی ، بە خەتێکی جوانی شکستەی فارسی نووسرابووەوە ، لەسەر دەمی هێرشی ڕەشی حکوومەتی (عەبدولکەریم قاسم) دا بۆ سەر کوردستان لای (عەزیزی فەتاحی حاجی مەحموود یارەویس) بووە ، بە داخەوە لە هێرشەکەی زەعیم صدیقی جەلالدا ، ساڵی ١٩٦٣ بۆ سەر شارەزوور لە ناو شاری هەڵەبجەدا سەرنگوون بووە و تا ئێستاش نازانین کەوتووەتە کوێ . دەستنووسەکەی تریشی (کەشکۆڵە) کەیەتی ، کە بە (کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یارەویس) بەناوبانگە ، پاش چەندان دەستەو دەست پارێزراوەو ماوەتەوە گەلێ شیعری خۆی و چەندان شاعیری ناوداری کوردی تیا تۆمارکراون . سەرەڕای زمانی کوردی و فارسی ، خاوەنی کەشکۆڵ ئاشنایەتیی لەگەڵ زمانی تورکیشا هەبووە.

# ٢- دۆزینەوەی کەشکۆڵەکەی

# (حاجی مەحموودی یاروەیس)

وەك لە پێشا باسکرا ، (حاجی مەحموودی یاروەیس) شەش کوڕی هەبوون،یەکێ لە کوڕەکانی ناوی (عومەر) بووە ، کە بە (هۆمەر) بانگکراوە و ناوبراوە . دووان لە کوڕەکانی (هۆمەر) خوێندەوار بوون و لە شیعرو ئەدەبیشا شارەزابوون . کوڕە گەورەکەیان ناوی (حەیدەر) بووە ، دوای حەجککردن بە (حاجی حەیدەر) ناسراوە. ئەم پیاوە زۆر وشیارو خاوەن پلەو پایەیەکی باڵا بووە و لە ناو کۆڕو کۆمەڵدا ڕێزی تایبەتی لێ نراوە . لە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبیدا چاك شارەزابووە .

(گولستان و بۆستانی) شێخی سەعدی خوێندبوون و لە بەری بوون . دەسنووس و بەیازی دێرینەی باشی لابوون کە زۆر کەڵکیان لێ وەرگیراوە ، یەکێ لەوانە ئەم کەشکۆڵەی باپیری ، واتە (حاجی مەحموودی یاروەیس). لەبەرئەوەی بارودۆخی دێهاتەکانی ئەوسای شارەزوور ئارام و سەقامگیر نەبووە ، بۆ ماوەیەك کەشکۆڵەکەی بردووەتە (هەڵەبجە) ولە ماڵی (خەدیجە) ی خوشکی ، کە ژنی (حاجی ناجی مرادخان) ی هەڵبجەیی بووە ، لەوێ پارێزراوە. حاجی ناجیش پیاوێکی ناسراو و خوێندەوار و خاوەن دیوە خان بوو .

لەبەرئەوەی دوای شەش ژن (حاجی حەیدەر) لە منالٚ بێ بەش بووە ، دوای مردنی هیچ منالێ لە پاش بەجێ نەماوە ، زوربەی کتێبخانەو

دەستنووسەکانی کەوتوونەتە لای (عوسمان) ی برای ، کەدوای حەجکردنی بە (حاجی عوسمانی کوڕی هۆمەری حاجی مەحموودی یاروەیس) بەناوبانگ بوو . ئەویش وەکو (حاجی حەیدەر) ی برای پلەیەکی باشی خوێندنی بەدەستهێنابوو . پیاوێکی ناودار و ناسراو و خاوەن ڕێزی ناو کۆڕو کۆمەڵ بوو ، زۆر کراوە و قسە خۆش و خاوەن هەڵوێستی پیرۆزی کوردایەتی بوو . زۆر بایەخی بە کتێب و دەسنووس دەداو گەلێ مشووری پاراستنی ئەو دەستنووسانەی دەخوارد کە کەوتبوونە لای ، بە تایبەتی دوای ساڵی (١٩٦١) کە جەنگ و پێکدادان لە نێوان کوردو ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا سەری هەڵدا و ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجەش زۆر جار مەیدانی شەڕو پێکدادان و سووتاندن و دەربەدەری و ئاوارەیی بوون ، (حاجی عوسمان) زۆربەی کتێبەکانی لە شارەزوور نەهێلان و بڵاوەی پێ کردن ، لای خەڵکی ئەمین و دڵسۆز شاردنیەوە ، بەتایبەت کەشکۆڵەکەی باپیری ، واتە (حاجی مەحموودی یاروەیس) . ئەوەبوو لە ساڵی(١٩٦٤)دا بردی بۆ بەغداد ، لە کتێبخانەی (حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف) دا بە ئەمانەت داینا .هەر ئەوسا نوسخەیەکی لێ فۆتۆکۆپی کردو بە جیا هەڵیگرت . دوای ئەوەی نەیتوانی ئەویش باش بپارێزێ پێشکەشی کرد بە زانکۆی سلێمانی ، کە زانکۆی سلێمانی گوازرایەوە بۆ هەولێرو بووبە زانکۆی (صەلاحوددین) فۆتۆکۆپیی کەشکۆڵەکەش کەوتە کتێبخانەی زانکۆی ناوبراوەوە .

پاش کۆچی دوایی (حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف) لە بەغدا ، (حاجی عوسمان) کەشکۆڵە ئەسڵییەکەی لە بەغداوە هێنایەوە شارەزوور و بە

ئاگاداری (مەلا طاهیر)ی کوڕی ، ئەم کەشکۆڵەی بە ئەمانەت داوەتە دەست خوالێخۆشبوو (مەلا مارفی سلێمان) کە بە (مەلا مارفی گامێش تەپە) ناسرابوو، ناوبراو مەلایەکی تەواو زاناو کوردپەروەرو نیشتمانپەروەری ناوچەی سلێمانی بوو ، خەڵکی گوندی (گامێش تەپەی) لای (سەید صادق) بوو لە شارەزوور ، لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەریی ، زۆرجار دەزگاکانی دەسەڵاتدارێتی عیراق دەیانگرت و سزایان دەداو زیندانیان دەکرد.

لە دەوروبەری ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥) دا ، (حاجی عوسمان) (مەلامارف) ی هێنایە گوندی (تەپی سەفا) و کردی بە مەلای مزگەوتەکەیان . (مەلا مارف) کتێبخانەیەکی بەنرخی هەبوو ، ئەم کەشکۆڵەشی تیا پاراستبوو . (حاجی عوسمان) دوای کۆڕەوە بە ناوبانگەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) ، لەگەڵ خزمەکان و کەسوکاریا بەرەو سنووری ئێران ڕۆیشتبوون ، لە مەرزی (تەوێڵە-نەوسوود) دا ، لەبەر قەرەباڵغی و سەرما و سۆڵەو بێ شوێنی و بێ حەوانەوە ، هەر لە ناو ئوتومبیلدا مابوەوە و تووشی نەخۆشیی سەخت و دژوار هاتبوو ، دوایی لە ڕۆژی (١٩٩١/٤/٢٥) دا، لە تەمەنی (٩٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە (بیارە) بە خاك سپێردرا .

(مەلا مارفی گامێش تەپە)ش لە ساڵی (١٩٩٣) دا کۆچی دوایی کرد .

پاش ئەم دوو ڕووداوانە ئیتر هەموو بنەماڵەی (حاجی مەحموود یارەیس) خەمی کەشکۆڵەکەمان لێ هات و نەماندەزانی چی بەسەرهاتووە و لە کوێیە . زۆرجار دەدرا بە گوێمانا گوایا براوەتەوە بۆ بەغدا ، یان لە زانکۆی (صەلاحوددین)ە ، یان لە شاری سلێمانیدایە ، من خۆم چەند جارێ خەڵکم

نارد بۆ بەغدا ، لەو کتێبخانانەی کە گومانمان هەبوو پرسیاریان کردبوو، پەیوەندییان بە زۆر کەسەوە کردبوو ، لە هەولێرو سلێمانی کتێبخانەی هەردوو زانکۆکە گەڕام ، زۆر کتێبخانەی سلێمانیش گەڕام هیچم چنگ نەکەوت ، بە تایبەت خولیای ئەوە کەوتبووە سەرم کە ئەگەر بەر دەستم کەوێ هەوڵ بدەم بە چاپی بگەیەنم.

لە ساڵی (١٩٩٤) دا بە ڕێکەوت لەگەڵ کاک (عەلی بەگی حسێن بەگ) دا باسم کرد ، وتی: لە بەغدا نوسخەیەکی فۆتۆکۆپیی تری لەسەر گیراوەتەوە، ڕەنگە لای یەکێ لە خزمەکانی منیش بێ ... زۆر تکام لێ کرد بۆم بهێنێ . پاش ماوەیەك هاتەوە و بەڵێنەکەی بردە سەرو بۆی هێنام ، زۆر سوپاسم کرد . هەر ئەوکاتە ئەو نوسخەیەم برد بۆ لای بەڕێز (د. کەمال فوئاد) بەو مەبەستەی شتێکی لێ ساخ بکاتەوە ، چونکە هەمووی خەتی شکستەی فارسی بوو ، لەسەر شێوەی زۆر کۆن نوسرابووەوە . بۆ ماوەی یەك مانگ زیاتر هەوڵمان دا هیچمان بۆ ساخ نەبووەوە . پاشان لەگەڵ بەڕێز (کاك نەوشیروان مستەفا) دا قسەم کرد ، زۆری پێ خۆش بوو ، داوای کرد نیشانی بدەم ، منیش بۆم برد . ماوەیەکی زۆریش لای کاك (نەوشیروان) بوو بێجگە لە چەند هۆنراوەیەکی (سالم) ، کە وتی زۆر گرنگ بوون و سوودی لێ وەرگرتوون و تا ئێستا نەبینراون ، شتێکی ئەو تۆی بۆ ساخ نەبووەوە .

هەر لە سەر پێشنیاری کاك (نەوشیروان مستەفا) کە وتی : تەنها بەڕێز (مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی) ئەتوانێ ئەم کەشکۆڵە ساخ بکاتەوە ، منیش ڕازی بووم . خۆی ناردبووی بە شوێن (مامۆستا عوسمان) دا و



کتێبخانەی گشتی سلێمانی
زنجیرە ١٢٧٦

کەشکۆڵە فۆتۆ کۆپیکراوەکەی پێ دا بوو . منیش پاش ماوەیەك چاوم کەوت بە (مامۆستا عوسمان) ، زۆر سوپاسم کردو تکام لێ کرد کە کەشکۆڵەکە ساخ بکاتەوەو ئامادەی بکات بۆ چاپ . ئیتر لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە لای (مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی) یەو ، لەو ساڵەشەوە بەردەوام بە دوای هەواڵی کەشکۆڵە ئەسڵییەکەدا گەڕاوم .

دوای چەند جارێ لەگەڵ ( مامۆستا عوسمان) دا سەری یەکترمان دابوو ، لە سەرەتای مانگی ١٩٩٨/٨ دا ڕۆژێکیان هاتە لام و وتی : بەشی کوردییەکەی کەشکۆڵەکەم ساخ کردووەتەوە ، بەڵام لە زۆر شوێنا خەتەکە زۆر کاڵەو دەرناکەوێ ، لە هەندێ شوێنیشا هەندێ وشەو دێڕ بە جارێ ڕەش دەنوێنن ... بە ڕاستی زەحمەتێکی زۆری لەگەڵا کێشابوو . ئەو شوێنانەی بۆی ساخ نەکرابوونەوە بە بۆشی هێشتبوونیەوە ... منیش هەر لە هەوڵدانا بووم بۆ دۆزینەوی کەشکۆڵە ئەسڵییەکە ، تا ڕۆژی ١٩٩٨/٨/١٢ دا بیستم لە سندووقێکی تایبەتی ماڵی خوالێخۆشبوو (مەلا مارف) دا چەند کتێب و دەستنووسێك هەن ، پێش مردنی وەسیەتی کردووە ئەوانە بپارێزن . منیش چاوم کەوت بە (بەهادینی کوڕی مەلا مارف) ، زۆر تکام لێ کرد کە ئەو سنووقەکە بگەڕێت بەڵکو کەشکۆڵەکەی تێدابێت ، پێم وت : وا چاپی دەکەم ، هەندێ وشەو دێڕی فۆتۆکۆپییەکە ساخ نەکراوەتەوە. باش بوو کە ڕۆیشتبوو گەڕابوو کەشکۆڵەکەی لە سنووقەکەدا دۆزیبووەوە و بۆی هێنام بۆ سلێمانی ، منیش لە ڕادە بەدەر سوپاسم کردو گەلێ پێم خۆش بوو کە ڕەنج و هەوڵەکەم سەریان گرت ،... بەم جۆرە دوای چەند ساڵ ونبوون بێ سەرو شوێنی ، کەشکۆڵە ئەسڵەکەی (حاجی

مەجموودی یاروەیس) دۆزرایەوە و بە ڕەنج و کۆشش و شەونخوونیی دوورو درێژی بەڕێز(مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی) هەموو بەشە کوردییەکەی ساخ کرایەوە و بە چاپمان گەیاند .

دیارە کە ئەم کەشکۆڵە بەرهەمی ڕەنجی خوالێخۆشبوو (حاجی مەحموودی یاروەیس) ی باپیرە گەورەی ئێمەیە ، کە لەو سەردەمەدا خوێندەوار زۆر دەگمەن بووە و زۆر کەم بیر لە کۆکردنەوەی شیعرو ئەدەب کراوەتەوە . ئەو شیعرە پڕ تام چێژە ناسکانەی خودی (حاجی مەحموود یاروەیس) ڕادەی بلیمەتی و بەهرەی ئەو مرۆڤە پایە بەرزە دەردەخەن ، بێ گومان لەو ڕۆژگارانەدا وێنەی زۆر کەم بووە ، بە تایبەتی لە ناو عەشایری کۆچەری کوردەواریدا .

بێ گومان هەرگیز هەوڵ و دڵسۆزی و ماندووبوونی بەڕێز (مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی) لە یادناکەین کەبۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ زەحمەتی کێشا لەگەڵ فۆتۆ کۆپیی کەشکۆڵەکەداو توانی بەشە کوردییەکەی ساخ بکاتەوەو بەم شێوە جوانەی ئێستا بەرهەمێکی بەنرخ پێشکەش بە شەیدایانی وشەی پیرۆزی کوردی بکات ، لە ڕاستیدا زمان کۆڵە لە ئاست ماندووبوون و دڵسۆزی ئەم بەڕێزەدا ، ئومێد ئەکەم خوا تەمەنی درێژبکات بۆ خزمەتی ئەدەبی کورد هیواداریشم گشت خوێنەرانی بەڕێز بە چاوی ڕێزەوە بڕواننە خەڵکانی وەك (مامۆستا عوسمان) ، کە گەنجینەیەکی گرنگی گەلی کوردن .

ئومێدەوارم ئێمەش خزمەتێکی باشمان کردبێت ، بەوەی ئەم کەشکۆڵەمان لە فەوتان ڕزگارکردو بەشێکی زۆری خرایە سەر خەرمانی

شیعرو ئەدەب و کتێبخانەی کوردەواری ، ئەرکی سەرشانی خۆمان بەم شێوەیە جێبەجێکردو جارێکی تر ناوی پایە بەرزی نەمر (حاجی مەحموود پارەویس) ، سەرەڕای شێوەی کۆمەڵایەتی و عەشایری ، وەکو ئەدیب و شاعیرو خاوەن کەشکۆڵی مەزن و بەنرخ کەوتەوە بەرچاوی دڵسۆزانی گەلەمان .

شەوکەتی حاجی موشیر

سلێمانی ٢٨-٨-١٩٩٨

==================================

لەسەر داواكاریی خۆم تكام لە كاك (شەوكەت) كرد چەند دێڕێ لە پێناسەی خۆیمان پێشكەش بكات ئەویش ئەم چەند دێڕەی نووسین ، زۆر سوپاسی ئەكەین .

ناوم (شەوكەت كوڕی حاجی موشیر كوڕی محەممەد كوڕی حاجی مەحموود یاروەیس)ە . باپیرمان (محەممەد كوڕی حاجی مەحموود یاروەیس)ە،لە یەكەم جەنگی جیهانیدا ، كە سوپای ڕووسیای قەیسەری لە ئێرانەوە تا سنوورەكانی كوردستانی عێراقی داگیركردووە ، سەركردەی یەكێك لە هێزەكانی ئەوسەردەمەی لەشكری عەشایری جاف بووە . لە شەڕێكی زۆرسەختی نێوان لەشكری جاف و ڕووسەكاندا لە نزیك پێنجوێن ، لەسەر سنووری ئێران شەهید كراوەو لە گۆڕستانی گەورەی پێنجوێن بە خاك سپێردراوە ، ئێستەش گۆڕەكەی بە ناوی (محەممەدی غەزایی) ناسراوە.



شینی ( حاجی مەحمود یاروەیس ) بۆ ئەوڕەحمانی کوڕی



مەولەوی سالّی دروست کردنی مزگەوتی شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی لە کەرکوك تۆمار کردووە، (١٢٦٠)ی کۆچی، بەرامبەر بە (١٨٤٤)ی عیسایی



بەڵگەنامەی موڵکی (حاجی مەحمودی یاروەیس) لە گوندی پریس بە فارسی نوسراوە، ناوی ئەو کەسانەی کە مۆریان کردووەو ساخکراونەتەوە:

عبدالله بەگ، قادر بەگ، قادر ئەفەندی ماڵ مودیری، پیرۆت محمد چاوەش، شێخ محمد چاوەش، شێخ محمد بیە لەنگە، وەستا محمد برادەری محمود، عبدالقادر شێخ محمد، شێخ اسماعیل تەکیەیی، سلیم یەعقوب، عزیز مارانی



بەڵگەنامەی مولکی (حاجی محمود یاروەیس) لە کوندی (پریس) لە ساڵی (١٢٨٨)ی کۆچی دا، بەرانبەر (١٨٧١)ی عیسایی، بە تورکی نوسراوە.

ناوی ئەو کەسانەی مۆریان کردووە: قایمقامی گوڵ عەنبەر (خورماڵ)، مصطفی بەگ عزیز بەگ، سەید عبدالسلامی نایب، قادر میرزایی عەمەلـە، صالح حاجی قادر، محمد برادەری محمود، عبدالله بەگ، علی بەگی ئیدارە، پیرۆت محمد چاوەش، قاضی: شێخ محمود ئەفەندی خەرپانی.

# سالم

## ١٨٠٠- ١٨٦٦

=============

ناوی (عەبدوڕڕەحمان کوڕی موحەممەد بەگی قەرەجەهەنەمی کوڕی ئەحمەد بەگی صاحێبقڕان)ە، ئامۆزای مستفا بەگی کوردییە ، لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە . وشەی (صاحێبقڕان) واتای (خاوەن نگین) دەبەخشێ . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شاعیرەمان زۆر دڵتەنگ و لاوازبووە و زۆربەی تەمەنی گیرۆدەی نەخۆشی بووە ، بەڵام بۆ خۆشی و دڵدانەوەی خۆی (سالم) ی کردووە بە نازناوی هۆنراوەی .

---

بۆ زانیاریی زۆرتر لە بارەی ئەم شاعیرە مەزنەوە ، بڕوانە :

(١) علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم ، ١٩٧١ ، لاپەڕە (٢٥٦) .

(٢) گیوی موکریانی ، دیوانی سالم ، چاپی دووەم ، ١٩٧٢ .

****** ****** ******

---

## * (١)

به تەدبیری مەعیشەت هەرکەسێ مەشغوولێ کارێکە
منی بێ مایە کارم مەشـــــقەلی سەودایییارێکە (١)

لە جەمعا لێم نەشێوێ گەر حسابی موو بە مووی زولـْفت
بە تاتا بیژمێرم عەتری هەر تایەکی تـــارێکە (٢)

بە حوکمی جاذبەی تۆ بوو گەڕانی من لە دنیادا
بەلێ (حبل المتين) ی میهری تۆش موحکمی مەهمارێکە (٣)

بە ڕاحەت موشکلە ژێر سەربنێم من دەستی ئاسایش
سەری زولفێکە دەستگیرم کە هەر موویەکی مارێکە (٤)

لـە دلـْما بازە بۆ حوسنی حەقیقەت دیدەیی باطن
مەلێن عەشقی مەجازم هەر لەبەر بۆس و کەنارێکە (٥)

==========================================

* ل (١١٧) .
(١) تـەدبیری مەعیشـەت:- ڕێکخستنی بژێوی . مەشــــــقەل:- تۆسـقاڵ .
سەوداییبار:- ئاشق .
(٢) تارێکە:- جۆرێکە.
(٣) جاذبە:- هێزی کێشکردن. حبل المتين:- تەنافی قایم . میهر:- سۆز .
موحکم:- قاییمکەر. مەهمار:- جوانی وەك مار .
(٤) ڕاحەت:- ئاسوودەیی . موشکلە:- زەحمەتە .
(٥) حوسنی حەقیقەت:- جوانی ڕاستی . دیدەی باطن:- چاوی دڵ . بۆس و کەنار:- ماچ و مووچ .

ئەگەر فەرضەن لە قالبْدا بە قووەت تابی فیلم بێ
کەمەندی ڕستواریی گەردنم لەو طوڕڕە تارێکە (٦)

لــە دەورانی مەحببەتدا بە عەهدێکت وەفا ناکەی
خیلاف و عەهدی تۆ (سالم) لەسەر شەرت و قەرارێکە (٧)

**** *** ****

==========================================================

(٦) فەرضەن:- گریمان . قالبْ:- دلْ ، لەش . تاب:- هێز . ڕستواریی:- ڕزگاری . طوڕڕە:- مۆری سەر لیرە . تارێکە:- تالْێکە .
(٧) مەحەببەت:- خۆشەویستی .

## * (٢)

ئەوەند باری لە چاوم ئەشکی خوونین
لە لالــە قرمزە ڕێی تێڕوانین (١)

لە ناو فرمێسکی چاوما منعکس بوون
گوارە و ڕوومەتت وەك ماهـ و پەروین (٢)

خودا بۆ خۆی دەزانێ چی دروستکرد
میانەت مـەوجووداتی كێوی تـەمكین (٣)

بەشەر بەم حوسنە مەخلووقی لە كوێ دی
" تعالی خـالق الانسان من طین " (٤)

دلّم تەسلیمی چاوت کرد بە شێتی
بەرم دا ، یەك كەبووتەر بوو ، دووشاهین

بلێم با حالّی دلّ چۆنە لە دەست چاو
موسولّمانێكە مەحبووسی دوو بێ دین (٥)

---

* ل (١١٨)
(١) ئەشکی خوونین:- فرمێسکی خوێناوی . قرمز:- سوور . (٢) منعکس بوون:- وێنـەیان دەرکـەوت . ماهــ:- مـانگ . پـەروین:- ئەسـتێرە . (٣) میانت:- ناوقەدت. مەوجوودات:- بوونەوەر .
تەمکین:- نگین وفەڕ.
(٤) مەزنی هەر بۆ خوایە وا مرۆڤی لە قوڕ دروستکرد .
(٥) مەحبووس :- بەند کراو .

حەلاوەت مایلی شۆڕە لە شەهدا
لەبی یارم نمەك كردوویە شیرین (٦)

موحیطی باغی ڕووتە چینی زوڵفت
كەسێ نەیدیوە ماری ڕەش بە پەرژین (٧)

شەوو ڕۆژ ذیكری (سالم) ئیسمی تۆیە
بە الحمد و بە طاها و و بە یاسین (٨)

*** ** ***

---

(٦) حەلاوەت:- شیرینی . مایل:- ئارەزوومەند . شەهد:- هەنگوین . لەب:- لێو
نمەك:- خوێ .
(٧) موحیط:- دەوراندەور .
(٨) ذیكر:- یاد . ئیسم:- ناو .

## (٣) *

(.... ) پرسی له دلڏارم به مەحضی ئیمتحان
بۆی عەیانکردم له وەزنا هەرچی مەعنی بوو نیهان (١)

پێی دەلێم ئەشکم ڕەواندی موو له ناو چاوما ، دەلێ
دێته بەر چاوت له عەکسی قامەتم نەقشی میان (٢)

شکلی شیعرێکم بینا نا ، لێوی لێ گرتم به قین
یەعنی ئەفزوون دەی له وەزنا هیچه ئەندازەی دەمان (٣)

ئەو دەلێ چی خۆشه ، هەربەی ، من دەلێم سەیری ڕوخت
پێم دەلێ چی دێته بەرچاوت ، دەلێم بـــاغی جینان (٤)

من دەلێم چی موشکی نافه ، ئەو دەلێ گێسوویی من
من دەلێم شمشادە قەددت ، ئەو دەلێ سەروی ڕەوان (٥)

**  ****  ***

---

* ل (١١٨، ١١٩) .

(١) مەحظ:-مەبەست . عەیانکردن:-ڕوونکردنەوە ، ئاشکراکردن . مەعنی: مەبەست . نیهان:- نهێنی .

(٢) عەکسی قامەت:- وێنەی بەژن و بالا .

(٣) یەعنی:- واته . ئەفزوون:- زیاد .

(٤) ڕوخ:- ڕوومەت . جینان:- بەهەشت .

(٥) موشکی ناف:- عەتری ناوکی جۆرە ئاسکێکی چینه . گێسوو:- پرچ ئەگریجە . شمشاد:- حەیزەران . سەروی ڕەوان:-دارسەرووی ڕاست ڕێك و بەرز.

هەر جەدەلمانە لەسەر ڕەسمی موژە و ئەبرۆیی تۆ
من دەڵێم شمشێرە و خەنجەر، ئەو دەڵێ تیرەو کەمان (٦)

ئەو وتی حاڵت چلۆنە ، من وتم تابم نەما
ئەو وتی چارت بەچی دێ ، من وتم وەصلی نیهان (٧)

ئیسمی وەصلم هات بە دەمدا ، بەستی ڕێگەی گفتوگۆ
پێی وتم (سالم) لە گوستاخی دەبێ ببڕی زبان (٨)

** **** ***

---

(٦) جەدەل:- مشتومڕ .
(٧) وەصل:- پێکگەیشتن .
(٨) گوستاخی:- ڕووساخی ، شەرم نەکردن .

## * (٤)
## تێهەڵکێش لەگەڵ (حافظ) دا

پووچە ناصح بە هەوای تەرکەت ئەگەر لێدا دەم
دانەنێم ئەم سەرە تا لەم ڕەهە ، زەحمەتە لادەم (١)

بەخودا تا دەمرم گوێ بە نەصیحەت نادەم
"فاش میگویم و أز گفتەی خود دلشادم "
بندەی عشقم و أز هرد و جهان آزادم " (٢)

دێتە قوڵ دڵ ، پڕە سینە بە ئەفسانەیی عەشق
ئـابدانی خەفەتە خـانە وێرانەیی عەشق (٣)

ڕەنگە هەر بێم و بەرم سوجدەی شوکرانەیی عەشق
" تا شدم حلقە بگوش در میخانەی عشق "
هـــردم آید غمی أز نـو بمبارکبـــــادم " (٤)

*** ***

---

* ل (١٣٠) .

(١) نـاصح:- ئامۆژگاریکەر . هـەوا:- ئـارەزوو . تەرکـەت:- وازهێنـان ،
ڕەهـ:- ڕێ .

(٢) ئاشکرا بانگ هەڵدەدەم و بە وتەی خۆیشم دڵشادم :-بەندەی ئەشقم و
لە هەردوو جیهاندا ئازادم .

(٣) ئابدانی خەفەتە:- بە خەفەت ئاوەدانە .

(٤) تا دەبمە ئەڵقە لە گوێی دەرگای مەیخانەی ئەشق ، هەمیشە خەمی نوێ
دێ بۆ پیرۆزباییم .

له جێیی عەدەم ئەو ڕۆژە کە من هاتمە وجوود
ویسعەتی خاکی دەرت خاطری کردم خۆشنوود (٥)

دووری خستم بەستەم حاجبی بەدبەختی حەسوود
" مـــن ملك بـودم و فردوس برین جایم بـود
آدم آب زد بــــدین دیر خـراب آبـــادم " (٦)

==========================================

(٥) عـەدەم:- نـەبوون . هاتمـە وجـوود:- لـە دایـك بـووم . ویسـعەت:- فراوانی . دەر:- دەرگا

(٦) من فریشتە بووم و بە هەشتی بەرین جێم بوو ، ئادەم ئاوەڕشێنی ئەم دیرە ویرانەیەی کرد.

## * (٥)

دلٚ له ناو چاهی زەنەختا قەت بە من نایە بیروون
حەپسی زیندانی نییە وەك تۆ چ کافر سەرنگوون (١)

وا دلی هێنامە جۆشش جونبوشی گێسوویی تۆ
ئۆف خودا دیسان صەبا بزواندی زنجیری جنوون (٢)

بەحسی لێوی لەعلــی تۆ بوو بەستی کانی مەتلەبم
من بە ئەو تەشنە مەکین ، ئەو تەشنەبوو بۆ من بەخوون (٣)

پێی دەلێم عاشقکوشی تــاکەی ، بەنەرمی دەلێ
با بپۆشێ ئاینەی گەردوون لە عەکسی بەرگی خوون (٤)

نەقدی جانم نرخی یەك ئیما تەلەبکەی حازرە
بۆ مەتاعی وا کەسێ ناکا لە بەیعا چەند وچوون (٥)

** **** ***

---

* ل (١٣٤)
(١) چاهی زەنەخ:- چالی چەناگە . نایە بیروون:- نایەتە دەرێ ، دوور ناخرێتەوە .
سەرنگوون:- بێ سەرو شوێن .
(٢) صەبا:-شنەی بەیان . جنوون:- شێتی .
(٣) مەتلەب:- داواکاری . تەشنەمەکین:- زۆر تینوو.
(٤) ئاشقکوشی:- ئاشقکوژی ، ئاشقکوشتن . ئاینە:- ئاوێنە . عەکس:- وێنە .
(٥) نەقدی جان:- نرخی گیان . ئیما:- گوشەی چاو . مەتاع:- شتی زۆر بەنرخ . بەیع:- فرۆشتن .

کێ بدا غەیری خودا سامانی شێوەی وەها
دەستتەهی،هیممەت بلند،مەتلەب قەوی،طالع زەبوون (٦)

ڕەنگە ناصح تەرکی مەنعی (سالم) ی بێ چارەکەی
گەر بلێم جارێ بەگوێتا ڕەمزو ئەسراری دەروون (٧)

***  **  ***

==========================================

(٦) دەستتەهی:- دەستبەتاڵی . هیممەت:- توانا . طالع:- بەخت . زەبوون:- داماو .
(٧) مەنع:- ڕێگری . ڕەمز:- هێما . ئەسرار:- نهێنییەکان .

# * (٦)

لابە سا پەرچەم لەسەر نووری جەبین
پایی کافر با نەگاتە فەرشی دین (١)

دلْ کە کەوتە زوڵفی تۆ کێ دییتووە
بێ سەرو شوێنن ئەوانە چوونە چین (٢)

جاذبەی لێوت دڵی تونگ گرتووم
دامی باڵی نەحلە شیرەی ئەنگەبین (٣)

چونکە ڕەنجم حاسڵی هەر گریە بوو
دەفعەیە نەمدی بە خوشکی ئاستین (٤)

ڕەشکی خۆر تەغییری دا بەرگی غەرەز
نایەڵێ ڕەنگێ بە غەم ئەسبابی شین (٥)

---

* ل (١٣٤)
(١) نووری جەبین:- ڕووناکی ناوچەوان . پای :- پێی .
(٢) دییتووە:-دیویەتی .
(٣) دام :- داو . نەحل:- هەنگ . ئەنگەبین:- هەنگوین .
(٤) حاسڵ:- ئەنجام ، بەرهەم . گریە:- گریان . دەفعەیەك:- جارێکیان .
بە خوشکی:- بە وشکی،بێ تەڕبوون . ئاستین:- قۆڵ .
(٥) ڕەشك:-ڕەشۆ،غیرەو بەخیلیبردن . تەغییری دا:-گۆڕی . تەرك:-
وازلێهێنان . غەرەز:-بوغزوکینە

تیری ئاهی من ئەگەر نەگرێ ڕەقیب

هیچە گڕ بەرداتە چەرخی هەفتەمین (٦)

***   ***   ***

==============================================

(٦) چەرخی هەفتەمین:- ئاسمانی حەوتەمین .

# (٧) *

قادری بۆ نەظمی بەینی کفر و دین
پەرچەمت وا بگرە دانەگرێ زەمین (١)

ناو نووسیی سینی بۆ سەی بوو قەڵەم
وێنەی سەرکاغەز مەگەس بۆ ئەنگەبین (٢)

جانشینی جەم بە چەشمەت من دەبم
گەر وەکو لەعلی لەبت بمبێ نگین (٣)

بەرمەدە دەستم لە گۆشەی دامەنت
بـا لە دنیا هەڵتەکێنم ئـاستین

پێچ و خەم بەس وا لە مووتا ، تا برۆ
کەی دەگاتە چینی زوڵفت حصنی چین (٤)

==========================================

* ل (١٣٥)
(١) قادر:- بەتوانا . نەظم:- ڕێکخستن .
(٢) بۆسە:- ماچ . مەگەس:- مێش .
(٣) جانشین:- جێنشین . جەم ، جەمشید:- شـای ئێرانـی کۆن وخـاوەنی ئاوێنەی بەناوبانگ بە ناوی خۆیەوە (جامی جەم) . چەشمـە:- سـەرچاوە . نگین:- مۆرخانی ئەموستیلە . بەخت و سەنگینی
(٤) خەم:- نووشتاوە ، ئەڵقە . حصنـــی چین:- شـوورە بەناوبانگەکـەی چین.

خوونفشانه گـــــــاهی لوطفیشت نیگاهـ
فەرقی کوا بۆ من زەمانەی صولْح و کین (٥)

فەرضی عەینە حەمدو ئەوثابی نەفەس
خالقی ئیجادی نووری کرد لە طین (٦)

خانە وەك زیندانە بۆ (سالم) لە غەم
غەیری دیدەت گەر ببینێ هەمنشین (٧)

*** *** ***

==========================================

(٥) خوونفشان:- خوێنڕێژ . گاهی:- کاتی . لوطف:- سۆزو میهرەبانی .
نیگاه:-تەماشاکردن.
صولْح:- ڕێککەوتن . کین:- ڕق .
(٦) فەرضیعە یـن:-ئەرکی دینی لەسەرهەمووکەسێ کەدەبێ بیکا.حەمد:-
سوپاس. ئەوثاب:- پاداشتەکان
نەفەس:- هەناسە. خالق:- دروستکەر ، خوا . ئیجادیکرد:- دروستیکرد .
طین:- قوڕ .
(٧) خانە:- مالْ . هەمنشین:- هاونشین .

# * (٨)

میزاجی تارمی قیبلەم لە ڕێدا مثلی تاڵش بوو
بە هاوینیش لە هەوری چاوی تارم تاوی بارش بوو (١)

لە هەنگامی نەظەردا وەختی غەفلەت بۆ نیشانەی تیر
موژەت هەریەك بە ئوستادی نیگەهـ وەك تیری ئارش بوو(٢)

لە عارضتا دەبینم ئاگری گەش وا لە ناو ئاوا
چ سیحرێکە لە بەینی ئاگرو ئاودا کە سازش بوو (٣)

دەوایی زەخمی هیجرانم کەزانی وەصلە لێم تـۆرا
چ موەققەع بوو جەفا لەم وەختەدا فەسلێ نەوازش بوو! (٤)

==========

* ل (١٤٠)
(١) میزاج:- ڕەوش ، هەڵسوکەوت .تارم:- تارمە، ڕاڕەو . میحراب .
مثلی:- وەکو. تاڵش :- تاڵی .
تار:-تاریك. بارش:- باران .
(٢) هەنگام:-هەنگاو . نەظەر:-تەماشاکردن .غەفلەت:-بێ ئاگایی
.ئوستادی:-وەستایی .ئارش:-ئاگر.
(٣) عارض:- ڕوومەت . سازش:- گونجان .
(٤) دەوای:- دەرمانی . زەخم:- زام،برین . هیجران:- دووری .
موەققەع:- چاوەڕێکراو.
جەفا:- ساردی ،بێ مەیلی . نەوازش:- دڵنەوایی .

به دەوری تیغی جەللادا دەرەقصێ جان بە خۆشنوودی
کە طوغرای پڕ لە نازت بۆ سەری (سالم) نگارش بوو (٥)

*** *** ***

==============================================

(٥) جەللاد:- گروێر ،ئەوەی کەمرۆث بەزیندوویی دەگروێ ،لەملدەر.
دەرەقصێ :- سەما دەکا .
خۆشنوودی:- شادی . نگارش:- پارێزگار.

# * (٩)

وجوودم ڕاسته خۆی سووتا ،وەلیٚ ئەگثەر خەتای یارە
لە ئەصلاٚ صە ببیٚ من گوٚگردە، شوعلەیی ڕووی ئەو نارە (١)

حسابی من لەگەلٚ طالع نەما، گەرسەعدە ،وەر شوومە
لە هەر لا ڕوویی دلٚدارە ، لەویٚدا بەختی من یارە (٢)

بە مەجنوونی لە صیدقا گەر منیش لەیلا پەرستیٚکم
سەگی دەرگاهی یارە موئنیسم ،گەرنیکە ،وەرهارە (٣)

لە غەم ئیتر بەسەختی حەببە تەعەددا قبوولٚ ناکەم
(نظام الملك)ی ئیقلیمی دلٚم موژگانی دلٚدارە (٤)

حەلاوەتبەخشە گەر بەختم خیرەد تەحسینی من ناکا
زمانیٚ وەصفی لیٚوی تۆ بکا ئەلبەت شەکەربارە (٥)

---

* ل (١٤١).

(١) وجوودم:-بوونم . وەلیٚ:-بەلاٚم .ئەگثەر:-زۆرتر .صەب:-قالبۆ داڕیٚژراو.
شوعلە:-تیشك،چراوگ . نار:- ئاگر .
(٢) سەعد:-شادی . وەر:- وە ئەگەر . شووم:-بەدبەختی .
(٣) صیدق:-ڕاسگویی . موئنیس:- هۆگر . نیك:- باش .
(٤) حەببە:-دەنك(دەنکە گەنم) .تەعەددا:-دەسدریٚژی .نظام الملك:- فەرمانڕەوا. ئیقلیم:-ناوچە،قەلەمڕەو.
(٥) خیرەد:- چاکە . تەحسین:- بەچاکزانین ، پەسەندکردن .

خوشا ئەشکێ بەیادی لەعلی تۆ بڕژێتە سەحرایە
هەموو سەنگێکی یاقووتە ،هەموو خاکی نمەکزارە (٦)

جەمالئابادە جێگەی دلبەرو زادەی جگەر لانە
فسوونی ئەو فریبی ساحری مەککارە بازارە (٧)

ڕەوانم تازە بوو (سالم) عفاك الله ،لەگەڵ فکرت
سەراسەر شیعری شیرینیت بە لەززەت وەك قسەی یارە (٨)

** **** ***

==========================================

(٦) خوشا:- خۆشە . سەحرا:- دەشتودەر، بیابان . یاقووت:- بەردێکی جوانی زۆر بە نرخە . نمەکزار:- سوێرخوێ و خۆش ، خۆشەویست .
(٧) جەمالئاباد:- جوانی ئاوا ، ئاوایی جوانی . فسوون:- جادوو. فریب:- لەخشتەبردن . ساحیری مەککار:- جادووگەری زۆرزان .
(٨) عفاك الله:- خوا بتبەخشێ . بەلەززەت:- خۆش و بە چێژ .

## * (١٠)

داغی کردم بە جەفا لالە ڕوخێ ،زێبایە
پیری کردم بە ستەم لا مەزەبێ ،تەرسایە (١)

تیزبین وەختی ستەم ،گاهی کەرەم بێ بەصەرێ
لە وەفا هیچ نەدانێ ، بە جەفا دانایە (٢)

یار ئەغیار خوویێ ، موئمنێ کافر صیفەتێ
خوێش و دوشمن ڕەوشێ ،قاتڵێ ،بێ پەروایە (٣)

قەوم بێگانە دڵێ خوونڕێژێ ، خوونی هەوەسێ
سەرکەشێ ،ڕاست قەدێ ،کەج ڕەوشێ ،ڕەعنایە (٤)

---

* ل (١٤٧)

(١) لالە ڕوخێ:- جوانێ کە ڕوومەتی گوڵاڵە سوورەیە . زێبا:- جوان . لامەزەب ،مەذهەب:- بێ دین.
تەرسا:- بت .

(٢) تیزبین:- تیژ تێڕوان . بەصەر:- بینایی .

(٣) ئەغیار:- بێگانە . موئمن:- ئیماندار . قاتڵ:-بکوژ . بێ پەروا:- بێ باك . سەرکەش:- یاخی .

(٤) قەد:-باڵا . ڕەعنا:- بەڵەنجەولار .

نا موسڵمان صەنەمێ ،خوون موسڵمان ڕێژەنێ
سەرکەشێ ،توند خوویێ ،دڵشکەنێ ،خودڕایە (٥)

قیصصەی حاڵەتی ئەو کەشفە لە ڕۆم و عەجەما
نییە وەك (سالم) ی سەرگەشتە ئەبەد ڕیسوایە (٦)

*** *** ***

==========================================

(٥) صەنەم:- بت . ڕێژەن:- ڕژێن . دڵشکەن:- دڵشکێن . خودڕا:- گیر.
(٦) قیصصە:- چیرۆك ،بەسەرهات . کەشف:- ڕووداو . سەرگەشتە:- سەرگەردان ، سەرلێ شێواو
ئەبەد:- هەرگیز .

* (١١)

هەتاوا حەڵقەبێ موشکین کەمەندی
ڕەها نابێ دڵم یەك دەم لە بەندی (١)

دەڵێی مورغی هەوایە هەمسەتی من
لەلایی یەکسانە پەستی و بوڵەندی (٢)

ئەدەب ڕەسکی ئوسوولە ،چاکەیەك چەند
لە بەر کەم وەك بزە بەرگی سەوەندی (٣)

لە دنیادا لەبۆ ئەسبابی تەمکین
تەمامە هەلگرم ئادابی ڕەندی (٤)

*** *** ***

---

* ل (١٤٧) .

(١) موشکین کەمەند:- زوڵفی خۆشبۆ . ڕەها:- ڕزگار . یەك دەم:- یەك هەناسە

(٢) مورغ:- باڵندە ،مەل . هەمسەت:- هاوسێ . یەکسان:-وەك یەك . پەستی:- نزمی ، سووکی .

(٣) ئەدەب:- ڕەوش . ڕەسك:- داب ونەریت . ئوسووڵ:- ڕەوشی پەیڕەو کراو . بزە:- بزن .
بەرگی سەوەندی:- ڕەشپۆشی .

(٤)ڕەندی:-جوانی و باشی .

## پێنج خشتەکی لەسەر هۆنراوەی نالی
## (١٢) *

ئەم شەهدەت بە ناوییە کەوا دایم لە دووتە
تاکەی هەوەسی پیرەژنی کوهنە تۆ خووتە؟! (١)

پڕ وەسوەسەو و بێ هونەر و پڕ لەبرووتە
بمرە لە غەمیدا کە هەمئاغوشی عەدووتە
دونیا ،کە بەعوشرەت حەرەمی موحتەرەمت بوو(٢)

سەر هەڵبڕە ئەی دڵ لە خەوی غەفلەت هەتاکەی
ڕەحمێ بکە بەو حاڵی قیامەتت خودا کەی

==========================================

* ل (١٢٧)
لە دیوانی (سالم) دا ئەم بەشە ، کەدەکەوێتە کۆتایی هۆنراوە کەوە ، نەبوو
. بڕوانە: گیوی موکریانی ، دیوانی سالم ،١٩٧٢، لاپەڕە(١٠٩) .
(١) شەهد:-هەنگوین. بەناوییە:-ناودار ،تەنیاهەربەناو.پیرەژنی کوهنە،کۆنە پیرەژن:-مەبەست لە دنیایە
(٢) وەسوەسە:- دڵە ڕاوکێ . بروت:- گەندموو. هەمئاغووش:- هاوباوەش،دەست لەملان.
عەدوو:- دوژمن . عوشرەت:- هاودەمی و تێکەڵاوی. حەرەم:- هاوسەر.
موحتەرەم:- بەڕێز.
ئەم دوو نیوە دێڕەی دوایی لە دیوانی (نالی)دا بەم جۆرەن :
بێزارە لە تۆ ئێستە،هەماغۆشی عەدووتە
دونیا ،کەدوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بوو
بڕوانە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، دیوانی نالی ، ١٩٧٦، ل (٣٦٨) .

وا چاکە سەر و ماڵت بەیەکبارە فیداکەی
(نالی) چییە وامیڵی جوعەل غەرقی شیا کەی!
خۆ تۆ بە حسابی وەکو پەروانە شەمت بوو (٣)

*** *** ***

==========================================

(٣) ڕەحمێ بکە:- رەحمێ بکا دروستترە . یەکبارە:- یەکجاری. جوعەل:- قالۆنچە.

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
ژمارە: ....
بەروار ١٩٩ / / 

# مـــەولــەوی
## ١٨٨٢ - ١٨٠٦

================

شاعیری بەرزی ئاسمانی کوردەواری (مەولەوی) ناوی (عەبدوڕڕەحیم کوڕی مەلا سەعید)ە ، بە شەش پشت دەچێتەوە سەر (مەلا ئەبوو بەکری موصەننیف) و لە بنەماڵەی (سەید موحەممەد زاهید)ە ، کە بە (پیر خدر) ی شاهۆ ناوبانگی دەرکردووە . لە گوندی (سەرشاتە) ی ناوچەی (تاوەگۆزی) لە خێزانێکی بەڕێزو ئاینپەروەردا لە دایك بووە . کە منال بووە باوکی بە ماڵەوە هاتووەتە گوندی (بیژاوە) لە نزیك (هەڵەبجە) وە . لەوێ لای باوکی قورئانی پیرۆزو وردە کتێبە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمەی خوێندوون . پاشان لەسەر داب و ڕەوشتی فەقێکانی کوردستان چووە بۆ خوێندن و لەم گوند و شارۆچکەو شارانەدا گیرساوەتەوە (پاوە لە هەورامانی لهۆن ، چوڕ لە مەریوان ، سنە ، بانە، سلێمانی - لە مزگەوتی گەورە لای جەنابی شێخ مارفی نۆدێ خوێندوویەتی ، هەڵەبجە- لە مزگەوتی جامیعە لای مەلا صادقی تەوێڵەیی خوێندوویەتی ، قەڵای جوانڕۆ- لای مەلا موحەممەدی قاضی خوێندوویەتی ، جارێکی تر شاری سنە و زۆر لە مزگەوتی دارولئیحسان ماوەتەوە ، دواجار و جارێکی کەش شاری سلێمانی- لە خزمەت مەلا عەبدوڕڕەحمانی نۆتشەیی دا خوێندنی تەواوکردووە و ئیجازەی دەرسوتنەوەی وەرگرتووە .

(حاجی مەحموود یاروەیس) زۆر ڕێزی لێ گرتووە و لە کەشکۆڵەکەیدا هەر بە (جەنابی مەولەوی) ناوی هێنراوە . ئەوەی لە هۆنراوەی مەولەوی تێ بگات وابەستەو هۆگری دنیای پڕ لە واتای ناسك و تەڕو پاراوی دەبێ . لە بەرئەوەی پەیوەندیی گیانیی لەگەڵ پایە بەرزاندا (شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێڵە) و (شێخ بەهائوددینی کوڕی و شێخ عومەر ضیائوددینی کوڕی) کە بە شێخ عومەری بیارە ناسراوە ، بەهێز و پتەو بووە ، هۆنراوەی مەولەوی لە زوربەی ناوچەکانی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە ....

*****　　　*****　　　*****

---

بۆ زانیاریی پتر دەربارەی مەولەوی ، بڕوانە :

١- علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم ، ١٩٧١ ، لاپەڕە (٢٧٦) .

٢- مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس ، دیوانی مەولەوی ، ١٩٦١ .

## * (١)

عەجەب دارێوەن نەی مەرزو بـــوومدا
نەی چەمەی بێ شۆی باخچەی (مەعدووم)دا (١)

دوو ثەمەر بەخشەن جامی ئەشكاران
شادیی ئەغیاران ، خەمناكی یاران (٢)

*** ***

==========================================

* ل(١٤).

(١) عەجەب دارێوەن:- دارێكی زۆر سەیرە . نەی:- لەم . مەرز:- سنوور.
بووم:- زەوی .
چەمە:- چاوە ، كانیاو
بێ شۆ:- بێ ڕادە . مـەعدووم:- بـێ بـەش ... نازنـاوی مەولـەوی یە لـە هۆنـراوەدا ... لـە كێڵگـەو زەویـی بـێ سنوور و سـەرچاوە و كانیـاوی لـە ڕادەبەدەری (مەعدووم) دا درەختێكی زۆر سەیرو سەمەرە پەلی هاویشتووە

(٢) ثەمەر:- بەرهەم ، بەر . بەخشەن:- بەخشە . جامی ئەشكاران:- جامی ڕواڵەت و دیار .
ئەغیار:- ناحەز ... لە ڕواڵەت و سیمای ئەم درەختەدا دیارە كە دوو بەر دەبە خشێ ، كە هەردووكیان سەر سڕهێنەرن :-شادییەكەی بۆ ناحەزانە ، خەم و پەژارەكەشی بۆ دۆست و یارانە .

*(٢)

جوانیم ویەرد ، پیری زور ئاوەرد
خەیالێم پەی وەخت دلگیریم نەکەرد (١)

***    ***

===========================================

* ل (٤١) .

(١) ویەرد:- تێپەڕی ، بەسەرچوو . زور ئاوەرد:- زۆری هێنا . دلگیرم:- خەمباریم ، داماویم .
نەکەرد:- نەکرد ... لەم تاکە هۆنراوەیەدا مەولەوی سەر زەنشتی خۆی دەکات و دەڵێت:- سەردەمی لاوی و جوانیم بەسەرچوو ، وا ئێستا پیری زۆری بۆ هێناوم و گیرۆدەم ، مەخابن بیرم لەسەردەمی خەمباری داماویم نەکردەوە .

*(٣)

نامەیەکی دوورو درێژی پڕ لە فەلسەفەی سۆفیگەرییە ، بە فارسی نووسیویەتی ، سەرباسەکەی وانووسراوە :(نویشتەء جناب مولوی) ، واتە:- نوسراوی جەنابی مەولەوی . لە لاپەڕە ( ٥٣،٥٢ ) دا ئەم چوارینەی مەولەوی تێهەڵکێشراوە (١) :

هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا
هەرچی مەوینی ها نە گوزەردا (٢)

کەس حاڵی نەبی و هیچ کەس نەفاما
ئەو پەی چێش ویەرد ، ئێد پەی چێش ئاما (٣)

لە کۆتاییدا نووسراوە :

ازا نرا شنیدم به آواز نی
عجیبٌ غریبٌ بتأریخ وی (٤)

***   ***

==========================================

* ل(٥١-٥٦).

(١) بڕوانە: مەلا عبدالکریمی مدرس ، دیوانی مەولەوی، ١٩٦١،ل٥٣٢، ٥٣٣ .

(٣،٢) وە چەم:- بەچاو . شی:- ڕۆی ، چوو . مەوینی :- دەبینی . ها نە:- وا لە .

حاڵی نەبی:- تێ نەگەشت . نەفاما:- دەرکی نەکرد ، نەیزانی . پەی چێش :- بۆچی .

ویەرد:- ڕۆی ، ڕابورد. ئێد:- ئەم . ئاما:- هات ... لێکدانەوەکەی پایە بەرز مامۆستا مەلا عبدالکریم وەك خۆی تۆمار دەکەمەوە: هەر کەست لەمەوپێش دیوە ئەم دنیایەی بەجێ هێشتووە،وە هەرچی ئێستا ببینی بەڕێوەیە بە جێی بێڵێ ، کەسیش حاڵی نەبووە و تێ نەگەیشتووە ئەو بۆچی

مردو ئەم بۆچی لە دایك بوو!

لە باتی : (نەبی و هیچ کەس) لای مامۆستامان نووسراوە: (نەبی وە هیچ).

(٤) واتە :- بە ئارەزوو نالەی نەی ئاساوە بەرواری سەیرو سەمەرەم لەو بیست . بە حسابی (ئەبجەد) هەردوو وشەی (عجیب غریب ) دەکەنە سالّی ( ۱۲۹۷) ی کۆچی ، واتە سێ سالّ بەر لە کۆچی دوایی مەولەوی .

* ( ٤ )

صوب غونچەی نازك نە توی پەردەوە
لەب وە شنۆی لوطف خودا کەردەوە

ئارایشی باغ نەو جەوانی دا
ڕەونەق وە گولشەن کامەرانی دا

یانیهــای فرزەند دلبەندی بـــێ گەرد
(ئەحمەد) وە صەحرای وجوود فەڕ ئاوەرد (١)

خامە چوون بولبول وە سەد نەواوە
پەی تەئریخ وەی فەرد نەغمە هورداوە (٢)

(نەو گولی نازك باغی جوانی )
ئەمین بو جە دەرد سەردی خەزانی (٣)

*** *** ***

---

* ل (١٠٠) .

(١) یانیهای:- واتە . فرزەند:- کوڕ . صـــــەحرای وجـوود:- دەشـت و بیابانی ژیان ، دنیا.
ئاوەرد:- هێنای.

(٢) خامـە:- قەڵەم . ئەوپارچـە قامیشـەی جـاران پێـی نووسـراوە . وەی فەرد:- بەم تاکە هۆنراوەیە .
نەغمە هورداوە:- ئاوازی لێ هەڵبڕی .

(٣) ئەمین بو:- بێ وەی بێ ... بەپێی ڕەێنووسی کۆن وحسابی ئەبجەد (نو گل نازك باغ جوانی) دەکاتە (١٢٥٧) کە ساڵی لەدایکبوونی ئەو کوڕەیە کە هۆنراوەکەی بۆ نووسیوە .

* (٥)

تەسكینیی دڵەی پەڕ جە خارەكەم
دەرمانی زامان بێ قەرارەكەم (١)

نامەكەت كیاست وە لای من یاوا
پەیا پەی نە ڕووی دوو دیدەم ساوا (٢)

دەروونت وە كوڵ جوش ئاوەردەبێ
كزەی دووریی وێت ئیظهار كەردەبێ (٣)

دیۆنای دوودی كووڕەی دەروونم
كولناتەوە زام دڵەی پەڕ هوونم (٤)

نمازی لادێ ڕاحەت بوون پەی وێم
دەك بێ بەڵا بێ ،چێش مەكەری پێم (٥)

من خو كەم زووخاو هیجرانم وەردەن
یەكجار دووریی تویچ تەمامم كەردەن (٦)

*** *** ***

==========================================

* ل (٢٧٢)
(١) تەسكینی:- ئارامی . پەڕجە خار:- پڕ لە دڕك. بێ قەرار:- بێ ئارام.
(٢) كیاست:- نارد. یاوا:- گەیشت. ساوا:- هەڵسوو.
(٣) ئاوەردەبێ:- هێنابوو. وێت:- خۆت. ئیظهاركەردەبێ: دەرخستبوو.
(٤) دیۆنای:- دێواندت، ورووژاندت . كولناتەوە:- كولانتەوە.
(٥) نمازی:- ناهێڵێ. لادێ:- كەمێك(پیتی د سواوە) . مەكەری:- دەكەی.
(٦) تەمامم كەردەن:- تەواوی كردووم ، كوشتوومی... ئەم هۆنراوەیە لە دیوانەكەی (مەولەوی) دا هەر دێڕەی تێهەڵكێشی هۆنراوەیەكی ترە ، بۆ یەكخستنی بابەت بە باشم زانی لێرەدا جێی خۆی بگرێ.

# وەلی دێوانــە

=================

بۆ پێناسەی سووتاوی بۆتەی ئەشقی ڕاست و پاك و بێ گەرد و نەمر تەنیا ئەوەندەی بەسە کە (دێوانەکەی شەمە) گەرمیان و کوێستان بۆ سەرەنجامی ئەشقی ڕەنجەڕۆ و ناکامی ، ئۆف و داخیان نابڕێتەوە .

خوالێخۆشبوو مامۆستا (عەلائوددین سەجادی) بە (وەلی دێوانەی کەماڵەیی) ناوی بردووە . بۆ لەدایکبوونی ساڵی (١٨٢٦) وە مردنیشی ساڵی (١٨٨١) دەسنیشان دەکات (١) کەچی وەکو لە پەراوێزی باسی ڕەنجوریدا ڕوونمکردەوە ڕەنجووری لە ساڵی (١٢٠٩) ی کۆچیدا بەرانبەر ساڵی (١٧٩٤) ی عیسایی بە هۆنراوە نامەی بۆ وەلی نووسیوە ... واتە ئەو ساڵی لەدایکبوونەی (وەلی) بە شێوەیەکی ڕاست نەگەیشتوەتە دەست مامۆستای نەمرمان،هەروەها ساڵی دوا کۆچی وەلی دێوانەش.(٢)

*********** ***********

---

(١) بڕوانە: علاءالدين سجادی ، مێژووی ئەدەبی کورد ، بەرگی دووەم ، ١٩٧١ ، ل (٥٨٨) .

(٢) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: عوسمان محەممەد هەورامی ، دیوانی وەلی دێوانە ، ١٩٧٦ .

* (١)

قیبلەم، شەم کەردەن،قیبلەم شەم کەردەن
صانع صوورەتت وێنەی شەم کەردەن (١)

نەققاشی قودرەت تا ڕەقەم کەردەن
شکڵی تو نە دەور جیهان کەم کەردەن (٢)

پێشانیت بەیضای صوبحدەم کەردەن
قەوس و قوزەحوار نەڕووش خەم کەردەن (٣)

کەمانی ئەبروت سەر وە هەم کەردەن
پەروانەی چوون من دڵ پەڕ خەم کەردەن (٤)

دیدەت چوون جەیران نەوای ڕەم کەردەن
تارانی گێسووت چوون ئەرقەم کەردەن (٥)

---

* ل (١٥-١٦)
نووسراوە : (( مرزا ولی رحمە اللە)) : میرزا وەلی خوالێی خۆش بێ .
(١) شەم،شەمع:- مۆم،ناوی نازدارەکەی وەلی . کەردەن:- کردووە .
صانع:- درووستکەر، خوا.
صوورەت:- وێنە .
(٢) نەققاشی قوودرەت:- وێنە کێشی بەتوانا ، خوا . ڕەقەمکەردەن:- وێنەی کێشاوە . شکڵ:- وێنە. (٣) پێشانی:- ناوچەوان . بەیضای صوبحدەم:- سپیدەی بەیان،کازیوە . قەوس وقوزەح:-پەلکەزێڕینە.
نە ڕووش:- لە ڕوویا. خەم کەردەن:- چەماندووەتەوە .
(٤) سەروە هەم کەردەن:-سەریان لێکداوە. پەروانە:-پەپوولە. چوون:-وەك.
پەڕخەم:-پڕخەم وخەفەت.
(٥) جەیران:- ئاسك . نە وای ڕەم:- پێشەنگی ڕەوە ئاسك . ئەرقەم:- ڕەشماری بەڵەك .

مەودای موژانت مەست و سەم کەردەن
پەی دەردە داران چەند ستەم کەردەن (٦)

زولّفانت وە عەتر عەنبەر نەم کەردەن
بینیت وە پرگار، یا قەلّەم کەردەن (٧)

دوو گۆنات چوون بەدر دوو هەفتەم کەردەن
(لەبانت) نە شکلْ چای زەمزەم کەردەن (٨)

سی و دوو (ددانەت) گەوهەر جەم کەردەن
نە دورجی دەهان تو مەحکەم کەردەن (٩)

نوطقت چوون عیسای بن مەریەم کەردەن
(یەعنی ئەو موعجیز) پێت کەرەم کەردەن (١٠)

---

(٦) مەودای موژانت:- نووکی برژانگت . سەم:- ژەهر . پەی:- بۆ .
(٧) نەم کەردەن:- لێی پرژاندووە . بینی:- لووت .
(٨) بەدر:- مانگ . دوو هەفتەم:- چواردە . لەبانت:- لێوانت . (دەهانت:- دەمت-سەید طاهیری هاشمی) . چای زەمزەم:- سەرچاوەی زەمزەم .
(٩) ددانەت(دندانت-سەید طاهیری هاشمی) . گەوهەر جەم:- کۆمای گەوهەر . دورج:- قوتوو. مەحکەم:- دامەزراو .
(١٠) نوطق:- قسە . یەعنی:- واتە . موعجیز، موعجیزە:- کارێ کە هەر لە توانای خوادا بێ .
پێت کەرەم کەردەن:- پێتی بەخشیوە . ( بە وێنەی ئەوسان- سەید طاهیری هاشمی) .
سان:- سوڵتان ، بە توانا .

لەبانت یاقووت نەپووی فەم کەردەن
دانەی جەواهیر نە پووش جەم کەردەن

زنجت چوون گەوهەر دانەی یەم کەردەن
گەردەن (مینای شار) شای عەجەم کەردەن (١١)

پازانت (چوون) لال (من) ئەصەم کەردەن
هەرچی پێم کەردەن (هێمای) کەم کەردەن (١٢)

خاڵانت چوون نەقش پووی خاتەم کەردەن
چای تینت جە عەتر بوی ئیرەم کەردەن (١٣)

جە سینەت دوو طەرح گوڵ وە دەم کەردەن
یانێ دوو قەندیل نامش مەم کەردەن (١٤)

دوو بازووت بلوور موحەپپەم کەردەن
پەنجەت (حەنایی) پێ پەقەم کەردەن (١٥)

---

(١١) زنج:-چەناگە. دانەی یەم:-مرواری دەریا. (مینای مەی-سەید طاهیری هاشمی) . مینا:- شووشە
(١٢) ئەصەم:- کەپ . هێمای، هێمان:- هێشتا . (من) ، (هەم) ،(هێمان- سەید طاهیری هاشمی) .
(١٣) نەقش:- نەخش و نیگار . خاتەم:- ئەموستیلە . تین:- چەناگە . ئیرەم:- باخەکەی شەدداد، کەویستی بیکا بە بەهەشتی سەرزەوی .
(١٤) جە سینەت:- لە سنگتا . طەرح:- جۆر . یانێ:- واتە . قەندیل:- چرا . نامش:- ناوی .
(١٥) موحەپپەم:- قەدەغەکراو . حەنا:- خەنە . (وە حەنا-سەید طاهیر) . پەقەم کەردەن:- نەخشاندووە .

سەوڵی قامەتت چوون عەلەم کـــەردەن
گا لەرزان، گا ڕاست، گاهێ خەم کەردەن (١٦)

شێوەی دلبەران جیهان جەم کەردەن
(گرد) وە (سەراپای) تو مەحکەم کەردەن (١٧)

بنازوون وەو کەس ئەی ڕەقەم کەردەن
هەم شەن شێوەنی ، (نامت) شەم کەردەن (١٨)

*** *** ***

---

(١٦) سەوڵی قامەت:-سەرووی بەژن و بالا . عەلەم:- ئالا .
(١٧) جەم:- کۆ . گرد:- هەموو،(گشت ) ، (سەرمایەی - سەید طـــاهری هاشمی) .
(١٨) بنازوون:-بنازم. وەوکەس:-بەو کەسەی کە خوایە .ئەی ڕەقەم کەردەن:-ئەم نیگارەی کێشاوە.
نووسراوە (نامش) ، دیارە (نامت) ڕاستە.

* (٢)

هەی شەمی شەوان ، ......      ......
هەی شەمی شەریف شەو چرای شەوان (١)

هەی زیندەگانیم ، هەی ڕوحی ڕەوان
هەی بینایی عەین دیدە بێ خەوان (٢)

هەی سوڵتانی من کوچکەردەی سارا
دەماخ وە بوی عەتر موشکی ناف دارا (٣)

هەی ئاهووی ڕەوێڵ جە سا سڵکەردە
هەی تەشریف وە بەرز لەیلاخان بەردە (٤)

هەی دەلیلەی ڕەم هەردەو هەڵەتگێڵ
هەی سەرداری پۆل تەتارانی خێڵ (٥)

هەی عەنبەرین خاڵ ، سۆسەنی کڵاف
هەی خانی خاسان سیاماڵی جاف (٦)

---

* ل (١٥٤) .
(١) شەریف:- پیرۆز .
(٢) زیندەگانی:- ژیان . عەین:- چاو .
(٣) دارا:- پڕ .
(٤) ڕەوێڵ:-ڕەوە . جە سا سڵکەردە:- لە سێبەر سڵکەر . بەردە:- بردوو.
(٥) دەلیلە:- ڕابەر ، ڕێگەوان ، شارەزا . هەردەو هەڵەتگێڵ:- گەڕیدەی کەژ وکێو.
تەتار:- ئاسك،ئاسکی وڵاتی تورکمانستان .
(٦) کڵاف:- دەستە زوڵف .

هەی من پەروانەی پەڕ زوخاڵی تۆم
هەی من سەرگەردان زوڵف و خاڵی تۆم

گرد عالەم زانی وە جەستەو حاڵم
من پەی تو مەجنوون وێرانە ماڵم

تو جارێ نامای وە سەر وەختمدا
هیچ نەدیای وە ئێش زامی سەختمدا (٧)

نەپەرسای هەواڵ من پەی تو چوونم
چوون ڕەوانەن زووخ زام نە دەروونم (٨)

---

(٧) نامای:- نەهاتی . نەدیای:- نەتڕوانی .
(٨) نەپەرسای:- نەتپرسی . چوون ڕەوانەن:- چۆن دەڕوا.

کتێبخانەی گشتی ی سلیمانی
ژمارە: ---
بەروار ١ / ١ / ١٩٩

بێ مروەتیت کەرد هەی شەم نە بارەم
نە یادی وە جەستەی سیا ستارەم (٩)

هەوای سەر بەرزان لەیلاخان کەردی
ئەی شەم حەیفت کەرد من جە یاد بەردی

وادەمان ئەو ڕو مەحشەر وەپا بو
قاضی پێغەمبەر ، حاکم خودا بو (١٠)

بینابیم ئەو ڕو ڕوی دیوان مەبو
مەر حەق بستانو حەقی من جە تو (١١)

وەرنە تو وەش بای سپی سەوڵ قامەت
داوای من و تو کەفت ئەو قیامەت (١٢)

*** ***

---

(٩) بێ مروەتی:- نامرۆیی . نەبارەم:- دەربارەم ،بەرانبەر بە من.
ستارە:- ئەستێرە .
(١٠) وەپابو:-بەرپابێ .
(١١) مەر:- مەگەر . حەق:- خودا . بستانو:- بسێنێ .
(١٢) وەرنە:- ئەگینا .وەش بای:- خۆش بی .کەفت ئەو:- کەوتە .
تێبینی:- ئەم هۆنراوەیە لەدیوانی (وەلی دێوانە) دا تۆمار کراوە ، لە بەر جیاوازیی زۆری نێوان هەردوو دەقەکە و بۆ لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوە، بەچاکم زانی ئەم دەقەش لێرەدا تۆمار بکەم .بڕوانە عوسمان محەمەد هەورامی ، دیوانی وەلی دێوانە ، ١٩٧٦ ، لاپەڕە (٨٣)

* (٣)

بێزیای هۆزان ، .....     .....
ها بیم وه مەجنوون بێزیای هۆزان (١)

ئەگەر وه دۆزم بەیان دڵسۆزان
مەر هەر نەهەردەی نەژدم بدۆزان (٢)

ئەگەر خەمخواران نەیادم باران
یاهام نه هەردان ، یا نه کۆساران (٣)

نه هەر جایێ خاك زمین پەڕ نەم بو
نەهەر کۆ کومای وەحشیان جەم بو (٤)

ئەو جاگه جاگەی گریانی منەن
ئەو کوما کومای دیوانی منەن (٥)

---

* ل (٢٨) .
(١) بێزیا :- بێزراو . ها بیم :- وا بووم .
(٢) وه دۆزم :- بۆ دۆزینەوەم . بەیان :- بێن . بدۆزان :- بدۆزنەوه .
(٣) نەیادم باران :- یادم بکەن . هام :- وام .
(٤) جایێ :- جێیەك .نه هەر کۆ :- له هەر شوێنێ . وەحشیان :- گیانداره دڕندەکان .
(٥) جاگه :- جێگه . کوما :- کۆمەڵ .

ئەر دیان یەکێ نیشانەم نە بو
ئاثاری نە یۆرت وێرانەم نە بو (٦)

تاقی بزانان بێ شەرت و شوونم
بێ سەودا نە فکر ماوای مەجنوونم ... (٧)

*** ***

==========================================

(٦) دیان:- دی ، ببینێ . نە بو:- نەبێ . ئاثار:-شوێنەوار . یورت:- هەوارگە .

(٧) تاقی:- بێ گومان . شوون:- شوێن .

تێبینی:- ئەم هۆنراوەیەش لە دیوانی (وەلی دێوانە) دا تۆمارکراوە، لەبەر هەمان هۆی هۆنراوەی پێشوو بەچاکم زانی ئەم دەقەش لێرەدا بنووسم . بڕوانە هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە (٣٠ ، ٣١) .

(٤) *

سەنگی هەواران ، سەنگی هەواران
سەنگی سیا ڕەنگ ، سفتەی هەواران (١)

مەلوول و ماتەم پەسمەندەی یاران
چوون من هامشەریك دەردو پەژاران (٢)

تو سەنگی کۆبی ، یە کام هەوارەن
یە پەی چێش ڕەنگت ئـــازیەتبارەن؟ (٣)

سفتەی سەودای عەشق کامین نەوهاڵی
بێ دەنگ و بێ ڕەنگ ، مات و مەلاڵی؟ (٤)

تو چە داخی کێ سفتەو سوزانی
پەسمەندەی هەوار کامین هوزانی؟

ڕاست واچە هیجران کێت نە دڵ داخەن
جە هیجرانی کێ بەرگت قـــەڵاخەن؟ (٥)

---

* ل (١٧ ، ١٥٣) .
(١) سفتە:- سووتاو.
(٢) مەلوول و ماتەم:- داماوو خەمبار. پەسمەندە:- بەجێماو.
(٣) کۆبی:- کوێ بی . یە:- ئەمە . پەی چێش:- بۆچی . ئازیەتبار:- تازیە بار .
(٤) نەوهاڵ:- نەونەمام ، تازە خاڵ .
(٥) واچە:- بڵێ . قەڵاخ:- ڕەش .

سەنگ وات : سیا بەخت ، ستەمکێشی خەم
پەروانەی پەشێو ، دوور کەفتەی پای شەم

مـــەر نمەزانـــی ، لێلاویت لێـلەن
نە ئەی جا مەسکەن ، گوزەرگەی خێلەن (٦)

==========================================

(٦) مەر نمەزانی:- مەگەر نازانی .نە ئەی جا:- ئەم شوێنە . مەسکەن:- شوێنی نیشتەجێبوون.
گوزەرگە:- شوێنی لێوە تێپەڕ بوون .

یورت و چراگای خێڵی جافانەن
جای عەیش و نیشاط عەنبەر نافانەن

هەوارگەی ڕەوێڵ خێڵی مورادین
ماوای شەوق و زەوق زەمزەمەی شادین

پاییز کۆچی خێر مەیان وە دامەن
تەشریف ماوەران وەی زێدو زامەن،..(٧)

ئێد کە واتش پێم سەنگی بێ دوان
من جە ئەو بەتەر لاڵ بیم جە زوان (٨)

زانام سفتەی شەوق ئەو شەم ڕوخسارەن
داغدار و داغمای دەستی ئەو یارەن (٩)

منیش نە هیجران شای شەم ڕوخساران
ها بیم وە هامڕاز سەنگی هەواران

========================================

(٧) مەیان:- دێن . دامەن:- داوێن،دامێن . ماوەران:- دێنن .وەی:- بۆ ئەم .
زێد:- شوێنی لەدایکبوون . زامەن:-وڵات .
(٨) ئێد کە واتش:- کە ئەمەی وت . بەتەر:- خراپتر . زوان:- زمان .
(٩) داغما:- داخکراو .

تەن چوون سیا سەنگ هەوارانەمن
پادشای غەمکێش غەمخوارانەمن (١٠)

*** *** ***

==========================================

(١٠) تەن:- لەش ... واتە: لەشم وەکو بەردە ڕەشی هەوارانە ، پادشای خەمکێش و خەمخۆری هەموو خەمبارانم .

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە لەلاپەڕە (١٧) ی کەشکۆڵەکەدا (١٠) دێڕە ، من دەقەکەی لاپەڕە (١٥٣) م تۆمارکرد . ئەم هۆنراوەیەش لەدیوانی (وەلی دێوانە) دا تۆمار کراوە ، لەبەر هەمان هۆی هۆنراوەی پێشووتر ، بەباشم زانی ئەم دەقەش بنووسم . بڕوانە: هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە (٥٢) .

# ڕەنجـــووری

ناوی (مەلا عومەر) ە و نازناوی هۆنراوەی (ڕەنجووری) یە .

حاجی قادری کۆیی لە یادی شاعیرە ناودارو بلیمەتـەکانی کوردا ، ڕەنجووریشی بەسەر کردووەتەوە و دەڵێ :

یەکێ (ڕەنجووری) ئەهلی کەرکووکە
فیکری بیکری هەموو وەکو بووکە (۱)

بە پێی ئەو هۆنراوەیەی کە وەکو نامەیەك بۆ (وەلی دێوانەی) ی ناردووە دەبێ ئەوکاتە ، واتە ساڵی دوسەدو نۆی کۆچی تەمەنی چل و پێنج ساڵ بوو بێت ، واتە لە ساڵی (۱۱٦٤) دا لەدایك بووە:

وەختێ فیکری تۆ ئاوەردم وەهەم
عەمرم یاوابێ وە پەنجا پەنج کەم
جە سەنەی هەزار دووسەدو نودا
نامەت وەی طەورە لای بەندە ڕوودا (۲)

کاکە محەممەد عەلی قەرەداغیش کە دیوانەکەی (ڕەنجووری) بە چاپ گەیاندووە ، هەمان هۆنراوەی لەگەڵ کەمێ جیاوازیدا تۆمارکردوون و دەڵێ دەکەونە دوا دوای میحراجنامەی (ڕەنجووری) . (۳)

ئەم شاعیرە مەزنەمان لە دەوروبەری ساڵی (۱۲۲٤) ی کۆچیدا بۆ دواجار سەری ناوەتەوە .(٤)

---

(۱) بڕوانە: محەممەد عەلی قەرەداغی ، دیوانی ڕەنجووری ، ۱۹۸۳ ، ل (۱۰) .
(۲) بڕوانە: عوسمان محەممەد هەورامی ، دیوانی (وەلی دێوانە) ، ۱۹۷٦ ، ل (۹۳).
(۳،٤) بڕوانە هەمان سەرچاوەی (۱) ، ل (۳۵، ۷) .

* (١)

بەخارانـــەوە ، بـــەخارانەوە
قیبلەم ، وەس سفتەم بەخارانەوە (١)

وەس جەرگم بدەر وە خارانەوە
با وەس بگێلۆون وە خارانەوە (٢)

بنمانە پەیکێ وە یـــارانەوە
مەجنوونت جە نەجد بیارانەوە (٣)

مایەی بێ مەیلت بشارانەوە
با باست نەشو وە شارانەوە (٤)

---

* ل (٤٦) .
(١) خار:- درك . وەس:- بەس . سفتە:- سووتماك
(٢) بگێلۆون:- بگەڕێم . وەخارانەوە:- بەئەشکەوتانا .
(٣) بنمانـە:- بنوێنـە . پەیك:- نێردراو، نامـە . بیارانـەوە:- بیهێننـەوە ...
واتە: بەدۆستێکا نامەیەك بنێرە کە مەجنوونەکەت لەبیابانی نەجد بهێننەوە .
(٤) بشارانەوە:- بشارنەوە . نەشو:- نەڕوات .
بڕوانـە : مـەلا عبدالکریمـی مـدرس ، دیوانـی مەولـەوی ، ١٩٦١، لاپـەڕە
(٨٤) ،هـەردوو دێڕی (٣ ، ٤) بەناوی (مەولەوی) یەوە نووسراون، لەگەڵ
هەندێ جیاوازییکەما لە سێیەمین دێڕا .
شایانی باسـە ، کە لـە هـەمان کەشکۆڵێ (حاجی مـەحمود یـار وەیـس) داو
لەلاپەڕە (٢٤٣) دا ، هـەردوو دێڕی باسکراو بەناوی (مەولەوی) یەوە تۆمار
کراون ، نووسراوە (ولّه أیضاً رباعي) واتە:(ئەم چوارینەش هی ئەوە) .

نامەی وەفا و بەین بە پەیمانەوە
بــا هەر بمانو وە پەیمانەوە (٥)

(ڕەنجووری) ڕەنجەن وە ڕەنجانەوە
هـــەنێ وەس دڵم بڕەنجانـــەوە (٦)

*** *** ***

---

(٥) بمانو:- بمێنێ . وە پەیمانەوە:- بەپڕی .
(٦) ڕەنجـەن:- ڕەنجـاوە . وەڕەنجانـەوە:- بەڕەنجاندنـەوە . هـەنێ:- ئیـتر .بڕەنجانەوە:- بڕەنجێنن .

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە لەدیوانی (ڕەنجووری) شدا تۆمار کراوە ، لەبەر زۆرو کەمی جیاوازی زۆری نێوان هەردوو دەقەکە ، بەباشم زانی ئەمیش لێرەدا تۆمار بکەم .

بڕوانە : محەمەد عەلی قەرەداغی ، دیوانی ڕەنجووری ، ١٩٨٣ ، لاپەڕە (٩١ ، ٩٢) .

# حاجی مەحمودی یاروەیس

خاوەنی کەشکۆڵە ، میواندارییی هەموو شاعیرەکان و ئێمەش دەکات بۆ دیوەخانە فراوان و هەرگیز نەبڕاوەکەی ، لە هەمان کاتیشا لە دنیای فراوانی هۆنراوەدا بە هۆنراوە ناسکەکانی پێشوازیمان دەکات و جارێکی تر دەبینە میوانی شاعیرێکی هەست ناسك و دڵ و دەروون فراوان و لە سایەی وشەی کوردیی ڕەسەندا پشووی بەختەوەری و یادی سەروەری دەدەین و بە گوڵاوی هۆنراوەی کاریگەری، نمپرژێنی گیان و دەروونمان دەکات.

.

****** ********* *********

==========================================

* (١)

## شین بۆ عەبدوڕڕەحمانی کوڕی

ڕۆڵە ڕۆ ڕۆمەن ، ... ...
ڕۆڵە تا ئەبەد من هەر ڕۆ ڕۆمەن

ڕۆڵە ، ئەوڕەحمان بێ وادە مەردی
سەر وە پایەنداز(شا سراج) کەردی (١)

* ل (٤٤، ٤٥، ٤٦) .

سەر باسەکە وانووسراوە :(محمود یارویس أز مرثیـه مرحوم عبدالرحمن پسرش رحمه الله گفته.) واتە:شینی مەحموود یاروەیس بۆ عەبدوڕڕحمانی کوڕی ، خوا لێی خۆش بێت .

لە دیوانی ( مەولەوی) دا ، کە پایە بەرز مامۆستا مەلا ( عبدالکریمی مدرس) لە چاپی داوە ، حەوت هۆنراوە بۆ مەرگی ئەم کوڕەی حاجی مەحمود یاروەیس تۆمارکراون ، لاپەڕە ( ٣٣، ٥٢ ، ٨٠ ، ٩٩، ١٣٣، ٣٥٥ ، ٤٤٢) . لە پەراوێزی ژمارە( ١) ی لاپەڕە (٥٢) دا نووسراوە : مەولەوی ئەم قەسیدەیەی بۆ لاواندنەوەی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی حاجی مەحموودی یاروەیس وتوە کە لە تەوێڵەدا بە گوللەیەکی لە دەستدەرچووی شێخ هیدایەتی کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمان کوژراوە . [ مەبەست لە شێخ عوسمان ، شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێڵەیە ، کە گەورە خەلیفەی مەولانا خالید و باپیرە گەورەی شێخەکانی تەوێڵەو بیارەیە ( ١١٩٥-١٢٨٣) ی کۆچی -عوسمان ]

(١) بێ وادە:- بێ کات ، کاتی نەبوو. مەردی :- مردی . پایەنداز:- لەدەور گەڕان ، بە قوربان .

شا سراج:- شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێڵە . کەردی:-کرد. ڕۆڵە، ئەوڕەحمان کاتی مردنت نەهاتبوو ، لە دەوری شا سیراجوددین گەڕایت و لە دامێنی ئەودا سەرت نایەوە .... بەم هۆنراوەیەشا دەردەکەوێت کە هەر لە خانەقای تەوێڵەدا نێژراوە .

ئیستە تو دلشاد وە جای وەفاوە
چەم وە ڕای کەرەم پیری (بەها) وە (٢)

من خو شەو تاڕو وا وەیلاو ڕۆمەن
داخدارو زامدار زامەکەی تۆمەن

صەرعیم پەی حەسرەت کزەی زامی تو
هەر ڕۆڵە ڕۆمەن هەر ڕوێ جە نو(٣)

شەو و ڕو وە یاد باڵای عەر عەر تەرز
دەور مدەون ما چووم وە زایەڵەی بەرز(٤)

---

(٢) وە جای:- لە شوێنی . وەفا:- شێخ عەبدوڕڕەحمان ئەبولوەفا کوڕی شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێڵە ، ناز ناوی هۆنراوەی ( وەفا) یە (١٢٥٣-١٢٨٥) ی کۆچی ، مەلا عبدالکریمی مدرس ، یادی مەردان ، بەرگی دووەم ، ١٩٨٣ ، لاپەڕە(٩٩) . ڕای کەرەم- ڕێی بەخشینەوە . پیر بەها :-شێخ موحەممەد بەهائوددین کوڕی شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێڵە(١٢٥٢-١٢٩٨)کۆچی

(٣) صەرعی:-پەرکەمدار . هەر ڕوێ :- هەر ڕۆژێ . جەنو:- لە نوێ ... هەرچەندە بیر لە کزەی زامی کوشندەت دەکەمەوە ، دەبورێمەوەو لە هۆش خۆم دەچم ، هەموو ڕۆژێ لە نوێ خەریکی ڕۆڵە ڕۆ کردنم .

(٤) عەر عەر تەرز:- بە وێنەی چنار . مدەون:- دەدەم . ماچووم :- دەڵێم . زایەڵە:- گریەو زاری ..
شەوو ڕۆژ یادی باڵای بەرزی چنار ئاسات دەکەم ، ئارامم نییە و خولاو خولمە ، دەتلێمەوە بە گریەو زایەڵەی بەرزەوە دەڵێم :

شکیاوه ، ڕۆڵه ، بڕیاوه نامـەت
پەشتم پەی زامەت تا ڕوی قیامەت (٥)

قرچەو چۆقەی زام جەرگم کاییەن
داخـــی لوای تـۆم نادیارییەن (٦)

کوورەی زامانـم بلـێسه بـەستـەن
جه بۆنەی ئەو زام توێ جێ نەڕەستەن (٧)

گـلاراوی زام جێ نەڕەستەمەن
گڕەی سوچیای جەستەی خەستەمەن (٨)

ڕۆڵه قەقنەسی باڵای ئـاڵاتم
هیجران باری تۆز گەردی پاڵاتم (٩)

---

(٥) شکیاوه :- شکایەوه . بڕیاوه :- بڕایەوه ، کۆتایی هـات . زامـەت:- دژواری ، سەخڵەتی ...
ڕۆڵەکەم ئیتر نه نامەت دیار دەبێ و نـه هـەواڵت ، بـه زامـی ناهـەموارو دژوارت پشتم شکاوەو تا ڕۆژی بەرێ هەر وادەبم .
(٦) کارییەن :- کاریگەره . لوای :- ڕۆیشتنی ، کۆچی .
(٧) بەستەن :- بەستووه ، هەستاوه . جێ :- تیا . نەڕەستەن:- سـاڕێژ نەبووه .
(٨) سوچیای :- سووتانی .
(٩) پاڵاتم :- پێڵاوتم .

ڕۆڵە دێوانەی دیدە و خاڵتم
کۆسکەفتەی هەوار سیماڵتم (١٠)

ڕۆڵە ئەو جەمین وێنەی پەڕەی گوڵ
پەی چێش وە بێ من بەردەنی وە گڵ ! (١١)

ڕۆڵە ئەر هەر سات بدەوم وە سەردا
دەردێوتەر هەنی مەیۆ وە وەردا (١٢)

دڵــەی کۆسکەوتەم تەمکەرد و مــەوات
هەی داد ، هەی بێ داد ، ڕۆڵـە ڕۆ هەرسات (١٣)

ڕۆڵە ڕۆ ، ڕۆ ڕۆی تۆ نەدینمەن
شەوان وا وەیلاو زاری و شینمەن (١٤)

ڕۆڵە کام هوونەن دیدەم پێ نەڕەشت
یا کام زووخاوەن دەروونم نەچەشت (١٥)

---

(١٠) کۆسکەفتەی:- کۆسکەوتووی . سیماڵ:- ڕەشماڵ، دەوار .
(١١) جەمین :- ڕوخسار . بەردەنی :- بردووتە .
(١٢) بدەوم:- بدەم . دەردێوتەر:- دەردێکی تر . هـەنی:- دیسان .مەیۆ:- دێت .
وە وەردا:- پێشەوە.
(١٣) مەوات:- دەڵێ .
(١٤) تۆ نەدینمەن:- چاوپێنەکەتنەوەی تۆمە . واوەیلا:- هاوارو داد
(١٥) هوونـەن :- خوێنـە . بڕوانـە مـەلا عبدالکریمـی مـدرس ، دیوانـی مەولەوی ، ١٩٦١ ، ل (٣٤١) دووەمین دێڕ ، ئەم دێـڕە هـەمان دێـڕە و بەکەمێك گۆڕانکارییەوە جارێکی تر نووسراوەتەوە ، وەکو لە سەرچاوەکەدا نووسراوە واتاکەش بەم جۆرەیە : ڕۆڵە ، کام خوێنە چاوم پێ نەڕەشت و بە چاوما نەهاتە خوارێ ، یان کام زووخاوە دەروونم نەیچەشت؟!

یە دەمەن ئاما ، ئەر مەوی شتر
کافر پەی جەننەت مەوی موسافر(١٦)

چەند فەردێك (مەعدووم) دەروون جە وەیدا
ماروومم جە تەنخوای نالّـه وە نـەیدا (١٧)

گلاراومـــەن چـەنی ئێشی چـــەم
مەنوشووم هەردەم خەم وە کووزەی خەم (١٨)

چەم جە ئێشی دەرد مەحروومیی پالّات
نمەنمانو عـەکس خەیالّی بـالّات (١٩)

==========================================

(١٦) یـه :- ئەمـه . دەمـەن :- گەردەلوولـه . ئامـا :- هـات . ئەرمـەوی:- گەردەبوو . شتر:- حوشتر.
واتە: ئەگەر لە عاستی ئەم گەردەلوولەدا حوشتر ئاسا ئارامم ببوایە، کافر دەچووە بەهەشت.
(١٧) فــەردێك:- تاکــه هۆنراوەیــەك . مــاروومم:- دێنــم ، دەهێنمـــەوە. جەتـەنخوای :- لـه جیاتی .لـه جیـاتی نالّـەی نـەی چـەند تـاکێکی مەولـەوی تۆماردەکەم .
(١٨) مەنوشووم:- ئەنۆشم . کووزە:- گۆزە. بڕوانە هەمان سەرچاوە ، ل (٢١٧) ، پێنجەمین دێڕ . ئەمیش لێرەدا هەندێك گۆڕانکاری تیاکراوە .
(١٩) مـەحروومی :- بـێ بەشـی . نمـەنمانو:- نـانوێنێ . بڕوانـه هـەمان سەرچاوە ، ل(٢١٧) ،شەشەمین دێڕ ... واتاکەشی وەکو لە سەرچاوەکەدا تۆمارکراوە بەم چەشنەیە : لەتاو ئێشی دووریی تۆزی کەوشەکانت چـاوم خەیالّی بالّاتی تیا دەرناکەوێ .

پەردەی لێڵاوی گرتەن دوو دیدەم
خەلۆەتەن ، سابو ، هەی بەرگوزیدەم (٢٠)

دڵ یەند جۆشی گەرم خەمان دان پێدا
سەمەندەر لانەش مەگێرۆ تێـــدا (٢١)

فیدات بام ئازیز جەمین پەڕەی گوڵ
دووریت کارێ کەرد ، ئانەچەم ، ئێد دڵ (٢٢)

حاڵ چینە تەنگتەر نییەن پێم ئامان
قەدەم ڕەنجەکەر ، ئامان سەد ئامان (٢٣)

==========================================

(٢٠) گرتــەن:- گرتــووە . خەلۆەتــەن:- چۆڵــە . ســابو:- ســا ، وەرە . بەرگوزیدە:- هەڵبژاردە . بۆ ئەم تاکە و سیانەکەی دواتری ، بڕوانە هەمان سەرچاوە ، ل(٢١٨) . واتاکانیشیان هی هەمان سەرچاوەن. واتە: پەردەی لێڵاوی هـاتووە بەسـەر چاوەکانمـا ، نـازدارە هەڵبژاردەکـەم ، دەرفەتــە ، وەرە کەس لەوێ نییە .
(٢١) یەند:- هێندە. پێدا:- پیایا. سەمەندەر:- پەلەوەرێکـە ، ئـەڵێن لـەناو ئاگرا هێلکە ئەکات .
مەگێرو:- ئەگرێ ... واتە : جۆشی گەرمای خەم و خەفـەت ئـەوەندە داویە بە دڵما ، وای لێ هاتووە سەمەندەر کردوویەتی بە هێلانەی خۆی .
(٢٢) ئانـە :- ئـەوە . ئێد:- ئەمـە ... واتـە ئـازیزە ڕوخسـار گوڵەکـەم ، لەدەورت گەڕێم ، دووریـت کارێکی پێـم کـرد ئـەوە حـاڵی دیـدەو دڵمـە کـە ئەیبینی .
(٢٣) چینـە:-لەمـە . نییـەن:-نییـە . پێـم ئامـان:-بەسـەرم هـاتووە . قـەدەم ڕەنجەکەر:- پێت زەحمەت بدە، ئازاربدە ... واتە : گیانە ، دەستم دامێنت ، حاڵم لەمە ناخۆشتر نابێت ، پێت ئازار بدەو وەرە بەسەر دەممەوە .

چوون جەستەی خەستەی مەینەتان مایە
بەلگم دیدەو دلْ نەشان وە زایــە (٢٤)

دیدە سورمەی تۆز پالاکەتناسەن
دلْ جای دەردتەن ، مەنەیشان خاسەن (٢٥)

ڕۆلە نەواچی ئەو غەمپەروەردە
ئەلبەت مەیلمان نەدلْ بەرکەردە (٢٦)

خەیر وەللا تا گیان نەتۆی قەفەس بو
کەم کەم ئاموشوی ئامای نەفەس بو (٢٧)

حەیاتم وە مەیل بالای تورکی تۆن
خەیالێچ نەفیکر ئاماو ئاموشۆن (٢٨)

---

(٢٤) چوون:- چونکە. نەشان:-نەچن . زایە:-ضایع ، فەوتاو . واتە: وەك لەشی نەخۆشم فەوتا ، کە بوو بوو بە مایەی خەم و خەفەت بۆم ، بەلگو دیدەو دلێشم نەفەوتێن . هەمان سەرچاوە ، ل(٢١٩) .
(٢٥) سورمە:- کل . جای:- جێی. مەنەیشان:- مانیان . واتە : چاوم تۆزی کەوشەکانت دەناسێ و کردوویە بە کل،دلێشم جێگەی دەردوبەلای تۆیە،لەبەرئەوە مانەوەیان باشە.هەمان سەرچاوەو لاپەڕە .
(٢٦) نەواچی:-نەلێی . بەرکەردە:- دەریکردووە ، لاییبردووە . واتە: ڕۆلە نەلێی ئەو پەروەردەی خەمەو ڕەنگە مەیلی ئێمەی لە دلا دەرکردبێ . هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە(٣٥٢) .
(٢٧،٢٨) خەیر:- نا . قەفەس:-قەفەزەی سنگ . ئامای:- هاتنی . تورك:- نەونەمام . واتە: تا گیانم لە قەفەزی لەشمابێ و کەم کەم ماوەی هەناسەدانم ببێ ، بەلەنجەو شنەی بالای تۆ دەژیم و خەیالێشم وابەستەی هاتوچۆی تۆیە . هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە .

سەنگیی سەنگ وخاك نەسەر دۆشم بو
مەر ئەوسا مەیلت فەرامۆشم بو...(٢٩)

ڕۆڵە چار نییەن کەردەی خودایە
گرد مەوجووداتێ فەناس ، ئەوماية (٣٠)

وەرنە سا مەویا وە داخی تۆ وە
سەر بنیام وە سەنگ سەرای کڵکۆوە (٣١)

مالووم شك نییەن، مەڕهوونەن ئوموور
پەڕەی وەختی وێش تا وادەی دەستوور (٣٢)

==========================================

(٢٩) سەنگی:-قورسایی . سەنگ:- بەرد . دۆش:- کۆڵ ، پشت . مەر:- مەگەر .
فەرامۆش:- لەبیرەوچوو . واتە : مەگەر کاتێ لەبیرم بچیتەوە کە قورسایی بەردوخۆڵی کڵکۆ بنیشێتە سەر کۆڵم . بڕوانە هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە (٢٦٩) .
(٣٠) گرد:- هەموو . مەوجوودات:- بوونەوەر . فەناس:- دەفەوتێ . مایە:- دەمێنێ .
(٣١) وەرنە:- ئەگینا . مەویا:-ئەبوایە. بنیام:- بنایە .
(٣٢) مالووم ، مەعلووم:- دیارە ، ئاشکرایە . مەڕهوونەن ئوموور:- کارەکان بەستراون بە، وابەستەن ، هەڵگیراون . پەڕەی وەختی وێش:- بۆ کاتی خۆی .
واتە : گومانی تیا نییە کە خوای مەزن هەر ئیشێکی بۆ کاتێ هەڵگرتووە کە دەستووری دا ، دەبێ بکرێ .

پەی تەسکینی زام وەی چەند فەردەوە
ڕۆڵە فـەنای تۆم تیکرار کەردەوە (٣٣)

دڵ پەی تەئریخ وات وە دەم دەردەوە
وەی داخ ، حەیف دنیای وێرانکەردەوە (٣٤)

*** ***

---

(٣٣) تەسکین:- ئارام و ئۆقرە . فەنا:- مەرگ، مردن . تیکرار کـەردەوە:- دووبارە کردەوە .
(٣٤) وات:- وتی . نیوە دێڕی دوایی ، بەپێی حسابی ئەبجەد و ڕێنووسی کۆن ( وَی داخ حیف دنیای ویران کردوە ) . دەکاتـە(١٢٩٦) کـە ساڵی مردنی (عەبدوڕڕەحمانی حاجی مەحموودی یاروەیس)ە .

...خانەی گشتی ی سلیمان...
...مارە: ......
...وار ١٩٩ / / ١

## (٢) *
## " شين بۆ محەممەد پاشای جاف "

جە میرە مالان ...        ...
خێزا وا وەیلا جە میرە مالان (١)

غولامان غەمناك ، خاك وە چەم مالان
ئای وای بڕیاوە زەمزەمەی سالان (٢)

هەی داد هەی بێ داد پەی ئاغەی خاسم
پــەی پاشای ملووك خزمەتشناسم (٣)

---

* ل(٢٥)
(١) جەمیرە مالان:- لەمالە میران . خێزا:- هەستا ، بەرزبووەوە .
(٢) غولامــان:- نۆكــەران . مــالان:- پیادەكێشــن . بڕیــاوە:- بڕایــەوە .
زەمزەمە:- ئاهەنگ و خۆشی .
واتە: هەموو خاك و خۆڵ بەسەرو چاویانا دەكەن ، ئەی هاوار، ئاهەنگ و خۆشیی سالانمان نەما.
(٣) خاس:- باش . خزمەتشناس:- خزمەتگوزار.

مەر ڕوێ سەد جار زاری جە نۆ کەم
بدەم وە سەردا هەر پاشا ڕۆ کەم

سەرداری سوپای سیامالْم ڕۆ
نەوەی کەیخەسرەو میرە مالْم ڕۆ

پاشای تورمەپۆش شا شناسم ڕۆ
سامی نەریمان دوڕ شناسم ڕۆ (٤)

==========================================

(٤) تورمە:- عەبای ئاوریشمی سەرشانی گەورە پیاوان .سامی نەریمان:- پادشایەکی کۆنی ئێران بووە
دوڕ:- بەردێکی زۆر بەنرخە . دوڕشناس:-دوڕناس .

کتێبخانەی گشتی سلیمانی
ژمارە: ---
بەروار / / ١٩٩

سەرداری پەڕ زور عەدل و دادم ڕۆ
عەشرەت بێ سەردار ، کول بەربادم ڕۆ (٥)

سەرداری وەڕاس وە بالآی تۆ بو
ئەر تۆ سەردار بووی سەردار جەکۆ بو (٦)

نادر وی لە بەین ڕۆم و ئێراندا
شێری غەڕڕان وی وە سەر شێراندا (٧)

ڕۆمەن پەی تەڕلان بازی تەوارت
پەی ئەسپی تازیی خاسەی شکارت (٨)

پەی وەختی شکار شاهان دەستوورت
پەی سفرەو ئەساس چینی و فەخفوورت

بالْی چەم هوردار :ەی سەر وەختەدا
نیگاکەر وە حالْ سەختی بەختەدا (٩)

---

(٥) کول بەرباد:- هەموو سەر گەردان و بێ دەرەتان .
(٦) جەکۆ بو :- لەکوێ بێ .
(٧) نادر:- دانسقەو هەلگەوتوو.
(٨) تەڕلان:-شاباز . تەوار:- بازی مێچکە . تازی:- ڕەسەن . خاسە:- هەلبژاردەو تایبەت.
(٩) بالْی چەم هوردار:- چاوێك هەلبڕە . نیگاکەر:- تەماشاکە .

پاشام جه دمات وهشیمان ویەرد
نا پەیدایی تو سامانم ساکەرد (١٠)

بینایی دیدەم دەیجوورەن بێ تۆ
ڕۆشنایی دیدەم بێ نوورەن بێ تۆ (١١)

هورێزە ، بدیە وەی ئەحوالاندا
وە پەشیویی حال سیامالاندا (١٢)

پەی من ڕۆ ، پەرەی عەشرەت نەدامەت
هەر پاشا ڕۆ بو تا ڕوی قیامەت (١٣)

یە(مەحموود) واتەن بێ وەفاو بەینەت
مەندەن پەی سزاو هیجران و مەینەت (١٤)

==========================================

(١٠) جە دمات:- لە دوای تۆ . ویەرد:- ڕۆی ، نەما . نا پەیدایي:- نادیاری.
ساکەرد:- نەیهێشت . واتە: پاشام ، لە دوای تۆ خۆشیمان نەما ،بە نادیاریی تۆ مالم وێران بوو .
(١١) دەیجوور:- زۆر تاریك ، نووتەك .
(١٢) هورێزە:- هەستە. بدیە:- سەیرکە . وەی:- بەم .
(١٣) پەرەی:- بۆ . نەدامەت:- داخ و دەرد . ڕوی:- ڕۆژی .
(١٤) یە:- ئەمە. مەحموود:- ناوی شاعیر خۆیەتی . واتەن:- وتوویەتی . مەندەن:- ماوە .
هیجران:- دووری و دابڕان . مەینەت:- دەرد و خەم .

دەوێ ڕەزا وێ وە قەزا گشت کەس
باقی هەر خودا دەمێنێت و بــــەس (١٥)

دلٚ وات کۆن سەردار ئەو حیلم و سەبرش
تەئریخ وات بێژ (دەی ڕەحمەت لە قەبرش) (١٦)

**** ****

(١٥) نیوەی دووەم ئاماژەیە بەم دەقەی قورئانی پیرۆز : ( ویبقى وجه ربك ذوالجلال والاكرام )
(١٦) کۆن:- کوا . ناو کەوانەکە بە گوێرەی حسابی ئەبجەدو ڕێنووسی کۆن ( دی رحمت لە قبرش) دەکاتە (١٢٩٩) کە ساڵی کۆچی (محەمەد پاشای جاف)ە .
لە کۆتایی هۆنراوەکەدا (عەلی جاف) لە ڕۆژی (١٩٧٢/٨/٢٦) دا نووسیویەتی : کەلە (١٢٩٩) ی کۆچیدا کوژراوە ، (حاجی مەحموودی یارەمیس)یش کە پیاو ماقووڵی (حەمە پاشای جاف) و دوای ئەویش پیاو ماقووڵی(مەحموود پاشا) ی کوڕی بووە، ئەولاواندنەوەو شینەی بۆ وتووە .

## * (٣)

## تاريخ وفات مرحوم مولوى (عليه الرحمه) (١)

---

آسمان گر خون بارد بر وفات مولوى
زيبدار برگ سيه پوشند أهل دنيوى (٢)

مجمع علم و عبادت مخزن صدق و صفا
مظهر عقل و درايت مير ملك معنوى (٣)

پيروى شرع محمد (ص)شيخ أولاد حسين
سالك راهى طريقت در طريق أخروى (٤)

==========================================

* ل (٢٦)
(١) واته بەرواری کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (مەولەوی) ڕەحمەتی خوای لێ بێ . ئەوەندەی من ئاگاداربم هەر لەم سەرچاوەیەدا بەحسابی ئەبجەد ساڵی کۆچی دوایی مەولەوی تۆمار کراوە .
(٢) گەر ئاسمان بۆ مەرگی مەولەوی خوێن ببارێنێ ،بەرگی ڕەشپۆشانی مرۆڤی دنیای پێ دەڕازێتەوە (٣) کۆڕی زانست و خوا پەرستی ، گەنجینەی ڕاستگۆیی وبێ گەردی ،خاوەنی ئاوەزودەرکپێکردن، میری زەمینەی دەروونناسی .
(٤) پەیڕەوکەری دەستووری محەممەد(د.خ) ، پیری پیرۆزو وەچەی حسەین (د.خ) ڕێبواری ڕێبازی سۆفیگەری بەرەو ڕێی ڕاستی ئەو دنیا .

فارس نظم و قصايد در حقيقت در مجاز
ريزه چين خوان جودش صدأمير دهلوى (٥)

بهر تأريخ وفاتش آنقدر كرديم فكر
كاسمان(غش) كرد بر مرگ جناب مولوى (٦)

*** *** ***

---

(٥) سوارچاكى هۆنراوه لـه بـوارى ئەشقى ڕاستى و ئەشقى ڕووكەشدا (حەقيقى و مەجازى) سەد ميرى دەهلەوى ستايشكەرو ميوانى خوانى بەخشندەيى بوون.

(٦) بۆ بەروارى كۆچى دوايى ، ئەوەندەى بۆچووم كە، ئاسمانيش بۆمەرگى مەولەوى بەرگى خەمى پۆشيوە . بە حسابى ئەبجەدو ڕێنووسى كۆن وشەى(غش) دەكاتە (١٣٠٠) كە ساڵى كۆچى دوايى مەولەوييە .

## (شین بۆ فەتاحی کوڕی)

(٤) *

هەی دەردە داران ،      ....      ....
بەیان پێمەوە ، هەی دەردە داران (١)

ئەحوالْنەزانان هیچ نمەزانان
ئێش بەد تەر مەبو جە حالْنەزانان (٢)

هەرکەس خەمبارەن خەم پەنەم باران
بەلکم ساکن بام جە ڕۆی نازاران (٣)

کولیاوە زامم ، دیسان دڕیاوە
پەردەی سەبووریم ، جەرگم بڕیاوە (٤)

---

* ل (٣٢،٣٣)

نووسراوە: مرثیـەء محمود أز بهر مرحوم فتاح پسرش رحمـه الله. واتـە: شیوەن و لاواندنـەوەی (مـەحموود) بـۆ خوالێخۆشـبوو (فـەتاح) ی کـوڕی، ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

(١) بەیان پێمەوە:- بێن بە هانامەوە

(٢) نمەزانان:- نازانن . بەدتەر مەبو:- خراپتر نابێ .

(٣) پەنەم باران :- بۆم بهێنن . جە ڕۆی:- لە شینی .

(٤) کولیاوە:- کولایەوە . دڕیاوە:- دڕایەوە . بڕیاوە:- بڕا ، لەتلەت بوو.

بۆی دەماخ وە ئاخ شادیی و شینم
سەرگەردان نە گێج دەریای ئەسرینم

چەرخی چەپ باز هەم کەچنەردی کەردەن
پیشەی حـــــەیاتم جە بێخ ئاوەردەن (٥)

==========================================

(٥) چەرخی چەپ:- ڕۆژگاری پێچەوانە . بازهەم:- دیسان . کەچنەردی کەردەن:- نەردی.لاروکەچی هەڵداوە . بێخ:- بن . ئاوەردەن:- هێناوە . واتە: ڕۆژگاری پێچەوانە جارێکی تر بە نابە دڵی من نەردی هەڵدا ، بەمەش پیشەی ژیانمی لە بنج و بناوانەوە دەرهێنا .

(مەحموود) چەرخی چەپ کام کارێش نەکەرد
یا پیشەی حەیات کێش جە بێخ ناوەرد؟! (٦)

هەر ڕو وە طەرزێ ، هەر شەو وە دەردێ
هەر ڕۆڵە ڕۆمەن ، سوب ئاهی سەردێ (٧)

گا ماچووم هەی داد جە دەردی دووری
گا ماچووم دڕیان پەردەی سەبووری (٨)

گا ماچووم هەی ئاخ ، های ئەڕواحم ڕۆ
گا عەلی ، گاهێ داخ (فەتاح)م ڕۆ

وە هەر هەواردا ، وە هەر گوزەردا
هەر خاکی حەسرەت کەرووم وە سەردا

ڕۆڵە وا وەیلای جەستەی زکاریت
دەردی بێ دەرمان دەردەکەی کاریت (٩)

حەکیمی ماتڵ جەستەی خەستەکەت
کزەی دەردی سەخت جێ نەڕەستەکەت (١٠)

---

(٦) کارێش:- کارێکی . نەکەرد:- نەکرد . کێش:- کێی . ناوەرد:- نەهێنا.
(٧) سوب:- بەیانییان ، سبەینان .
(٨) گا:- جارێ . دڕیان:- دڕاوە.
(٩) زکاریت:- داماویت . حەکیمی ماتڵ:- پزیشکی داماو . جێ نەڕەستە:- چارەسەرنەکراو .

ڕۆڵە ڕۆی بێ شۆی تا مەحشەر وەسۆ
چەنی دوود و ئاخ بەرووم وە گلگۆ (١١)

ڕۆڵە ساکنیم وەی طەور قەرارەن
منیچ ڕام لای تۆن ، ئارو نثارەن (١٢)

هیچ حەسرەتمەند نیم ، سەبووری سادەی
باقی هەر ئەوەن ڕەحمێ کەر ،، بـــابەی (١٣)

ئومێد وە کەریم ڕەحیمیش کەردەن
هەرسێ وە ڕەویەی شەهید ویەردەن (١٤)

===

(١١) بێ شۆ:- بێ ئەندازە . دوود:- دووکەڵ . بەرووم:- دەبەم .
(١٢) ساکنیم:- ئارامم . وەی طەور قەرارەن:- بەم جۆرەیە . نثـــارەن:- پێشکەشکردنی گیان .
واتە: ڕۆڵە ، بەم جۆرە ئارام دەگرم ، وامنیش بۆ لای تۆ دێم و گیان بە دەستەوە دەدەم .
(١٣) حەسرەتمەند:- خەمبار، داخ لەدڵ . باقی هەر ئەوەن :- هـەر خوا ئەمێنێ .
(١٤) وە ڕەویەی:-بە داب و دەستووری . ویەردەن:- ڕۆییون.

تەئریخ وە ئەوشەن ڕچاو تەمەننا
فەتاح وەی خودا ڕەحمت پێ بکا (١٥)

لواش وە ڕەحمەت بازکەردم ئیظهار
سەنەی هەزارو سێ سەد و چهار (١٦)

**** ****

---

(١٥) وە ئەوشەن:- بەویەتی . ڕچاو تەمەننا:- تکاو هیوا . بەحسابی ئەبجەدو ڕێنووسی کۆن
(فتاح وی خدا رحمت پی بکا) دەکاتە (١٣٠٤) کە ساڵی کۆچکردنی کوڕەکەیەتی .
(١٦) لواش:- ڕۆیشتنی . کەردم ئیظهار:-ئاشکرام کرد ، ڕوونمکردەوە .

# ئـەحمـەد مـەجذووب

تا ئامادەكردنی ئەم بەشەی كەشكۆڵەكەی (حاجی مەحموود یارەویس) هیچ زانیارییەك لە بارەی ئەم شاعیرەوە بڵاونەكرابووەوە.

كاك (شەوكەتی حاجی موشیر) هەندێ زانیاریی باشی دامێ . لە ڕۆژی (٢٨-٨-١٩٩٨) دا ، لە ماڵی كاك (شەوكەت) لە سلێمانی چاوم بە كاك (مەلا طاهیر كوڕی عوسمان كوڕی هۆمەر كوڕی حاجی مەحموودی یارەویس ) كەوت ، ناوبراو ئامۆزای كاك (شەوكەتی حاجی موشیر)ە ، كە باسی ئەم شاعیرەمان هاتە كایەوە ، ئەویش زانیاریی باشی لەسەر هەبوو. منیش هەندێ پرسیارم خستنە سەر پارچە كاغەزێك و تكام لێ كرد كە گەڕایەوە هەڵەبجە لە خزم و سەیدانی (هانە سوورە) ی نزیك (هەڵەبجە) زانیاریمان بۆ وەرگرێت و بۆمان ڕەوانە بكات . ئەویش دوای دوو ڕۆژ نامەیەكی بۆ كاك (شەوكەت) ناردبوو ، ئەم زانیارییانەی لە بارەی (ئەحمەد مەجذووب)ەوە تۆمار كردوون ، زۆر سوپاسی ئەكەین .

(ئەحمەد مەجذووب) (ئەحمەدە شێت) یشیان پێ ووتوە ، چونكە زۆر شەیداو وابەستەی ڕێبازی سۆفیگەری و ئەشقی خودایی بووە ، هەر كاتێ قازانی بە كوڵی دڵی هەڵچوو بێ حاڵی لێ هاتووە و بارێكی نائاسایی بەسەردا هاتووە ، بە زاراوەی سۆوفییەتی وتراوە (جەذبە) گرتوویەتی ، واتە (مەجذووب) بووە - حاڵی لێ هاتووە ، لەبەرئەوەی بە بێ ڕووپامایش قسەی هەقی كردووە بە (ئەحمەدە شێت) یش ناوبراوە .

بە (ئەحمەد پریسی) ناسراوە ، لەگەڵ (حاجی مەحموودی یارەویس) دا

پـوورزای یـەکترن . (پریـس) گوندێکـی نزیـك هەڵەبجەیــە . هاوچــەرخی (مەولەوی) و (حاجی مـەحموودی یاوەیس) بـووە . (حـاجی مــەحموود) زۆر خۆشـی ویســتووە و ڕێـزی لـێ گرتـووە و یارمــەتی داوە ، هــەر لەســەر داواکاریی ئەویش هاتووەتە گوندی (پریس) و نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش کۆچـی دوایـی کـردووە و گۆڕەکـەی وا لەســەر (ملــەی مزیــار) بەرانبـەر (گۆڕستانی شێخانی هانە سوورە) .

(ئەحمەد مەجذووب) موریدی (شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێڵە) بووە و زۆری خۆش ویسـتووە . خوالێخۆشـبوو (مەولـەوی) ش زۆر ڕێـزی لـێ گرتووە و گەلێ خۆشی ویستووە . لە دیوانی (مەولەوی) دا لە لاپەڕە (٨٥) دا ، تاکە دێڕێك دەربارەی ئەم شاعیرە تۆمار کراوە :

برِیا وە باڵاش کاڵای ڕەئیسی
ڕجالولغەییە (ئەحمەد پریسی)

لە پـەراوێزدا مامۆسـتای پایـە بـەرزمان جـەنابی (مــەلا عەبدولکـەریم) نووسیویەتی : (مەولەوی لەم شیعرەدا باسی ئەحمـەد پریسـی ئـەکات ، کـە یەکێك بووە لە موریدەکانی شێخ عوسمانی تەوێڵە) .

واتە : کاڵای گەورەیی بڕا بە باڵای ئەحمەد پریسی وە بوو بە یەکێك لە (ڕجالولغەیب) کە بە عورفی ئەهلی تەصەووف تاقمێکن لە ئـەولیا کاروبـاری زەوییان دراوەتە دەس ، وە بە هێزێکی مەعنەوی ئەتوانن زۆر بەزوویی بە هەموولایەکا بگەڕێن بۆ سەرپەرشتیی کاروبار .

**** **** ****

* (١)

لەرەی لەرزانـەی دلـئاور وە لەرز
کڵاوە نەی پێچ باڵای عەرعەر تەرز (١)

قەهقەهەی شیشەی ئـەو ستێزاوە
دیسان دوودی فەرق مەجلیس خێزاوە (٢)

لەب وە خەندەوە ، چەم وە نیگاوە
وەختێ جە ڕووی ناز دیا وەلاوە (٣)

قەضا وات وە بانگ بلـندی بێ حەد
غەزای(یوم البدر) (العود) وە (ئەحمەد) (٤)

*** *** ***

========================================

* ل (١٢)
(١) لەرزانە:- ئەو خشلەی ئافرەت لە خۆی دەدات .دلئاور وە لەرز:-دل بە لەرزهێنەر ،دل دێنێتە لەرزە . بەو خشلەوە کە ئاوێزانی باڵای بەرزو باریکی وەکو عەر عەر بووە ، کە دەڕوات و دەزرنگێتەوە دل دەخاتە لەرزە .
(٢) قەهقەهەی شیشە:- قاقای شووشە . ستێنراوە:- بلند بووەوە . دوود:- دووکەل .
فەرق:- سەر . خێزاوە:- هەستایەوە، ورووژایەوە . کە قاقای بەرزبۆوە ، دیسانەوە دووکەل لە تەوقە سەری کۆڕەوە بەرز بووەوە .
(٣) لەب:-لێو .چەم:-چاو .جە:-لە .دیا:-سەیری کرد.واتای ئەم دێڕەوئەوی دواتر پێکەوەیە .
(٤) قەضا:-قەزاو قەدەری خوا . وات:- وتی . (یوم البدر):-جەنگی بەدر. (العود):-گەڕانەوە بۆ سەر.
بە لێوی پڕ خەندەو چاو بە گۆشەی نیگاوە ، بە ڕووی نازەوە ئاوڕێکی لێم دایەوە ، دەمودەست قـەزاو قـەدەر دای بە گوێما کە هـەموو غـەزای ڕۆژی بەدری سەردەمی سەرەتای ئیسلام بەسەر ئەحمەدا شکایەوە .

* (٢)

وەو تەلارەوە ، .... ....
ئارو قیبلەم دی وەو تەلارەوە (١)

سەوڵ وە فۆطەی تورك ، گوڵاو کارەوە
لا وە ئیلتیفات بــێ شمارەوە (٢)

پەشتان پارچەیی قرمز قەناوێز
ئەلحەق قەناوێز وە ستوویی وە بێز (٣)

تەوقی شەوقی ئەو ها وە گەردەنم
(مەجذووب) وە جەذبەی ئەو تا مەردەنم (٤)

*** *** ***

---

* ل (١٢)

(١، ٢) وەو:- بەو . تەلار:-کۆشك . ئارو:- ئەمڕۆ . سەوڵ:- بالا . فۆطە:- پۆشین.
ئیلتیفات:- لاکردنەوە. بێ شمار:- لە ڕادەبەدەر ، زۆر .
(٣) پەشتان:- ئاوێزان،شۆڕەو بوو. قرمز:- سوور . قەناوێز ، قەنەوز:- جۆرە قوماشێکە . ئەلحەق:- بە ڕاستی . وەستوو:- بەستراو ، قوماشی دراو بەسەرو ملدا .واتە: پۆشینی ڕەنگاو ڕەنگ و ئالۆوالای، ئاوێزانی سەراپای بالآی بوو بوو، هیچ سەرپۆش و پۆشینێك لە پالیا دیار نەبوون.
(٤) ها:- وا . وە گەردەنم:- لە گەردنمایە ، لە ملمایە . جەذبە:-ئەشق . مەردەنم:- مردنم . تەوقی خۆشەویستیی ئەو نازدارە لە گەردنمایەو تا ئەو ڕۆژەی دەمرم پابەندو شەیدای ئەشقی ئەوم .

(٣) *

قیبلەم مەلاڵ بو ، .... .....
دلێ غەیری جە خەم خاڵت مەلاڵ بو (١)

ئەو دڵ ئەر دانەی شەو چرای لاڵ بو
تو خوا بڵانەش با وە زوخاڵ بو (٢)

---

* ل (٢٣) ... بڕوانە عوسمان محەممەد هەورامی ، دیوانی وەلی دێوانە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦ ل ٥٩ . چەند ساڵێ دوای ئەوەی گەشتێکی وردم بەناو ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژیندا کرد، لەژمارە (٥٨٠ ) دا،ساڵی (١٩٣٩) ئەم هۆنراوەیە بەناوی (مەجذووب) ەوە بڵاوبووەتەوەو هی ئەویشە ، هەروەها بڕوانە : محەمەد عەلی قەرەداغی ،کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کورد ،بەرگی دووەم ، ١٩٨٢ ، ل ٢١٧ .
ئەوەی شایانی باسە ئەم دەقە لەوانی تر تەواو ترە.
(١، ٢) مەلاڵ بو ،مەلوول:- پەشێوبێ ،خەمبار. غەیر:- بێجگە . ئەر:- ئەگەر.
دانەی شەوچرای لاڵ:- ئەوگەوهەرەی لەشەوە زەنگا ئەبریسکێتەوە .
بڵانەش:- لێی گەڕێ .
وە زوخاڵ بو:- بە خەڵۆوزبێ ... قیبلەکەم ، ئەگەر دڵم بێجگە لەخەمی خاڵی تۆهیچ پەشێوی و مەراقێکی تری هەبێ ، ئەم دڵەم گەرچی لە ئەشقاوەکوگەوهەری شەوچرا شەوق بداتەوە ، توخوا لێی گەڕێ باوەکو خەڵۆوز ڕەش هەڵگەڕێ .

سەرێ وەر سەری کەمان بو هەر ڕو
هەر شەو سەر نەدو وە ئاسانەی تو (٣)

ئەو سەر ئەر سەردار دەورانی دوون بو
تو خواا بڵانەش با سەر نگوون بو (٤)

=====================================================

(٣، ٤) وەرسەر:- پێشگر. کەمان:- کەوان . هەر ڕو:- هەموو ڕۆژێ .
نەدو:- نەدا .
ئاسانە:- دەرگانە ، بەردەرگا... سەرێ ئەوەندە سەلار بێ کەڕۆژانە بەرگری لە تیرو کەوان بکات و پێش بەتیر بگرێ ، ئەو سەرە ئەگەر شەوانە سەرلە دەرگانەی تۆ نەدات ، باسەرداری ڕۆژگارو دەورانی هیچ وپووچیش بێ ، توخوا لێی گەڕێ باسەرنگوون وبێ شوێنەوار بێ .

دیدەم ، دیدەیە نەوینو بـــالآت
هەرسوب نە ڕەژیۆ وە گەردی پالآت (٥)

ئەو دیدە دیدەی جەیری توند خێز بو
توخوا بلآنەش با سوما بێز بو (٦)

دەسێ دەس نەدو نە کەمەر پەیوەس
نەیو نە گەردەن پەیاپەی دەس دەس (٧)

ئەو دەستە ئەردەست نەققاشی مەور بو
توخوا بلآنەش با بەستەی گەور بو (٨)

---

(٥، ٦) نەوینو:- نەبینێ . سوب:- بەیانی . نەڕەژیۆ:- نەڕەژرێ . وەگەردی پالآت:- بەتۆزی پێلآوت . جەیر:- ئاسك . توند خێز:- سرك وگورجوگۆل . سومابێز:- بێ بینایی ... چاوەکەم ، ئەگەر چاوێ نەڕوانێتە بالآت و هەموو بەیانییەك بە تۆزی پێلآوەکانت نەڕەژرێ ، ئەوچاوە گەرچی وەکو چاوی ئاسکی سرك و تیژڕەویش بێ ، توخوا لێی گەڕێ بانابینابێ .

(٧، ٨) نەدو:- نەدا، نەخاتە . نەکەمەر:- لەکەمەرا. پەیوەس:- نەیونە گەردەن:- نەچێتە گەردن . پەیاپەی:- خێرا خێرا بەدوراندەرابێتەوە . نەققاش:- نیگارکێش . نەققاشی مەور:- بۆم ساخ نەبووە وە کام هونەرمەندە . بەستەی:- بەستراو . گەور:- زۆرداری بێ سۆز ... دەستێ کەبەدەوری کەمەردا نەیەتەوە و خێرا خێرا نەکرێتە گەردن ، ئەودەستە ئەگەر دەستی هونەرمەندێکی وەك(مەور) یش بێ ،توخوا لێی گەڕێ بابەدەستی زۆرداری بێ میهرەبان ببەسترێت و ببڕرێت .

پایە پەی پاڕەو تو نەشو وە ڕا
وەڕای یانەی تو نەشو وەڕایڕا (٩)

ئەوپا ئەر پای پاك بەدری مونیر بو
توخوا بڵانەش با وە زنجیر بو (١٠)

قیبلەم با دەستم وە دامانت بـو
(مەجذووب) نە زومرەی غوڵامانت بو (١١)

*** *** ***

---

(٩، ١٠) پایـە:- پێیـەك . پـەی:- بـۆ. پـاڕەو:- پێـڕەو . نەشـو:- نـەڕوا . وەڕا:- بەڕێدا .
وەڕای:- بـەڕێی . یانـە:- مـاڵ . ڕایڕا:- ڕێ بـەڕێ ... پێیـەك بـەدوای پێـی تۆدا نەڕوات و پێڕەوی نەكات ، ڕێ بەڕێ بـەرەو هـەوارگەی تۆ نـەڕوات ، ئەو پێیە ئەگەرچی پێی بەدری مونیریش بێ ، توخـوا لێـی گەڕێ بـاكۆت و زنجیر بكرێ .
(١١) نە زومرەی:- لەدەستەی . غوڵام:- نۆكەر .

* (٤)

هەر چەنی شاهین نیمنیگاش پەڕتاو
بەست پەڕەی دڵەی توی دەروون کەواو (١)

یانێ چەرخیا ئەو لام ئەو مەهتاو
وانام کەلیمەی (نعم الانقلاو) (٢)
*** *** ***

==========================================

* ل (٢٤، ١٥٥) .
(١، ٢) هەرچەنی:- هەر لەگەڵ . شاهین:- شەهێن . نیمنیگاش:- نیو نیگای ، گوشەی چاو .
پەڕتاو:- پڕ تین . کەواو:- کەباب . چەرخیا:- وەرچەرخا ، لای کردەوە .
مەهتاو:- مانگ .
وانام:- خوێندم . نعم الانقلاو:- گوڕانی باش .... هەر لەگەڵ چاو شەهێن بە گوشەی چاوەکاریگەرو پڕ تینەکانی پەڕە پەڕەی دڵی کەبابئاسا برژاندو جارێکی کەش ئەو مانگە لایەکی بە سۆزی لێم کردەوە بۆ ئەم گوڕانەی سوپاسی خوام کرد .

* (٥) *

هیچ چینە وەشتەر نییەن نـە ئافـاق
وە فتوای جومهوور مەعشەرەی عوششاق (١)

پەی کەسێ وە عەشق دڵسەودایی بو
دوس نە بەهانە خودنمایی بـو (٢)

*** ***

========================================

* ل (١٥٥) .

(١، ٢) چینە:- لەمە . وەشتەر:- خۆشتر . نییەن:- نییە . نە ئافاق:- لە هەموو جیهاندا .

فتوا:-بڕیار . جومهوور:-کۆمەڵ . مەعشەرەی عوششاق:-کۆڕی دڵداران .پەی:- بۆ . بەهانە:-بیانوو

خودنمایی:- خۆنواندن ... بە پێی بڕیاری کۆڕی شەیدایان ، لە هەموو جیهاندا هیچ شتێك لەوە خۆشتر نییە کە سەودا سەرو شەیدای ڕاست دڵی کەیلی ئەشق بێت و دۆستیشی بە نازەوە خۆی بنوێنێت و دڵی بداتەوە .

## (٦) *

ئەر پەرسی چەنیم چەنی و پەژاران
ئەلبەت مالوومەن جە لای نازاران (١)

تا جە لای جەبهەی لەیلێ هەر شێوەن
قەیس هەر ڕو طەرزێ دێوانەو لێوەن (٢)

تا نیمنیگای عەین دیدەی حەویوەن
من مەرگم میەان ، دەردم نە صیوەن (٣)

*** *** ***

---

* ل (١٥٥،٢٤) .

(١، ٢) پەرسی:- دەپرسی . چەنیم:- چۆنم . چەنی:- لەگەڵ . مالوومەن:- ئاشکراو ڕوونە . جە:- لە . جەلا:- شەوق و ڕۆشنایی . جەبهەی:- ناوچەوان . هەر شێوەن:- وەك خۆی بێ . طەرزێ:- جورێك . دێوانەو لێودن:- شێت و شەیدایە ... گەر پرسیارم لێ دەکەی لەگەڵ خەم و پەژارەدا چۆنی ؟! لە وەلامدا دەڵێم : دیارە لای نازداران ئاشکراو ڕوونە ، کە تا شەوق و ڕووناکیی لەیل وەك خۆی بێ ،قەیسیش هەرڕۆژەی بەجورێ شێت وشەیداودێوانەیە.

(٣) عەین:- چاو . حەویوەن، حەبیبەن:-خۆشەویستە . دەردم نەصیودن، نەصیبەن :- بەشم دەردە... تاکو خۆشەویستەکەم بە گۆشەی چاوی سەیرێك بکا، میوانم مەرگەو بەشیشم دەردە .

* (٧)

ئەلعەجەب دیدەم ، عەجەبتەر چێشەن
چەند سالەن وەتیر عەشقت دلْ ڕێشەن (١)

قرچەی چوقەی جەرگ سەنگ نە بەڕ تاوان
هێمای پزیسکەش وە تـــــو نەیاوان ! (٢)
*** *** ***

---

* ل (٣٩) .
(١ ، ٢) ئەلعەجەب:- سەیرو سەمەرە،وشەی سەرسڕمانە . چێشەن:- چییە. ڕێشەن:-ڕووشاوە .
سەنگ:- بەرد .بەڕ:- چۆلەوانی. تاوان:-تواندوویەتەوە . هێمای:-هێشتا . پزیسکەش:- پریشکی .
نەیاوان:- نەگەیشتووە . ئەشکرێ شاعیر وتبێتی : (العجب دیدم): شتی سەیرو سەمەرەم دیوە واتە: دیدەکەم ، زۆر پێم سەیرو سەمەرەیە کەچەندان ساڵە ئەم دڵەم بە ئەشقی تۆ بریندارەو کەچی هەر ماوە ! ، قرچەو چۆقەی جەرگم بەردی کێوانی تواندەوە ، چۆنە کە وا هێشتا پڕیشکی ئاگری هەناوم نەگەیشتوەتە لای تۆ ؟! .

کتێبخانەی گشتی ی سلیمانی
١٩٩

* (٨)

بینابیم ، دیدەم ، ئەر بشنەوان گوڵ
گەنجئاسا تەشریف بەردەنی وە گڵ(١)

پای وێ مەکێشو جە دامانشان
نمە بو هەوەس بەر ئامانشان (٢)

*** ***

==========================================

* ل (٣٩) .

(١ ، ٢) بشنەوان:- ببیستن . گەنجئاسا:- وەك خەزێنە . بەردەنی:- بردووە . پای وێ:- پێی خۆ .

مەکێشو:- ڕادەکێشێ ، درێژ دەکات . جە دامانشان:- لە داوێنیان . نمە بو:- نابێ .

بەرئامانشان:-دەرهاتنیان ،سەردەرهێنانیان ... چاوەکەم ، ئەگەر گوڵان هەواڵی کۆچی دوایی تۆی گەنجینەو خەزێنە ئاسا لە جوانی و شۆخیدا ببیستن ، هەموو لە پەلوپۆ دەکەون و وزە و حەزی سەر دەرهێنانیان نامێنێ .

* (٩)

عەرضە داشت بەندەی دڵ وە خەم خارت
سەودایيم كەردەن تاسەی دیدارت (١)

زەڵم و تانجەروی دیدەی پەڕ جەهوون
بین وە ئەشكئەفزای فورات و جەیحوون (٢)

یانیهای دیدەم یەند زور ئـاوەردەن
ڕای قوفەی گەشتی جەیرش بەند كەردەن (٣)

---

* ل (٣٩).

(١) عەرضـه داشت:- سكاڵای هەیە. خـار:- دڕك . سـەودایيم كـەردەن:- شەیدای كردووم
تاسە:- ئارەزوو ... نازدارەكەم ، من كە كۆیلەو بـەندەی تۆم و دڵم بـە دڕكی پەژارەو خەفەت زامدارە ، سكاڵام هەیە ، ئارەزووی دیدارو بینینی شەیدای كردووم و ئارامم لێ بڕاوە .

(٢) پەڕ:- پڕ . جـەهوون:- لـە خوێـن . بـین:-بـوون . ئەشـكئەفزا:- فرمێسكرێژ .جەیحوون:- ڕووبـارێكی گەورەیـە لـە وڵاتـی ئۆزبەكستان ... هـەردوو چاوانم بوونەتـە ڕووبـاری زەڵم و ڕووبـاری تانجـەرۆ، بـە خوێن فرمێسك دەڕژێننە ڕووباری فورات و جەیحوونەوە .

(٣) یانیهای:-واتە . یەند:- هێندە . زور ئاوەردەن:-زۆری هێناوە .قوفە:- كەڵەك. جـەیر:-ئاسكەكێوی . بەندكـەردەن:-گرتـووە ... دیدەكـەم ، واتـە ئەوەندە لافاو هەستاوە و زۆری هێناوە ڕێی لە هـاتوچۆی كەڵەكی گەشتی نازداران گرتووە .

جه قەلۆزەی هوون شەهیدان یەکسەر
بێ جا کوشتەی تیخ نیمنیگای دلبەر (٤)

سارای شارەزوور ئینە چەند بەینەن
وێنەی کەلۆەلای ئیمام حسەینەن (٥)

ڕای ئاماو لوای قاصد بەند بییەن
پەوکە نامەمان ئاموشوش نییەن (٦)

*** ***

==========================================

(٤، ٥) قەلۆزە:-قەلبەز ،تاقگەی نزم وبچووک .بێ جا:-بێ شوێنەوار .کوشتە:-کوژراو . ئینە:-ئەمە .
چەند بەینەن:-ماوەیەکی زۆرە . کەلۆەلا:-کەربەلا ... لەبەر قەلبەزەی خوێنی هەموو شەهیدان ، کەبە نێو نیگاو گۆشەی چاوی دلبەر خوێنیان ڕژاوە ، ماوەیەکی زۆرە دەشتی شارەزوور بە خوێن داپۆشراوەو بووە بە کەربەلای ئیمام حوسەین .
(٦) ڕای:- ڕێی . ئاماو لوای:-هاتوچۆ . قاصد:-نامەبەر ،تەتەر. بەند بییەن:-گیراوە . پەوکە:- بۆیە ، لەبەرئەوە . ئاموشوش:- ئاموشۆی ، هاتوچۆی ...
ڕێی هاتوچۆی نامەبەر گیراوە ، بۆیە نامەمان بۆیەکتر ناڕوات و نایەت .

## میرزا موحەممەد- خالۆی ئەحمەدە شێت

## (١) *

خالـۆ وە دیدەی گازیزی خالـۆت
وە نالەو فەریاد دووریی تۆ نالـۆت (١)

جەوساوە گازیز خالۆکەت مەردەن
ڕۆم جە شەو تا ڕو تەوفیر نەکەردەن (٢)

ظولمات بی وەلام سەر هەردی لەیلاخ
هەم ها گەرمەسێر بین وە گاخ و داخ (٣)

---

* ل (١٥٥)
(١) فەریاد:- هاوارو داد . نالۆت:- نالێن بۆ تۆ .
(٢) جەوساوە:- لەوساوە . مەردەن:- مردووە . ڕۆم:- شینم . ڕو:- ڕۆژ. تەوفیر نەکەردەن:- کەمتەرخەمیم نەکردووە ... لەوساوە خۆشەویستەکەی خالۆت مردووە ، شەوو ڕۆژ هەر شین و زاریمە .
(٣) ظولمات بی:- تاریك بوو . وەلام:- لە لام .لەیلاخ:-کوێستان .گەرمەسێر:-گەرمیان .بین:-بووە .
گاخ و داخ:- چیایەکە کەوتووەتە نێوان (بنکوورە) و (قەسری شیرین) .

قەصری وشکانی صەفای سەر بەرزە
سەیری سەیرانگەی سەر سەراو سەبزە (٤)

مـوژەی قەتارەی قازان نە قەتار
گوممەتەی جەیران نە باخچەو حەسار (٥)

سەیری هاژەی تاف سافی قۆرە توو
نیگای ناز نەعەین ئاهووی سەر بەسوو (٦)

تەماشای بینای حەوشی وەشبونیاد
تەجرەبەی تەصویر تاقەکەی فەرهاد (٧)

---

(٤) قەصری وشکانی:-شوێنەوارێکی دێرینە ،کەوتۆتە سەر بەرزایی سەختی چیای (بەمۆ) نزیك بە (تەپی بوو) ، دەڕوانێ بەسەر دۆڵی(سەرتەك) دا . سەراو:-گوندێکە لە نێوان چیای خوشك و زێی سیروانا ، دەڕوانێ بەسەر سیروانا . سەبزە، تەپە سەوزە:- مێرگ و سەیرانگەیەکە ، کەوتۆتە باشووری (بنکوورە) ی باجەڵان .
(٥) قەتارە:- ڕیز . قازان:- قازو قولنگ . گوممەتە:- گوڕبەستنەوە بۆ قەڵەمباز . جەیران:-ئاسك باخچەو حەسار(قەتار):- مێرگ و لەوەڕ گەیەکە لەسەر سنووری نێوان عیراق و ئێران لە باشووری ڕۆژهەڵاتی خانەقیندا .
(٦) تافی قۆرە توو:- چەمی(قۆرەتوو) چەند تاف و قەڵبەزێکی هەن ،ئەوەی لای (قۆرە توو) پێی دەوترێ تافی قۆرە توو . سەربەسوو:- سەرو بەست بەسەر.
(٧) حەوشی وەشبونیاد(حەوشکڕوو) :- گوندێکە کەوتۆتە سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران ، لە باکووری قۆرە توودا ، نشینگەی کەیخوسرەو شا بووە . تەصویر:-وێنەگرتن .

لەیذیذی شنۆی شکارگەی سەرنەفت
لێم بییەن وە ژار مەندەی تاسی هەفت (٨)

خالۆ ظاهر بو وە زەینی عارف
خالی بو وە شەئن شێوەی تەعاروف (٩)

مەشیا من وەی دەرد بێ سامانەوە
وەی صەدای ئامای ئەلئەمانەوە (١٠)

---

(٨) لەذیذی:- چێژوخۆشی . شنۆ:- شنە .شکارگە:-شوێنی ڕاوکردن
سەرنەفت:-نەفتخانەی خانەقین. کاك (نەجم باجەلان) ناوی ئەم شوێنانەی
بۆساخ کردمەوە ، زۆر سوپاسی دەکەم . ژار:- ژەهر . مەندەی:- ماوەی
.
تاسی هەفت:-کاسەی حەوتەم ... شنەو شەماڵە خۆشەکەی شکارگەی
سەرنەفتم لێ بووەبەژەهری ماری حەوت سەر.
(٩) ظلهربو:- ئاشکرابێ. وەزەینی عارف:- بەبۆچوونی دانا. وەشەئن:-
بەکاروباری .
تەعاروف:-یەکترناسین.
(١٠) مەشیا:- ئەبوایە. بێ سامانەوە:- زۆرو چارەسەرنەکراو. صەدا:-
بانگ وهاوار.
ئەلئەمان:- داوای دالدەدان .واتای ئەم دێڕەو ژمارە (١١) پێکەوەن .

کتێبخانەی گشتی ی سلیمانی
بەروار: ١٠ / ٥ / 199

هەیهوو دەمێ وی تەشریف بوەردام
وەس وەی زیندەگی عەبەث بکەردام (١١)

بەڵام مالوومەن سەنگ نەدارو ئێش
مەڕهوونەن ئوموور پەرەی وەختی وێش (١٢)

*** ***

==================================================

(١١) وی:- بوایە . تەشریف بوەردام:- بمردمایە .وەس وەی زیندەگی:- بەس بەم ژیانە . عەبەث بکەردام:- گاڵتەم بکردایە ،بەفیڕۆبدایە ...
ئەبوایە بەم هەموو دەردە چارەسەر نەکراوانەوە بەم هەموو هاوارو ناڵەو پاڕانەوە بێ ئەنجامەوە ، دەمێ بوایە بمردمایەو ئەم ژیانەم بەفیڕۆ نەدایە .
(١٢) نەدارو:- نییەتی . مەڕهوونەن:- وابەستەیە . ئوموور:- کاروبار.
پەرەی:- بۆ . وێش:-خۆی..
بەڵام دیارە کەبەرد هەست بەئازار ناکات و هەرکارێکیش بۆسەردەم و کاتی خۆیەتی .

# شێخ قادری دەرە دزان

## (١) *

## " شین بۆ مەولەوی "

(مەولەوی) لە قەب وە(مەعدووم) مەشهوور
ئیمامی سوننەت ، شێخی جەماعەت

قەلبی خەزێنەی (أفكار الكابد)
شێخ(سەعدی) ثانی ، (كامی) بیضاعەت

مجمع البحرین ، تەعالا حاڵی
ظاهرو باطن پاك لە شەباغەت

گۆشە گیری كەرد جەی دنیای دەنی
بە سەددی ڕەمەق كردی قەناعەت

مەشغووڵ بە ئیحسان بە هەژاران بوو
بەهەر میقدارێ بووی ڕەسم و طاعەت

بێ غەش كۆچی كرد جەی دنیای فاتی
بە نووری ئیمان بە تەقواو طاعەت

---

* ل (٢٧، ٢٨) ...

(غش) هات بۆ تەئریخ سالێ وەفاتی
مەبعەثي كريا تا وەخت و ساعەت (١)

جسمی لە ڕەوضەی سەرای ئەلحەددا
ڕەوانی لە خولد ئەجری ئان طاعەت

جە زوبان لاڵ بام ، جە چەم هەم بام کۆر
من مام ، تو لوای وە سەراچەی گۆڕ

---

(١) وەك لەمەوبەر وترا ، وشەی (غش) بە حسابی ئەبجەدو ڕێنووسی کۆن دەکاتە(١٣٠٠)کە سالێ کۆچی دوایی مەولەوییە .

مەکتووبی موعجیز بە ڕۆم و عەجەم
جە دمای مەعدووم یەکسەر بی عەدەم (٢)

تەقریرش تەحریر دڵ کەردەبێ حەك
چوون نەصصي قورئان ئاوەردەی مەلەك (٣)

بە ئیلهامی غەیب تەعلیمێ کریان
بە کەردەی میزان ڕەزای حەق نریان (٤)

ئەسرم جە چەما چوون چەم سەر کەردەن
غەیری تۆ کۆچت جە یادم بەردەن (٥)

ئەما چەند بەیتێ جە ئەبیاتی تو
نەقشی ضەمیرەن یادم نمەشو (٦)

---

(٢) مەکتووب:- نووسراو . موعجیز:- کارێ کە هەرلە توانای خوادا بێت .
جە دمای:- لەدوای .
بی عەدەم:- نەما . واتە: نووسراوێك کە تەنیا لە توانای (مەعدووم) دا بوو بینووسێ و لە وڵاتی ڕۆم و عەجەمدا (عوسمانی و ئێران) هاوتای نەبوو ، لە دوای کۆچی ئەو نەما .
(٣) کەردەبێ مەحەك:- کوژاندبوویەوە . ئاوەردەی:- هێنراوی . مەلەك:- فریشتە .
(٤) کریان:- کراوە. نریان:- نێژراوە .
(٥) ئەسر:-فرمێسك . جە چەمان:-لە چاوان . چوون چەم:- وەك چاوە .
(٦) ئەما:- بەڵام . نەقشی ضەمیرەن:- چەسپی دەروونە . نمە شو:- ناچێ .

تو دیــــای وه شۆن چەند صوبحی نۆدا
کەو چەند صوبح بدیو وه شۆنی تۆدا ؟! (٧)

سەوزەی خاکی پاك یارانی هامفەرد
فرێمان وه فەرش بەزمی وێمان کەرد (٨)

کەو سەوزەی (ئێمەش) نەکام هەرد ێ بو
وه فەرشی مەجلیس کام هامفەرد ێ بو؟! (٩)

****　　　　****

---

(٧) دیای:- ڕوانیت . وەشۆن:- بەدوای . کەو:- ئاخۆ . بدیو:- بڕوانێ . وه شۆنی:- به دوای .
واته: تۆ به دوای چەند بەیانیتا ڕوانی و چەند ڕۆژت بەسەربردن و خۆت مایتەوه ، ئاخۆچەندان بەیانیش بە دوای تـۆدا بڕوانن؟! ... بڕوانه مـەلا عبدالكريمی مدرس ، دیوانی مەولەوی ، ١٩٦١ ، لاپەڕه (٢٤٨) .
(٨، ٩) یارانی هامفـەرد:- دۆسـتانی گیـانی . فرێمـان:- زۆرمـان . واتـه: ئێمه زۆرجار سەوزایی سەرخاکی پاکی گۆڕی دۆستانمان کرد بە فەرش بۆ ئاهـەنگ و سـەیرانی خۆمـان ، ئاخۆ سـەوزایی سەر گۆڕی ئێمـەش لـه کـام هەردا بێت و ببێ به فەرشی ئاهەنگی کام دۆست وبرادەر ؟! بڕوانه هەمان سـەرچاوه ، لاپـەڕه (٤٣٢) . لـه جیـاتی (ئێمـەش) لـه دیوانـی مەولـەویدا نووسراوه (ئێمەیچ)

# سەید یاقۆی جاف

## ١٨٨١ - ١٨٠٨

=====================

ناوی (یاقۆ کوڕی سەیدوەیس)ە . لە گوندی (قەمەشە) هاتووەتە دنیاوە ، (قەمەشە) گوندێکە لە دەشتی (مایدەشت) ی سەر بە شاری (کرماشان) .

لە کەشکۆلەکەی (حاجی مەحموود یاروەیس)دا لە چەند شوێنێکا هۆنراوەی هەیە ،لە لاپەڕە (٢٨) دا نووسراوە (سەید یەعقووب) ، لە لاپەڕە (٤١) دا نووسراوە(سەید یاقوو، یان یاقۆ) ، لە لاپەڕە(٥٧)یشا نووسراوە (میرزا یەعقووبی جاف) .

بە پێی ئەم (میرزا) یەی دوایی ، لەگەڵ بۆچوونەکەی مامۆستای نەمر خوالێخۆشبوو (عەلائەددین سەججادی) داین ، کە دەڵێ : (لە میرزایەتیشدا دەستێکی باڵای بووە ، لە (١٨٣١) دا بووە بە میرزاو شاعیری تایبەتی (مامە حەسەن خان) حاکمی کەلهوڕ و تا مردن لەگەڵ ئەو و شیعردا پێکەوە بوون ...)

کاک (شەوکەتی حاجی موشیر) بۆی ڕوونکردمەوە کەلە دەشتی مایدەشتا چەندان تیرەی عێلی جاف هەن ، بەو پێیە هەرسێ ناوەکان هەریەك ناون ، لە وتندا گۆڕانکاری بەسەر ناوی (یەعقووب) دا هاتووە و بووە بە (یاقۆ) .

*********** ***********

---

بۆ ڕوونکردنەوە و زانیاریی پتر ، بڕوانە:
علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم ، ١٩٧١ ل (٣١٩) .

# * (١)

سفتەی چراخان ،        ....        ....
بیم وە پەروانەی سفتەی چراخان (١)

ئەگەر وە دۆزم دەروون پەڕداخان
بەیان ، هام نە دەور سیا ئو تاخان (٢)

نە هەر کۆ شۆلەی پەژارەی شەم بو
نە هەر کۆ دوودو دوخان و تەم بو (٣)

لەو بلێسەی بەرز جەستەی خەستەمەن
لێد دوودی دەروون ئایر ئەستەمەن (٤)

---

* ل (٢٨)
(١) سفتە:- سووتاو . بیم:- بووم . پەروانە:- پەپوولە .
(٢) وە دۆزم:- بۆ دۆزینەوەم . بەیان:- بێن . سیائوتاخان:- ڕەشماڵان .
(٣) نە هەرکۆ:- لە هەر کوێیەك، کێوێك . بو:- بێ . دوود ، دوخان:- دووکەڵ .
(٤) ئایر:- ئاگر . ئایر ئەستەم:- ئگر تێبەربوو .

ئەر وەی طەور دۆزو خاك و كۆم نەبو
صوب نەپای شەمدا سفتە و سۆم نەبو (٥)

تاقی نەكەوتەن ئـايـر وە يـانەم
بێ پەروا نەفیكر سەودای پەروانەم (٦)

****　　****

==========================================

(٥، ٦) نەپای:- لەبەر پێی . سفتەو سۆ:- سووتماك:- . تاقی، تەحقیق:- بێ گومان .
نەكەوتەن:- نەكەوتووە . وە یانەم:- لە ماڵم . واتە: گەر بەم جۆرە نەدۆزرێمەوە كۆمای خاكم دیار نەبێ ، بەیانیش لەبەر پێی شەمدا سووتماكم دیارنەبێ ،بێ گومان ئاگر بەرنەبووەتە ماڵم و بێ پەروا لە بیركردنەوەی سەودای پەروانەدام !
دیارە سەید یاقووش شەمی خۆی هەبووە !

## * (٢) *

سەر مەستانی حەی ، سەر مەستانی حەی
عاشق ، عارفان ، سەر مەستانی حەی (١)

شوورپیانی دەهر ، صەرپرافانی حەی
حاذق ، غەوواصان بەحرانی بێ پەی (٢)

جەی موددەتانە جیهان کەردم طەی
قەمەر سیمای دیم وە بالا چوون نەی (٣)

زەوجێ سیاحەی دیم لە فەوقی نەی
پەقصاصیشانەن لە دەورانی بـــەی (٤)

---

* ل (٤١ ، ٤٢)
(١) سەرمەستان:- ئاشقان . حەی ، حي:- خوا . عارفان:- خواناسانی دانا .
(٢) شوور:- ئەشق . شوورپیان :- شەیدایان . دەهر :- ڕۆژگار .حاذق:- زۆر زیرەك وبلیمەت . غەوواص:- مەلەوانی کارامە. بێ پەی:- فراوان و بێ بن.
(٣) جەی موددەتانە:- لەم ماوەیەدا . کەردم طەی:- گەڕام .قەمەر سیما:- شێوە مانگ.
(٤) زەوجێ:- جووتێ . سیاحەی:- ڕەشمار. فەوقی نەی:- لەسەر قامیش ، نەیجە ، مەبەست بالای یارە . ڕە قصاصیشانەن:- سەما دەکەن .

حەی دیم وە بەیوە ، بەی وە میوەی نەی
مات مەندم لە سـپ ذولجەلالی حەی (٥)

واتم : ئیلاهی ، دانای " کل شـــــي "
کەس نەدارو سپ کردگاریت پەی (٦)

==========================================

(٥) وە بەیوە:- بە بەهێوە . مەندم:- بووم .
(٦) نەدارو:- نییەتی . واتە: ئەی خوای داناو بەئاگا لە هەموو شتێ ، بێجگە لە خۆت کەس بە نهێنیی تواناو کردەوەت نازانێ.

کێ دی حەی وە بەی ، بەی وە میوەی نەی
نـاریا نارنگی حـــەی ئەحداسی بەی (٧)

دڵ گرفتاربی ، دەس بەردم پەی بەی
حەیان بێدار بین ئامان وە هەی هەی (٨)

واتەن (سەید یاقۆ) ی کەفتەی وەی وە وەی
شەیدای شووڕ لە سەر ، دێوانەی دوو بەی

فرێ کەس پەی بەی عومرش بییەن طە ی
تەمام بی عومرش نـەیاوان وە بەی (٩)

مەر ئەوسا بوینی کامی دڵ جەبەی
بنیشوت وە تەخت کەیکاوسی کـــەی

من هەر وەو نەشتەر حەیانی سەرحەی
لوام وە جای ڕای (......) نەی پەی (١٠)
*** ***

==========================================

(٧) ناریا:- بزواندی . نارنگ:- شەکانەوە. ئەحداس، کۆی حەدەس:- هەست.
(٨) بێدار بین:- خەبەریان بووەوە . ئامان:- هاتن .
(٩) فرێ:- زۆر ، فرە . بییەن طـــەی:-پێچراوەتەوە ، تەواوبووە . نەیاوان:- نەگەیشتووە .
(١٠) لوام:- ڕۆیشتم .

## * (٣)

شووڕێ لە سەرم کەوتووە لەو مەستیی چاوە
هیچ جیگە نەنیشم مەگەر ئەو جیگە شەراوە (١)

گۆنای تۆ وەك ماە و دوو زولفت وەکو عەقرەب
هەر چەند قەمەر عەقرەبە ، ڕازیم بە قەزاوە (٢)

ئەم زولف و ڕوخی دلبەرەم ئەر لەیل و نەهارە
یان هەوری ڕەشە، پەردەکەشی ڕووی هەتاوە (٣)

چاوانی نیگارم بە سیاهی موژە ماچۆ
ئەی لەشکەری هوو نرێژ ئەمە وەختی چەپاوە (٤)

ئەی دڵ گوزەرێ کەر بە قولنگاشیی فەرهاد
بوین ناڵەی کی دەی ، شنۆی نەی ، دڵی کاوە (٥)

---

* ل (٤٢) .
(١) شووڕێ:- ئەشقێ . نەنیشم:- دانانیشم ، ئارام ناگرم .
(٢) ماهـ :- مانگ .
(٣) ڕوخ:- ڕوومەت ، ڕوخسار .
(٤) سیاهی :- ڕەشی . موژە:- برژانگ . ماچۆ:- دەڵێ .
هوونرێژ :- خوێنڕێژ . چەپاو:- تاڵان .
(٥) گوزەرێ کە:- پیا برۆ ، تێپەڕە . قولنگاشیی فەرهاد:- ئەو شوێنەی کە فەرهاد بەپاچ دایتاشیوە، بێستوون . بوین :- ببینە .

وا چان که غەزالآن چەڕنی شووڕە زمینە
پەس ئاهوویی من چیشە کە لەم دیدە ڕماوە ! (٦)

زاهد ، بە خودا غەیری خەمی ئەبرووی دولبەر
مەیلم نە بە مەسجد و نە بە میحراب و کیتاوە (٧)

دولبەر لە خەمت (سەیید) ی بی چارە سەری شەو
هوونریژییە لەم دیدە هەتا صوبح و دماوە (٨)

***　　***　　***

==========================================

(٦) واچان:- دەڵێن . چەڕنی:- دەچڕن .دەلەوەڕێن. پەس:- هەر . ئاهوو:- ئاسك .
چیشە:- چییە . ڕماوە:- ماوەتەوە .
(٧) زاهد:- ئیماندارێك کە ئەوەندە وابەستەی دنیا نەبێ . خەم:- کەوان .
(٨) سەری شەو:- سەرەتای شەو . دماوە :- دواتر . بۆپترساخکردنەوەی واتاو سەرنجی دەق و بەراوردکردن ، بڕوانە: علاءالدین سجادی ،مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم،١٩٧١، ل (٣٢٢) .

## * (٤)

دڵە هۆ بەتەن ، دڵە هۆ بەتەن
وەسەن بازیی بەخت ، (صراط) هۆ بەتەن (١)

سکەت سەفید کەرد ، یانێ نۆبەتەن
تۆبەی نەصووح کەر، نۆبەی تۆبەتەن (٢)

وەی ساڵ و سەنەی پەنجاو بیسەوە
وەی سکەی سەفید کەس نەویسەوە (٣)

وەی قەوسی قامەت قەوضی پەشتەوە
وەی ڕوخساری زەرد ڕەنگی ڕەشتەوە (٤)

وەی زار و زەبوون زرانیتەوە
هاڵای های وە فیکر جوانیتەوە ! (٥)

---

* ل (٥٧) ... شاعیر سەر زەنشتی خۆی دەکات .
(١) هۆبە:- شوێن ، کۆڕ . وەسەن:- بەسە . بازیی بەخت:- ڕابواردنی بێ سوود .
صراط:- پردی صراط .
(٢) سکەت سەفید کەرد:- ڕیشت سپیکرد . کەر:- بکە .
(٣) نەویس:- نەویست .
(٤) قەوضی پەشتەوە :- پشتکۆمانەوە .
(٥) زرانی:- ئەژنۆ . هاڵای های :- هێشتا وای .

گا چەم وە چەشمەك مدەری بازی
هالاّی های وە فیکر چەشمەکئەندازی (٦)

گا ڕیش وە وسمە ڕوو ڕەش مەکەری
وەی مسی ڕووکەش دڵ وەش مەکەری ! (٧)

دڵـە جەی دما ڕەویەی پیران گیر
هەر ڕەویەی پیران وەشنومان پەی پیر (٨)

نە پیری جە تو جیا مەبۆوە
نە سکەی سەفید سیا مەبۆ وە (٩)

تۆفی جـوانیت نمە بـو باز گەشت
ها ئەجەل پای تەوق بێ ئەجەل پەیت ڕەشت (١٠)

*** ***

==========

(٦) چەشمەك:- چاویلکە . مدەری بازی :- دەخەیتە وازیی سەیرکردن .
چەشمەکئەندازی:- چاو گێڕان بەهۆی چاویلکەوە .
(٧) مەکەری :- دەکەی . وەی :- بەم . وەش:- خۆش .
(٨) جەی دما :- لەمەودوا . ڕەویەی پیران گیر:- هەڵسوکەوتت وەك دانا و پیران بێ .
وەشنومان:- ڕێنمایی باشە .
(٩) مەبۆوە:- دەبێتەوە .
(١٠) تۆفی جوانیت:- سەردەمی لاویت . نمە بو بازگەشت:- ناگەڕێتەوە .
پەیت ڕەشت:- بۆی داڕشتی.

* (٥)

جەووەڵ دنیا تا ئینتیهاش
چێگە وەڵ و چێگە ودماش (١)

دەقیقە و ڕو ، وە ساڵ وماش
هەر دەقیقێو هەزار خاشخاش
صەڵۆات بانێو پەیغەمبەری (٢)

جەڕوی ئەووەڵ تا ڕوی مەحشەر
مووی حەیوانی با کِول یەکسەر (٣)

مورغ و ماهی ، جنن و بەشەر
موضاعەف بان ئینە یەکسەر
صەڵۆات بانێو پەیغەمبەری (٤)

---

* ل (١٩٦)
( کلام مرزا یعقوب جاف) واتە (هۆنراوەی میرزا یەعقووبی جاف) .
(١) جە ووەڵ، جە ئەووەڵ :- لە سەرەتای .ئینتیهاش:- کۆتایی . چێگە وەڵ:-لەمەوپێش .
چێگەو دماش:- لەمەودواش . ماش،ماهش:-مانگی .
(٢) ڕو:- ڕۆژ . خاشخاش:- گولێکە تلیاکی لێ دەردەهێنرێ ...دیارە بەم واتایەش بۆ ئێرە ناشێ،دەکرێ واتایەکی تریشی هەبێ .بانێو:-لەسەر
(٣) کول:-هەموو .
(٤) مورغ:-مەل . ماهی:-ماسی . جن:- جنۆکە . بەشەر:- ئادەمیزاد . موضاعەف:-دووئەوەندە . بان:-ببن . ئینە:- ئەمە .

ئەنفاسێ هەرذی حەیاتێ
جەهەر مەکان ، هەر وەڵاتێ (٥)

بەیان ، بشان نە هەر ساتێ
صەند چەندان بان ئینێم واتێ
صەلۆات بانێو پەیغەمبەری (٦)

=====================================

(٥) ئەنفاس:- هەناسەکان .ذی حەیات:- گیانلەبەر. مەکان:-شوێن .
(٦) بەیان:-بێن . بشان:-بچن . ئینێم:- ئەمانەم .واتێ:- وت .

سەنگ و ڕێزە گەڵای داران
شەمس و قەمەر ، گرد ستاران (٧)

ئابی بەحران ، قەطرەی باران
سەد چەندان بان ، ئینە یاران
صەلۆات بانێو پەیغەمبەری (٨)

جە خۆر هەلآت تا خۆر نشین
نەباتاتی ڕووی سەر زەمین

تاڵ و ترش و شۆر و شیرین
سەد چەندان بان ئینە گردین
صەلۆات بانێو پەیغەمبەری (٩)

موور و مەلەخ ، مورخ و مەگەس
دەخنە و شەعیر ، حنطە و عەدەس (١٠)

حەیوان تەمام ، فیل و فەرەس
باقی حبووبات هەرچی هەس
صەلۆات بانێو پەیغەمبەری (١١)

---

(٧) سەنگ:- بەرد . گرد:- هەموو.
(٨) ئاب:- ئاو .
(٩) شۆر:-سوێر . گردین:- هەر هەموو .
(١٠) موور:-مێروو . مەلەخ:-کوللە . دەخنە:-هەرزن . شەعیر:-جۆ . حنطە:-گەنم . عەدەس:-نیسك.
(١١) فەرەس:-مایین . حبووبات:- دانەوێڵە . هەس:- هەیە .

مەشرق ،مەغرب ،ئەرض و سەما
(تحت الثرى) تا ثـــورەییا (١٢)

یـانە یـانە کـوشك و گـەڵا
پەڕ جە فە ضل ، بێ مونتەها
صەڵۆات بانێو پەیغەمبەری (١٣)

بـــە ئەمری خالقی ئەکبەر
میثـــقاڵکێش بان کووان یەکسەر (١٤)

جە ڕووی حساب بە یان دەفتەر
هەرمثـــــقاڵێو ، هەزار فێشتەر
صەڵۆات بانێو پەیغەمبەری (١٥)

ئەبر و باد و نوور و ظولمەت
گەرمی و سەردی و ڕەنج و ڕاحەت (١٦)

---

(١٢) مەشرق:- ڕۆژ هەڵات . مەغرب:- ڕۆژئاوا . سەما:- ئاسمان . تحت الثری:- ژێر گـڵ .
ثورەییا :-ئەستێرەی کەیوان .
(١٣) یانـە یانـە:- مـاڵ بـە مـاڵ . فـەضل:- چاکـەو پیاوەتی . مونتـەها :- کۆتایی .
(١٤) خالقی ئەکبەر:- خوای گەورە . کووان:- کێوان .
(١٥) فێشتەر :-پتر .
(١٦) ئـەبر:- هــەور . ظولمــەت:- تاریکـایی . ڕاحــەت:- حەســانەوە . مەقالات:- نووسراوان ، وتاران .

مەقالاتی میللەت میللەت
هەرچی قەڵەم کێشا بو خەط
صەڵوات بانێو پەیغەمبەری (١٧)

بە حدوودی ئەسماو ئەشیا
بە عەدەدی ذەڕڕەی هەوا (١٨)

بە عەدەدی داء و دەوا
بە حدوودی لوطفی خودا
صەڵوات بانێو پەیغەمبەری (١٩)

هەر تا ژیان بو بەرقەرار
سەقفی سەما بو ئەستەوار (٢٠)

هەرتا بەیان لەیل و نەهار
هەر دەقیقەو هەزار خەروار
صەڵوات بانێو پەیغەمبەری

---

(١٧) مەقالات: نووسراوان.کێشابوخەط : نووسیبێتی.
(١٨) بەحدوودی:- بەئەندازەی . ئەسما ،ئەسماء:-ناوەکان . ئەشیا ،ئەشیاء:- شتەکان . عەدەد:-ژمارە
ذەڕڕە:- تۆزقاڵ .
(١٩) داء:-دەرد . دەوا:-دەرمان .
(٢٠) بو بەرقەرار:- درێژە داربێ . سەقف:-بنمیچ . ئەستەوار:- ڕاوەستاو.

جەننەت،فیردەوس،حوور و قصوور
کوشك و گەڵا تەمام مەعموور (٢١)

گردین پەڕ بان جە شوعلەی نوور
جە ڕوی ئەزەل تا نەفخی صوور
صەڵوات بانێو پەیغەمبەری (٢٢)

==========================================

(٢١) جەننەت:- بەهەشت . فیردەوس:- بەهەشتی باڵا . حوور:-پەری . قصوور:-کۆشکان .
تەمام مەعموور:- هەموو جیهان .
(٢٢) پەڕبان:- پڕ بن . نەفخی صوور:- فوو پیاکردنی شەیپووری ڕۆژی زیندووبوونەوە و هەستانەوە

یاران ، هەر کەس چێو نەزانو
با ئەی صەڵۆات (نامی) وانو

تا جە ئاخرەت دا نەمانو
صەڵۆات بانێو پەیغەمبەری (٢٣)

بـــــەندە نێشی گونەهکارەن
ئوممەت عاصی و شەرمەسارەن

وەزن و گونای وەنەش بارەن
ئەر یەکێوەن ، ئەر هەزارەن
صەڵۆات بانێو پەیغەمبەری (٢٤)

*** ***

=========================================

(٢٣) چێو نـەزانو:- شت نـەزانێ . نـامی:- نـامدار، نـاودار . دەشـکرێ نازنـاوی شـاعیریش بـێ و لـە پـاڵ نازنـاوی مامۆسـتای پایـە بـەرزدا (مـەلا عبدالکریمی مدرس) کە (نامی) یە ، (نامی) یـەکی تریشمـان هـەبێ وانـو:- بخوێنێ . ئاخیرەت:- ڕۆژی بەرێ(حەشر) . دانـەمانو:- دانـەمێنێ .
(٢٤) عــاصی:- یــاخی . شــەرمە ســارەن:- شــەرمە زارە . وزن:- کێش،سەنگ.
وەنەش بارەن:- لێی بارە.
ئەر یەکێوەن:- ئەگەر یەکێکە .

# یوسف بەگی جاف

دەربارەی ژیانی ئەم شاعیرە هیچم بۆ ڕوون نەبووەوە .

لە دەسنووسەکانی بەردەستی خۆما چەند (یوسف) ناوێك بەرچاو دەکەون : شێخ یوسفی ئەودالان ، شێخ یوسفی سازان ، لە دەقی هۆنراوەکانیانا یەك دەگرنەوە ، بۆیە دەکرێ هەردوو یوسفەکە هەریەك یوسف بن . هەروەها بەرهەمی هۆنراوەی یوسف پاوەیی ، ئیمامی ، کلاشی بەرچاو دەکەون ، کە لەگەڵ شێخ یوسفی سازاندا لە هۆنراوەکانا یەك دەگرن ، بۆیە دەکرێ هەموو ناوەکان هەر هی یەك کەس بن ، بە تایبەتی (سازانی و ئیمامی و کلاشی و شەرەفبەیانی و پاوەیی ) پێکەوە نووساون و وان بەدەم یەکەوە و عەشیرەتەکان زۆر تێکەلۆ پێکەڵن .

کاك (محەممەد عەلی قەرەداغی )یش بەرهەمی دوو شاعیری جیاجیای بە ناوی (یوسف) بلاوکردۆتەوە ، یەکێکیان هۆنراوەکانی بە شێوەزاری (موکری) ن ، باشە ئەوەیان جیا دەکرێتەوە ، ئەوی تریان هۆنراوەیەکی بە شێوەزاری هەورامی بۆ بلاوکراوەتەوە ، هەر چەندە لە پەراوێزدا نووسیویەتی : (بە گوێرەی پارچە شیعری دوایی دەبێ شیعری یوسف ناوێك بێت) بەلام ناوی (یوسف) ناوی لەسەر نییە. (١)

بە هەر حاڵ ئەم هۆنراوانەی یوسف بەگی جاف تۆمار دەکەم ، هیوادارم هەموو (یوسف) ناوەکان ڕەوانیان بە بەرهەمی خۆیان شادبێ .

******* *******

---

(١) بڕوانە محەممەد عەلی قەرەداغی،کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ،١٩٨٢، ل (٨٠، ١٥٦) .

* (١)

قیلەم جە پرووز گڕگۆی هەناسەم
(نەشیددەتی) شۆڕ ، شەرارەی تاسەم (١)

(هەرچەند) مەرزو بووم نە حەوالەیم هەس
کەژو کۆ و کەمەر ، ساراو شەت و بەس (٢)

شەم و شیوو چەم ، بەرزەگاو و پەس
شاخ و داخ و دەشت عێراق تا(تەبەس) (٣)

---

* ل(١٢)
(١) نەشیددەتی :- لەبەر تین و گڕەی . شۆڕ:- ئەوین . شەرارە:- بروسکە
(جەشیددەتی :- دەسنووسی مەلا عەبدوللای مەریوانی .)
س(٢) مەرز :- سنوور . بووم :- زەوی . نەحەوالەیم هەس :- لەدەوروبەرمدایە .کۆ :- کێو .
کەمەر :- تاشەبەردی گەورە . سارا:- دەشت . شەت:- مەبەستی ڕووبارو ئاوە . بەس:- وشکانی
(هەرچی - دەسنووسی مەریوانی .)
(٣) شەم :- شوێنی نسێ ، کەهەتاوی زۆری نییە . بەرزەگا:- بەرزایی . پەس :- نزمایی
تەبەس:- شارێکە لە ئێران (طەوەس - دەسنووس مەریوانی .)

جه(بریقەی) بەرق هیجرانی دووری
جـه(وارای) ڕەعد ئەندۆی مەهجووری (٤)

یەکسەر (سوچنا) تاوی ئەبرەقو
ساڕاسەن (بودوخ) نەیاوان وەتو (٥)

==========================================
(٤) وارای :- بـارین . ڕەعـد:- تریشـقە . ئـەندۆی مـەهجووری :- خـەمی لێکدابڕان و دووری .
(بریقەی ، چەخماخەی - مەریوانی . )
(٥) سوچنا :- سووتاندی . ئەبرەقو:- هەوری قوورەت . بودوخ:- بۆسۆ .
نەیاوان:- نەگەیشتووەتە
(سوچیان ، بۆی دوش -مەریوانی .)
قیبلەم ، بەکلپەی گڕکۆی هەناسەم و تینی ئەوین و بروسکەی تاسەی گەرمم ، بە تریشقەو خەمی دووری و لێکدابڕان ئەو هەموو شوێنانە سووتاون ، چۆنە کە تا ئێستا بۆسۆیەك نەگەیشتووەتە تۆ؟!

هەر هەورێ مەیو جەلای وەشتەوە
ها وە تاف و تۆف پەشتان پەشتەوە (٦)

گەردە لوولشەن ، مدو وە هەمـدا
تەرزە و قەرزاڵەن وە تەرەف تەمدا (٧)

ئەو سەیلە ئایرین فیـــراقی بەرزە
جە هەناسەی سەرد بییەن وە تەرزە (٨)

یەقین ، وە لەدەی وەحش و ناشنەخت
نەچەشتەنت هیجر زادەی ئێشی سەخت (٩)

---

(٦،٧) مـەیو:- دێـت . پەشـتان پەشـتەوە:- تێکئـالاو . گەردەلوولشـەن:- گەردەلوولیەتی
مدو وە هەمدا:- دەدا بە یەکدا . قەرزاڵە:- کێوێکی ناوچەی پاوەیە ... هەر هەورێك کە بای وەشت دەیهێنێ دەبێتە تۆف و ڕەهێڵە و گەردەلوول، لەسەر کێوی قەرزاڵە دەدات بەیەکاو تەرزەی زۆرو شەستەی باران هەموو لایەك دادەپۆشن .
(٨) سەیل:- لافاو . ئایرین:- ئاگرین . فیراق:- جیابوونەوە .
ئەم دێڕە لە دەسنووسی مەریوانیدا نییە .
(٩) یەقین :- بێ گومان ، بەڕاستی . وەلەدە:- بێچووە ئاسك . وەحش:- کێوی .
ناشنەخت:- نەشارەزا . نەچەشتەنت:- نەتچەشتووە . هیجر:- کۆچ ...
ئەی بەچکە ئاسکە کێویی نەشارەزا لە دەردی ئەوین ، بـێ گومـان دەردی سەختی کۆچ و دابڕانت نەچەشتووە و بێ ئاگایت .

ئەشکەنجەت نەدان بێ خاویی شەوان
سەمعت ساموتەن نەلەرەی لەوان (١٠)

خەمت نەکەردەن شەو خەیاڵی خەم
وە نیگای پەنهان نەوەردەنت چەم (١١)

پەنجەی وێت نەدان وە زانووی زەریف
هەتیتە کێش نیت وە گازی حەریف (١٢)

==========

(١٠) ئەشکەنجەت نەدان:-ئازاری نەداوی . بێ خاوی:- بێ خەوی .
سەمعت:- بیستنت ، گوێت .
ساموتەن:- کەڕە . لەوان:- لێوان ...
ئازاری بێ خەویی شەوانت نەچەشتووە و لە ئاستی هاوارو دادا نابیستی و کەڕی .
(ئەم دێڕە لای مەریوانی هەیەو لە دەستنووسی یارومیسدا نییە .)
(١١) خەمت نەکەردەن:- کووڕی نەکردووی . نەوەردەنت چەم:- نەچەماویتەوە .
(١٢) وێت:- خۆت . نەدان:- نەداوە . زانووی زەریف:- ئەژنۆی جوان و ناسك . هەتیتە:- ئەو ئاسنە کون کونەی تەلی زێڕی پیا دەبەن بۆ ئەوەی باریکتر بێت . حەریف:- دۆست ، هاوشان ... پەنجەی خەم و خەفەتت بە ئەژنۆی ناسك و جوانتا نەکێشاوە ، دڵیشت لە هەتیتەدا بە پێوە دانی دۆست نەگوشراوە .

نەکێشانت ئاھـ سوب نە سەحەردا
نەکەردەنت دەست دیق وە کەمەردا (١٣)

ئاھا ، ئازیزم ، شۆخــی شیرین خـــاڵ
گۆشدەر وە دەردین دڵ وە عەرزەوحاڵ (١٤)

==================================================

(١٣) نەکێشانت ئاھـ:-ئاھت ھەڵنەکێشاوە . سوب نەسەحەردا:-لەبەرەبەیاندا . نەکەردەنت:-نەتکردووە.
سبەینان زوو ئاھی ساردت ھەڵنەکێشاوە ، دەستی دیق و مەراقت نەکردووە بە کەمەردا . ئەم دێڕە ھی (خانای قوبادی ) یە ، لە دیوانی (مەولەوی) دا تۆمار کراوە . (بڕوانە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی ، ساڵی ١٩٦١ ، لاپەڕە ٥٣٠ ) . ئەم دێڕە لای مەریوانی نییە .
(١٤) گۆشدەر:- گوێ بگرە . وە عـەرزەوحاڵ:- بەسـکاڵاوە . (ھاھـا - مەریوانی)

کتێبخانەی ... ١٩٩

هەر شۆخێ شیرین شەکەرینبار بو
مەبو ساحێب لەنج ئێش و نۆشدار بو (١٥)

خەمزە فرۆش بو ، نازو جە ئەنداز
پیشەی دڵکێش بو وە ناز نەك وە گاز (١٦)

حەریف ئیشارە ، عارف ڕەفتار بــو
موقناتیس دڵکێش نەخار ، هوشیار بو (١٧)

دەور بە یەك ڕاو بەین، ئاگاو نەوەرد بو
جویا نە شەهر، شەو خوان فەرد بو (١٨)

تـا(یوسف) پەرێش عەودا لێ بەڕ بــو
شەو سەرین ، ڕو دەشت وە ئەسرین تەڕ بو (١٩)

**** ****

=====================================================

(١٥) مـەبو :- ئـەبێ . لـەنج:- ڕەوتـی جوانـی شـۆخان ، لەنجـەو لار . نۆشدار بو:- نۆشبەخش بێ .
(١٦) نازو:- بنازێ ، ناز بکات . جە ئەنداز:- لەڕادە بەدەر .
(١٧) عـارف:- دانـا ، زۆر ژیـر . نـەخار:- لـە دڕك ... ئامـاژەو هێمـای دۆسـتانەو هەڵسوکەوتی دانایانە بێت ، بە موگناتیسی خۆشەویستی دڕکی ئازاری دڵ دەرکێشێ و هۆشیار بێ .
(١٨) نەوەرد:- نەبەرد ، چاونەترس. جویا:- ئەویندار.
(١٩) پەرێش:- بۆی . عەودالێ بەڕبو:- دێوانەی چۆڵەوانی بێ .

(٢)*

نە تەنخوای  ئایەی لۆنگی نازاران
بەڕا کەوتمەن ها  وە  هەواران (١)

یوسف سا تویچ  دەی  وە  هەوارانداا
هەر شین کەر  وە شون  شەدەلاراندا (٢)

***     ***     ***

---

* ل (٢٤)
(١) نەتەنخوای:- لەجیاتی . ئایەی:- نیشانەی . لۆنگ:- پارچە بەرگ . بەڕاکەوتمەن:- بەڕێکەوتنمە...
لە جیاتی ئەوەی چاوم لە نازداران و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان بێ ، وا بە ناچاری بەرەو هەواران بەڕێ دەبم.
(٢) تویچ:- تۆش . وە شون :- بەدوای . شەدەلاران:-ئەو نازدارانەی سەرو پێچی مشکی لاردەبەستن

کتێبخانەی گشتی ی سلیمانی
ژمارە:
١٩ ١٩٨

(٣)*

قیبلەم ، وەفاتم ، ...
قیبلەم ، ها ئاما وادەی وەفاتم (١)

خەستەی سارای دەشت ڕاگەی نەهاتم
تەشنەی سەرچەمەی جوی ئیلتیفاتم (٢)

بێ مەیلی وە سەن ، مایەی حەیاتم
نەی ڕاگەی نەهات بدەر نەجاتم (٣)

دووریت پەی کەردەن مایەی حەیاتم
قەدەم ڕەنجە کەر ، سەر گەردی ڕاتم (٤)

---

* ل (٦٦)
(١) وە فاتم:- مردنم . ئاما:- هات . وادەی :- کاتی .
(٢) ڕاگەی :- ڕێگەی . تەشنە:- تینوو . سەرچەمەی:- سەرچاوەی . جوی:- جۆگەی .
ئیلتیفات:- لاکردنەوە ... خەستەو داماوی دەشت و دەرو ڕێی نەهاتم ،تینووی سەرچاوەی جۆگەی سۆزو لا لێکردنەوەی تۆم .
(٣) وە سەن:- بەسە . بدەر:- بدە .
(٤) پەی کەردەن :- تەواوی کردووە ، کۆتای پێ هێناوە . قەدەم ڕەنجەکەر :- پێت ئازاربدە ، زەحمەت بکێشەو وەرە بەسەردەممەوە . سەرگەردی ڕاتم:- سەرم لە ڕێتا دادەنێم ، بە قوربانی ڕێگەتم .. دووریت گیانمی دەر کێشاوە ، بە قوربانی ڕێگە کەت بم ، زەحمەت بکێشەو بە هاوارمەوە وەرە .

دڵ وە ئارەزووی شیرین باڵاتم
چەم موشتاقی گەرد سورمەی پاڵاتم (٥)

وە دیدەت ، دیدەم ، دیدە نەڕاتم
ئەربێ نەی ، مەیو وادەی مەماتم (٦)

شەهنشای ئیقلیم موڵکی حەیاتم
ئەویچ فیداتەن ، وێم هەم فیداتم (٧)

ڕەحمێ کەر ، قوربان ، قووتم ، قنیاتم
ئاوا کەر یانەی بەزم و بیساتم (٨)

---

(٥) چەم:- چاو . موشتاق:- ئارەزوومەند ، بەتاسەوەیە بۆ . گەرد:- تۆز. سورمە:- کل .
پاڵاتم:- پێڵاوتم ... دڵ ئارەزوومەندی باڵای شیرینتە ، چاویشم داماوی تۆزی پێڵاوەکانتەو تاکو وەکو کل خۆی پێ بڕەژێ .
(٦) نە ڕاتم:- لەڕێتم . ئەربێ:- گەربێتو . نەی:- نەیەیت . مەیو:- دێت . مەماتم:- مردنم ...
چاوەکەم ، بەو چاوەت چاوم لەڕێتەو چاوەڕوانم ، ئەگەر بێتو نەیەیت دەمرم .
(٧) ئیقلیم:- قەڵەمڕەو . ئەویچ:- ئەویش . وێم:- خۆم .
(٨) ڕەحمێ کەر:- سۆزت هەبێ . قووت:- بژێوی . قنیات:- داکەوتن، قەناعەت.
ئاواکەر:- ئاوەدانی بکەرەوە . یانەی:- ماڵی . بەزم و بیساتم:- خۆشی و ژیانم ...

بو ، زەڕێ مەیلت بکەر خەڵاتم
دەوان پەرەی دەرد ڕوی سەکەراتم (٩)

لوتفی تون باعث عەیش و نیشاتم
نەجاتەن پەی ڕای سەختی سیراطم (١٠)

ئامەننا وە صیدق سەد تۆبە واتم
جە دەستی ئیبلیس بدەر نەجاتم (١١)

(یوسف) کەمتەرین سەگی دەرگاتم
مەبو بویەری جـــە تەقصیراتـــــم (١٢)

*** ***

---

(٩) بو:- وەرە . زەڕێ:- تۆزێك ،کەمێك . مـەیلت:- ئارەزووت . بکـەر:- بکە . دەوان:- دەرمانە
پـەرەی:- بـۆ . ڕوی سـەکەراتم:- ڕۆژی گیانکێشـانم ... وەرە ، تۆزقـاڵێك ئارەزووت بکە بە خەڵاتم ، بێ گومان دەرمانە . بۆ دەردی ڕۆژی گیانەڵام.
(١٠) لوتفی تون :- سۆزی تۆیە . بـاعث:-مایە ، هۆ . عـەیش:- ژیـان . نیشاتم:- چـالاکیم . نـەجاتەن:- ڕزگارییە . پەی ڕای:- بۆ ڕێی . سیراط:- پردە زۆر باریکەکەی سەر ئاگری دۆزەخ ...
ژیـن و چـالاکیم لـە سـۆزی تۆوەیـەو لـە پـردی زۆر بـاریکی (سـیراط) یـش ڕزگارم دەکات .
(١١) ئامەننا وە صیدق:- بە ڕاستی باوەڕم هەیە. واتم:- وتم . ئیبلیس:- شەیتان ، چەتوون .
بدەر نەجاتم:- ڕزگارم بکە .
(١٢) کەمتــەرین:- کــەمترین ، لــە هــەمووان کــەمتر . مــەبو:- دەبــێ . بویەری:-ببووری
جە تەقصیراتم :- لە کەموکووڕیم .

## (٤)*

هەیهوو چەند سەرچنگ چەرخی چەپ وەردم
چەرخ چەند چەرخیاو من مام ، نەمەردم !(١)

یە گەردوون مەدام گەردە لوولشەن
دڵداران ، دڵان ، های چەند طوولشەن !(٢)

ئالەم بەرکەنار ، وێم بەحاڵی وێم
ئای چە گیان سەخت ویم،چەند چەرخش داپێم!(٣)

ئەووەڵ بارخانەی بەدبەختیش ئاوەرد
هەروێم مزانوو چوون بار بەندیش کەرد !(٤)

---

* ل (٩٩)

(١) هەیهوو:- وشەیەکە بۆ دەربڕینی ماوەو کاتی دوور و شتی زۆر . چەرخی چەپ:- ڕۆژگاری ناهەموار. وەردم:- خواردم. چەرخیا:- سووڕا. نەمەردم:- نەمردم.
ئای کە چەندە گیرۆدەی چنگی چەرخ و ڕۆژگاری نا هەموار بووم، ڕۆژگار چەندە سووڕا و من هەر مام و نەمردم !
(٢) یە:- ئەمە. مەدام:- بەردەوام . گەردەلوولشەن:- دەوروخولیەتی . طوولشەن:- دێژەدارە ....
گەردوون هەمیشە لەگەردە لوولی خۆیایەتی ، یاران،دڵداران ئای کەئەم گەردەلوولە چەند درێژە دارە !
(٣) ئالەم،عالەم:- هەموان . بەرکەنار:- پەنایان گرت،خۆیان لادا. ویم:- بووم... هەموان خۆیان لادا و من هەروەکو خۆم مامەوە ، ئای چەندە گیان سەخت بووم ،ئای کەچەندەها جار وەریچەرخاندم و گلاندمی !
(٤) ئەووەڵ:- یەکەمین جار،سەرەتا. ئاوەرد:- هێنا . هەروێم مزانوو:- هەرخۆم ئەزانم.چوون:-چۆن
باربەندیش کەرد:- ڕێکری کرد ... هەرلەسەرەتاوە بارخانەی بەدبەختی بۆمن هێنا ،هەرخۆم دەزانم کەچەندە ڕێکریی لێ کردووم !

مەجرای مەحظەرش کەیل نەشادی پڕ
بە باری ئیبلیس پەردەی حەیا دڕ (٥)

ئاوەرد پارچەی بەد ، پوشا نەوەرم
ڕووسیا ،ڕەنگ زەرد ،سەرتا کەمەرم(٦)

نزوول کێشا دەست بەختم ئەوڕای بەد
پای ئەدەب نەئەرك عادەت کەردم ڕەد (٧)

کەم کەم وەهەوەس بە سەد هەزار طەرز
(لاحیا فی الدین) پام بڕی نە ئەرز (٨)

---

(٥) مەجرای مەحظەرش:- ڕێبازی ئامادە بوونی. کەیل نەشادی:-پڕ لەشادی ... بەڕوونمایی و پامالّی ڕێبازی ئەم چەرخ و ڕۆژگارە پڕە لەشادی و خۆشی ، کەچی بەبارێکی تردا ، کەڕێبازی چەتوونە پەردەی ئابڕووی مرۆڤ دەدڕێ .
(٦) ئاوەرد:- هێنای . پوشانەوەرم:- بەبەرمی پۆشی،کردیە بەرم . ڕووسیا:- ڕووڕەش ... پارچەی خراپ و بەدی هێناو کردیە بەرم ، سەرتا دامێن ڕوو ڕەش و ڕەنگ زەردی کردم .
(٧) نزوول کێشا:- کورتی هێنا . ئەوڕای:- بۆ ڕێی . کەردم ڕەد:- لام دا ،پتر درێژم کرد ... بەختەکەم کورتی هێناو بەرەوڕێبازی بەدو خراپ کشا ، پێی ڕەوشتیشم لەڕادە بەدەردرێژ کردو لام دا.
(٨) طەرز:- جۆر. لاحیا فی الدین:- شەرمکردن لەباس و بابەتی دیندا نییە.

ناگاهـ بەفریب پەشتی پـا دا لێم
چەرخم دا ئەو چەپ قەلەندەریی پێم (٩)

ڕێزە کەرد شیشەی بەزمی بیساتم
زرنگاوە زەنگ نەردی نەهاتم (١٠)

پارێ پەرەند کەرد، من نیام وە ...
باداوە لە تەرەی بەینەت ئەو...(١١)

ئەی سەر تا ئەو سەر کول ئاوەردەوە
هەودای هەم و خەم مەحکەم کەردەوە(١٢)

---

(٩) ناگاهـ :-لەناکاو. فریب:-فێڵ. پەشتی پادالێم:-پاشقولی لێ گرتم . چەرخم دا ئەو چەپ:-بەلای چەپا وەریچەرخاندم . قەلەندەری:-دەروێشی ،هەژاری ... لەناکاو بەفێڵ پاشقولێکی لێ گرتم و بەلای چەپا وەریچەرخاندم و خستمی .
(١٠) ڕێزە کەرد:- هەلا هەلای کرد، شکاندی. شیشەی:- شوشەی . بەزمی بیساتم:- خۆشی و ڕابواردنی ژیانم . زرنگاوە:- زرنگاندیەوە ... شوشەی خۆشی و ڕابواردنی ژیانمی شکاندو زەنگی نەردی نەهاتمی زرنگاندەوە .
(١١) پارێ:- پارچەیەك . پەرەند کەرد:- جیاکردەوە. نیام:- خستمە. لە تەرە:- تەشی.
بەینەوت:- خۆشەویستی.
(١٢) ئەی سەر:- ئەم سەر . کول:- هەمووی . ئاوەردەوە:- هێنایەوە .
هەودای:- تاڵی .
هەم و خەم:- پەژارەو خەفەت . مەحکەم کەردەوە:- توند کردەوە ... ئەم سەر و ئەوسەری هێنایەوە یەك و تاڵی پەژارەو خەمی توند کردەوە

ئیسە نەعەیشەن ،نەسروور،نەڕاز
نەدایرەی دەف ،نەچەلەنگ ،نەساز(١٣)

==========================================

(١٣) نەعەیشەن:- نەژیانە . نەسروور:- نەخۆشی . نەڕاز:- نەگفتوگۆ.
دایرە:- ڕیزی بازنەیی،کۆڕ.

نه جوشی جلووس سوزی جوانی
نەهازی هەلمەت ، زوری زرانی(١٤)

هیچ کام نەباغچەی بەدەن نەمەندەن
بینای بنچینەی بیساتم کەنـدەن (١٥)

یەکسەر پەڕەی چەرخ چوون ئەهلی کارەن
مالاو بەرد ، هەر عەکس تاپوم دیارەن (١٦)

باز هەم قولاخم چوون بەذلەی دەرویش
هەر چەرخم مدو چەنی چەرخی ویش (١٧)

==========================================

(١٤) جلووس:- دانیشتن . هـاز:- توانـا و تاقـەت. زوری زرانـی:- زۆرو هێزی ئەژنۆ
(١٥) نەمەندەن:- نەماوە. کەندەن:- دەرهێناوە ،هەلتەکاندووە .
(١٦) مالا:- مالێ،ڕایمالێ . عەکس:- وێنە... پەڕی چـەرخی ڕۆژگار زۆر کارامەو لێهاتووانە بنچینەی ژینمی هەلتەکاندو ڕایمالێ ،ئەوەتا ئێستا هـەر تارماییەکەم دیارە.
(١٧) باز:- جارێکی تر . قولاخم:- شوێنەوارم،نیشانـەم . وێش:- خـۆی ... بەو تارمایی و شوێنەوارەشمەوە کەماون ، چەرخی دەوران وەکو بەرگی شڕو وڕی هـەژاران لەگـەڵ گـەڕو سـووڕانی خۆیـا دەمخولێنێتـەوە و لێـم ناگەڕێ.

ئەی چەرخ وە بەدیی وێت گرفتار بی
هەر چەرخ بدەری ، هەر نادیار بی (١٨)

شەرت بو چوون چەنی (یوسف) بەدکاری
تو ئەو چەپگەردی ، من ئەولا عاری (١٩)

***          ***

==========================================

(١٨) وێت:- خۆت . بدەری:- بدەی
(١٩) چوون :- چونکە . چەنی:- لەگەڵ . ئەولا عاری:- ئەوپەڕی لاساری
چونکە ئەوەندە لەگەڵ(یوسف) دا بەدکاری و هەروا پێچەوانەو چەپگەردی ،
مەرجە منیش بدەمە ئەوپەڕی لاساری .

# قـەمـەر عـەلی ڕەوانـی

=========================

لەم کەشکۆلەی (حاجی مەحموود یارەمیس) دا بە (قـەمـەر ئـەلی) و (قـەمـەر عـەلی) ش نووسراوە ، دیاریشە کە لە هەندێ شێوەزاری کوردیدا ،بە تایبەتی هەورامی و لوڕ پیتی (ع) ، یان فۆنەتیکی (ع) نییە ، لە جیاتی (ع) دەبێژرێ (ئـ) .

مامۆستا (عەلائوددین سەججادی)ش تەنیا هەرناوەکەی بەم جۆرە نووسیوە (قەمەرعەلی) وهیچی تر (١)

منیش ، وەکو کاك (محەممەد عەلی قەرەداغی) لە سەرچاوەکانی بەردەستمدا هیچم لە بارەی ژیانی ئەم شاعیرەوە بۆ ساخ نەبووەتەوە . ڕەنجووری لە یادی شاعیرە ناودارەکانی ئەو سەردەمەدا ناوی ئەم شاعیرەشی تۆمار کردووە:

مەحموود ئاغای زەند ، مەلا کامی نام

(قەمەرالێ) نـام ، ڕەوانی مقام (٢)

واتە هەر ئەوەندە هەیە کە خەلکی (ڕەوان) ، یان (ڕەوانـی) یە ، یان ئەو نازناوە ناوی عێلەکەیەتی . پێم وایە (قەمەر ئەلی) بێ دروستترە ، نەك (قەمـەرالێ) دیارە بە ڕێنووسی کۆن لە جیاتی (قەمەر ئەلی) نووسراوە (قمرالی) . بەو هیوایەی بتوانین نویشکێ لە ژیانی ئەم شاعیرەمان بەدەستبێنین .

(١) بڕوانە : علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی دووەم، ١٩٧١ ، ل (٥٨٩).

(٢) بڕوانە : محەممەد عەلی قەرەداغی،کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی،بەرگی چوارەم،١٩٩٣، ل (٧٠) .

* (١)

بێدار کەردەوە ، بێدار کەردەوە
شەوێ باد بەختم بێدار کەردەوە (١)

شەو شی ، شەقەی شەرم (جە وێش) بەردەوە
سوب لەب وە خەندەی شەفەق زەردەوە (٢)

بەرقی مەیخانە شەب ، سوب ستێزا
سوپای ستاران لەرزاو گورێزا (٣)

جە سەر مناران بڵندی بێ دەر
خێزا بانگی بەرز (اللە أکبر) (٤)

==========================================

* ل (١ ، ٣٤) .
(١) بێدار کەردەو:- لەخەوی کرد ،هوشیار کردەوە . باد:- با ... شەوێکیان با هەلێکردوبەختمی لەخەوکردو نەیهێشت بخەوێ.
(٢) شی:- بەسەرچوو ،ڕۆی . جە وێش:- لەخۆی . بەردەوە:- بردەوە . سوب:-بەیان . لەب:- لێو .
شەفەق زەرد:- کازیوە ،سپیدەی بەیان ... شەو بەسەرچوو ،لەگەڵ کازیوەی بەیاندا خەندەی بەرەبەیانی نوێ دەرکەوت . نووسراویشە(جەوێ) .
(٣) شەب:- شەو . ستێزا:- ڕاپەڕی . ستارە:- ئەستێرە . لەرزان:- لەرزی . گورێزا:- هەڵهات ،بۆی دەرچوو ،ڕایکرد ... ورشەو بروسکی کۆڕی مەیخانەی شەو لەگەڵ بەیاندا دەرکەوت و سوپای ئەستێران کەوتە هەڵلەرزین و هەڵهات .
(٤) خێزا:- بەرزبوەوە.

بلبل وه نەغمەی وەش ئاوازی بەرز
وەندەوه جەبام سەر مەفتوولی تەرز (٥)

جیهـانـدیـدەگـان جیهـانـئـافـەرین
(گشت) کەوتەن ئەو شۆن فیکری دنیاو دین (٦)

کەسێ داوای تەخت پادشاییشەن
کەسێ فیکرو ویر بێ نەواییشەن (٧)

کەسێ وه خەرمەن جەواهیر دارو
کەسێ ستارەش سەنگ لێش مەوارو(٨)

شێخ نە فیکرو ویر کەشف و کەرامات
موطرییان ئەو پای نەغمەو مەقامات (٩)

---

(٥) وەش:- خۆش . وەندەوه:- کەوتـەوه خوێنـدن . جـەبام:- لەسـەرچڵە پۆپەی .
مەفتوولی تەرز:- خەڵفی تازەی ناسک .
(٦) جیـهاندیدەگان:- جیـهانبینان، بەتەمەنـەکان . جیهانئافـەرین:- دروستکەری جیهان، خوای مەزن.
کەوتەن ئەو شۆن:- کەووتونەتـە شوێن ... هـەموو پیرو بەتەمەنـەکان کە دنیایـان زۆر دیوەو ئـەزموونی زۆریشیان هەیـەو خواپەرسـتی زۆریشیان کردووه ، کەوتونەتە کڵکەڵەی دنیاو دین . لە جیاتی وشەی(گشت) ، (گرد) یش نووسراوه .
(٧) پادشاییشـەن:- پادشـاییەتی . ویـر:- بـیر . بـێ نەواییشـەن:- بـێ نەواییەتی ، لانەوازییەتی.
(٨) وه خەرمان:- بە خەرمان . دارو:- هـەیەتی . ستارەش:- ئەستێرەی . سەنگ:- بەرد .
لێش مەوارو:- لێی دەبارێ ... هەیە بە خەرمان جەواهیری هـەیە ، هەیشە بەرد بە سەر ئەستێرەی بەختیدا دەبارێ .
(٩) نەفیکر:- لە بیری . موطرییان:- گۆرانیبێژان . ئەو پای:- لە پێناوی .

بتپەرستان گرد کلێسا یانە
مەینۆشان سەرمەست کونجی مەیخانە(١٠)

عاشقان بێ هۆش ، پا نە سەر نەناس
ڕەقیبان ڕا چەفت ڕەهەندە و ناخاس (١١)

بەدکار ئەو ڕای بەد ، خەیر ئەندێش ئەو خەیر
حاجییان ئەو حەج ، دەیریان ئەو دەیر (١٢)

گەردوون وە هەرکەس کارێ سپەردەن
یە گرد سەر نویشت ڕووی پەشتی پەردەن(١٣)

==========================================

(١٠) گرد:-گشت ،هەموو . یانە:- ماڵ .
(١١) پا:- پێ . نە:- لە . نەناس:- نایناسێتەوە ،جیاناکاتەوە . ڕەقیبان:- نەیاران و ناحەزان .
ڕا چەفت:- ڕێچەوت . ڕەهەندە:- ڕابەر . ناخاس:- پیاو خراپ، ناپیاو...
ئاشقەکان ئەوەندە مەست و بێ هۆشن ، کە پێی خۆیان لە سەریان جیا ناکەنەوە و نازانن سەریان کامەیەو قاچیان کامەیە ! نەیارو ناحەزانیش هەر خەریکی بەدکاری و لاساری و ناپیاوی و گومڕایین .
(١٢) ئەو ڕای:- لە ڕێی . خەیر ئەندێش:- خێرەومەند ... بەدکار لەمەراقی بەدی و خراپە کاریدایە ، خێرەومەندیش خەریکی چاکەیە ، حاجییانیش لە کەڵکەڵەی حەجی خۆیاندان ، پیاوانی دەیریش هۆگرو نیشتەجێی دەیرن .
(١٣) سپەردەن:- پێی سپاردووە . یە:- ئەمە . سەرنویشت:- چارەنووس. پەشتی پەردەن:- پشت پەردەیە ... خوای مەزن بە هەر کەسەی کارێکی سپاردووە ، ئەمەش هەموو چارەنووسی ئەو دیو پەردەی نهێنیی خۆیەتی .

(هەر من سیا بەخت) سەر زەمینانم
کەس نمـەزانـو جـە کامینانم (١٤)

***   ***   ***

==========================================

(١٤) سیا بەخت:- بەخترەش، بەدبەخت . نووسراویشە(من شووم ستارەی) واتە: ئەستێرەی من هی نائومێدییە . نمەزانو:- نازانێ . جەکامینانم:- لە کامیانم

* (٢)
(چهار شخص قمر علی روانی)

شۆخ و دیده مەست ، .....      .....
ئارو چار شەخص دیم شۆخ و دیدمەست (١)

ترمزی قاتڵ زەردبووم ، قەضا بەخش
سەفید و خەمناك سەوزەی غەضەبنەخش (٢)

ئەرجا وە قەتار کەمان گرت وە موشت
ڕاهی بین نەڕام وێنەی باوە کوشت (٣)

ئەووەڵ قرمزی پەی شکار وە سوز
ئەوسی قرمزتار ، تەرکەش (توکمە) دوز (٤)

---

* ل (٢٠) .
واتە: (چوارکەسی قەمەر عەلی ڕەوانی).
(١) ئارو:- ئەمڕۆ . شەخصێ:- کەسێك .
(٢) زەرد بووم:-سوورو سپی .قەضا:-بەڵا .سەفید:-سپی .غەضەبنەخش:-
توڕە.
(٣) وە قەتار:-بەڕیز .موشت:-مشت .ڕاهی بین:-بەڕێ بوون ،دەرچوون .
باوە کوشت:-باوککوژراو
(٤) قەوس:- کەوان . تەرکەش:- تیردان .(لەحمە) دۆز-یش نووسراوە،
واتە چەشتەی گۆشت .

کێشاو بەرد نەبەند ، خەم ئاوەرد وە پوشت
پەڕیا داوەگۆش، پەی مەوری ئەنگوشت (٥)

ڕەها کەرد نە شەصت قرمزی پەڕ جەرز
جەولام پەڕان بی ، تاپەڕ نیشت نە ئەرز (٦)

---

(٥) کێشا:- کەوانی ڕاکێشا . پوشت:- پشت. واتە: کەوانی ڕاکێشا ، تیری خستە کەوان و خۆی گیڤکردەوە ، پەنجەی بە پەڕی تیرەوە لە بنا گوێیا توند کردو ئامادەبوو بۆ تیر هاویشتن .
ئەنگوشت :- پەنجە ... واتە : لەو دەشتەوە کە بەگوڕ هات ، خۆی گیڤ کردەوە ، لە چاوەڕوانینی زۆری پەنجەدا دەنگی تەپڵـڵێدان وەستا .
(٦) ڕاهی کەر:- هاویشتی . شەصت:- ئەو ئەموستیلەیەی کە ژێی کەوانی پێ ئەگیرێ . جەرز:- هێز.
جەولام:- لەولام . پەڕان بی:- دەرچوو . نیشت نە ئەرز:- چەقیە زەوی . واتە : تیرێکی ئەوەندە بەهێزی تێ گرتم کە کوناو دەری کردم و لەولاشەوە تاڕێکی پەڕەکانی بەزەویدا چووە خوارێ .

زەرد بووم و زولڤ شۆڕ ، خال˚ نەقشی چینی
حەلقەی کەمان زەرد چوون حەلقەی بینی

دەست بەرد پەڕەی فەرق فاقەی پەڕ عەقاو
پەیکـــان چهـــار کووز نمکێشی ژاراو (٧)

وە پەنجەی غەضەب بەند کەرد وە مەفتوول
خەم دا نەونەمام بەژنی عەرعەر طوول (٨)

هەڵەو پەڕ وەقین ڕەها کەرد نە موشت
پەڕان کەرد پەڕەی سینەم نەڕووی پوشت (٩)

وە ضەربی پەیکان حەجەر کاوی سەخت
شەق کەرد ئیستیخوان موهرم نەسەر تەخت(١٠)

---

(٧) فـەرق:- سـەر. عـەقاو:- چـەماوە . پـەیکان:- تـیر . چـهار:- چـوار. کووز:- هێـل˚ .
نمکێشـی ژاراو:- ئـاودراو بـەژەهر .(٨) بـەند کـەرد:-قـاییمی کـرد . مەفتوول:- بادراو ، بەهێز .
عەرعەر طول:- بەرز وەك چنار ...
(٩) پەڕان کەرد:- سمی ، کوناودەری کرد.
(١٠) ضـــەرب:- لێدان . حەجەرکاو:- بەردسم . ئیسـتیخوان:- ئێسـقان . موهـر:- پـەیکـەری ئێسك . واتـە: بـە جەزرەبـەی تیری بـەرد سمی ئێسقانمی تێکشکاند .

خەستەن (....) پەڕ زووخ و دەردم
بلند کەرد فوغان نالەی نەبەردم (١١)

سەفید سەفید قەوس قەضا ئەنگێزەن
گوشەی جگەرپێك ، ڕیشەی دلڕێزەن (١٢)

لولو کەرد ئاستین بەیضایی زەڕباف
تەییار کەرد شاخەین سەر قەلۆەزەی تاف (١٣)

چەتری سیا هەور کفری هندی طەرز
هەوا دا نە ئەوج کەهکەشانی بەرز (١٤)

---

(١١) فوغان:- گریەو زاری .
(١٢) قەضا ئەنگێزەن:-سەربەگوبەندە .
(١٣) بەیضا:- سپی . زەڕ باف:- پۆشاکی بەزێڕ چنراو ، یان تالی زێڕی تێکەڵ بێ .
تەییار کەرد:- ئامادەی کرد . شاخەین:- هەردوو زوڵف .
(١٤) هەوادا:- بڵاوی کردەوە . ئەوج:- لوتکە . کەهکەشان:- کاکێشان .

چین وست نەسەر لەوح تەختی نوقرەی جام
کوفرش وست نە ئەوج ، صوبحش کەرد وە شام (١٥)

کێشا تەرکەشی زەڕ نیگـــاری زەڕ
پەیوەست کەرد وە قەوس شاماری پەڕپەڕ (١٦)

سەفید پەڕ هوردا پەی قەصدی مەرگم
دڵ پێکا تا پەڕ ، پەڕ نیشت نە جەرگم (١٧)

---

(١٥) چین:- چرچ ولۆچ . وست:- خستە .نوقرە:- زیو . جام:- ئاوێنە . شام:- ئێوارە .
واتە : لەتووڕەییدا تەختی نێو چاوانی وەك زیوو ئاوێنە ئاسای گرژبوو، تووڕەبوونی لە ڕادە بەدەر بوو ، بەیانی ڕووناکی کرد بە ئێوارە .
(١٦) کێشا :- ڕایکێشا . زەڕ:- زێڕ ، ئاڵتوون .
(١٧) هوردا:- هەڵدا ، هاویشتی . قەصد:- مەبەست

دیش قەڵۆمزەی هوون چوون قەڵۆمزەی تاف
واتش هەی وە چۆڵ سەوزەی سەوز کڵاف

سەوزەی سەوز کڵاف خوانی سەوز نەخشەن
جە ڕاحەت وە حاڵ دەردینان بەخشەن (١٨)

ئەی یەکتا تەناف کڵافەی زەنگی
پەیکان سیا تار (کەی)بڕ ، فەرەنگی (١٩)

واتش هەی صاحیب ناڵەی فەرەنگی
خەستەی خەدەنگان سێ شەخصی جەنگی

قەسەم وە زەنجیر زوڵفی لوول بەستەم
وە نێشی موژان کەس جێ نە ڕەستەم (٢٠)

تا زیندەگانیت پەی نەکەروو قەصت
ئار نماوەروو خەدەنگم جە شەصت (٢١)

---

(١٨) دەردینان:- دەردەداران .
(١٩) کڵافەزەنگی:- پرچی ڕەش . سیا تار:- تاڵی ڕەش. (کەی)بڕ:- کەیخوسرەو شا دەبڕێ. فەرەنگی:- هی وڵاتی فەرەنگ .
(٢٠،٢١) قەسەم:- سوێند . نێش:- نووکی تیژ . چێ نەڕەستە:- کەس لێیان ڕزگار نابێ . قەصت،قەسد:-مەبەست . ئارنماوەروو:- دەرناهێنم . خەدەنگ:- تیر .
واتە : سوێند بە زوڵفی لوولم کەبەستوومە و وەکو زنجیرە ، هەروەها سوێند بەنووکی برژانگم کە هیچ کەسێ لێی ڕزگار نابێ ، بۆیە تیرم خستۆتە کەوانەوە تاکو ژیانت پێ ببەخشم .

ئێد وات و نیم جوش نە قەوس ڕاهی کەرد
حـــەیاتم نەجای مەمات جاهی کـــەرد (٢٢)

ڤڕەی سەوز خەدەنگ نە دوور دیاردا
نیشانەم نیشان ئـــــاخر (زمان دا) (٢٣)

دندانەی پەیکان سەرکەرد نە گیانم
بی وە ڕیشە کێش مەزەی ژیانم (٢٤)

پێشانیم سەرمەشق سەنگی سارا وەند
وەلگم چە سەرشاخ زیندەگانی کەند (٢٥)

---

(٢٢) ئێدوات:-ئەمەی وت. حەیات:-ژیان .نەجای:-لەجێی .مەمات:-مردن .جاهی کەرد:-جێی کردەوە
(٢٣) پێم وایە لەجیاتی (زمماندا) ،(دیداردا) دروستترە ، دیارە ئەم چەشنە نەرامۆشییە لەکاتی نووسینەوەدا سەرهەڵدەدات .
(٢٤) پەیکان:- تیر .
(٢٥) پێشانی:- ناوچەوان . وەند:- خوێند . وەڵگ:- گەڵا . سەرشاخ:- لقە پۆپە .
واتە : بەو تیرە ناوچەوانم فێری مەشق و ڕاهێنانی بەردی (ئەلحەد) ی سەراچەی گۆڕ بوو ، گەڵای لقە پۆپی ژیانمیشی هەڵوەراند .

قۆمان ، خوێشان کێن هوونستانم
پێکیای پەیکان سەوزە کەمانم (٢٦)

ئەو هەرسێ خەدەنگ خار خەتەر بییەن
هەر یەک دەردشان جێك بە تەر بییەن (٢٧)

مەعلووم وەهیچ کام ئەڕوا نەسپەردم
گیان تەسلیم وەدەست سەوز خەدەنگ کەردم (٢٨)

من کە وەچار زام چوون ڕەستانیمەن
هەنی کەی تەمای زیندەگانیمەن ؟! (٢٩)

*** *** ***

---

(٢٦) قۆمان:- خزمان . خوێشان:- ئاشنایان . کێن:- کێیە . هوونستان:- خوێنسێن . پێکیا:- پێکراو

(٢٧) جێك، لێکدراوی(جەیەك)ە :- لە یەك .

(٢٨) ئەڕوا، ئەڕواح:- گیان ،ڕەوان .

(٢٩) وەچار:- بە چوار، ڕەستانی:- هەستانەوە . هەنی:- ئیتر .تەما:- هیوا .

تێبینی:- محەمەد عەلی قەرەداغی-ش ئەم هۆنراوەیەی بڵاوکردۆتەوە ، لەبەرئەوەی لە ژمارەی دێڕەکان و دەقی هەندێ دێڕدا جیاوازیی زۆر هەیە ، بە باشم زانی ئەم دەقەش بڵاوبکەمەوە . بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی ، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ،١٩٩٣، ل ٧٦)

# شەفیع و صالح

=======================

تا ئێستا لە کەشکۆڵ و دەستنووسە کۆنەکاندا بەرهەمی هۆنراوەی چەند (شـەفیع) نـاوێك سـەریان هـەلداوە . بەڕاستی (شـەفیع) ناوەکـان زۆرن و کارێکی زەحمەتە بتوانرێ بە تەواوەتی بەرهەمەکانیان جیابکرێنەوە .

کاك محەممـەد عـەلی قـەرەداغی هـەولێکی زۆری داوە بـۆ ناسینەوەی (میرزا شەفیعەکان): میرزا شەفیعی کولیایی ، میرزا شەفیعی جامڕێزی ، میرزا شەفیعی پاوەیی ، شەفیعی بۆکانی ...(١)

لەگەڵ ئەوەشدا جیاکردنەوە و ناسینەوەی بەرهەمەکانیان زۆر زەحمەتە ، چونکـە هـەموویان دوا دێـڕی هۆنراوەکانیـان بـە وشـەی (شـەفیع) سەرمۆرکردووە .

لەم بەرانبەر وەستانەی (شەفیع و صـالح) دا ، کە دەربارەی ژیانی هەردووکیان هیچم بۆ ساخ نەکرایەوە ، هەست بە چێژو خۆشییەکی زۆر دەگمەن دەکرێ ، بە تایبەتی هەریەکەیان دەیەوێ لە باسی زولف و گونا و خەت و خالدا پێش ئەوی تر بکەوێ ....

****** ****** ******

(١) بڕوانـە : محەممـەد عـەلی قـەرەداغی ، کەشکۆڵی کەلـەپووری ئـەدەبی کوردی ، بەرگی چوارەم ، ١٩٩٣ ، ل (٤٢) .

* (١)

شەفیع :

میرزام لوول نەبو ، .... ....

زولفێ کە جە وێش خاوو لوول نەبو (١)

گا کرژ ، گا گرنج ، گا مەفتوول نەبو

پەشتان وە باڵای عەرعەر توول نەبو (٢)

وە دەست بماڵێ ،جە لا بدەی پێش

حاشا ئەو زوڵفە من بێزارم لێش (٣)

صاڵح :

زولفێ کە جە باد سەردی صوب شەفەق

چوون سەوڵێ مەفتوول نەپێکو طەبەق (٤)

پەخش نەبو نە ڕووی گۆنای زەڕ وەرەق

بێ بەدەل ڕەژیای ڕەشتەی لیقای حەق (٥)

مەست مەبو وە عەتر گوڵاو پاشی وێش

هاوار ئەو زولفە من بێزارم لێش (٦)

---

* ل (٢٢،٢٣) .

(١) جە وێش:- لە خۆیدا .

(٢) مەفتوول:- تێکئالاو . پەشتان:-شۆڕەوبوو .

(٣) وەدەست بماڵێ:- دەستی پیا بێنی، شانەی بکەی . جەلا:- ڕۆشنی ، شەوق .

(٤) باد:- با . صوب شەفەق:- سپیدەی بەیان . نەپێکو:- نەپێکێ . طەبەق:- چین .

(٥) زەڕوەرەق:-ڕوخساری وەك ئاڵتوون .

(٦) گوڵاو پاش:- گوڵاو پرژێن . وێش:- خۆی .

شەفیع :

زولـّفێ کە جە وێش لوول و خاو نەبو
تـا تـا عەترامێز بوی گوڵاو نەبو (٧)

گا خەم، گا دەستە ، گا وەڵاو نەبو
پەشتان وە نەوتوولْ چوون لۆلاو نەبو (٨)

ڕەونەقش نەبو جە کارخانەی وێش
هەی داد ئەو زولڤە من بێزارم لێش

صالّح :

زولـّـــفێ کە ڕەشتەی (لایەزال) نەبو
قەدیم جە قەدیم هەر تا تا هالْ نەبو (٩)

ئاوێزان وە بان گۆنا و خالْ نەبو
گا گا وە مێهمان لیموی کالْ نەبو (١٠)

چوون کورکی سمور نە درەوشو جە وێش
هەی داد ئەو زولـّفە من بێزارم لێش (١١)

---

(٧) عەترامێز ، عەترئامێز:- عەتراوی .
(٨) وەڵاو:- بڵاو . نەوتوولْ:- نەونەمام .
(٩) لایەزال:- نەمر ، خودا . قەدیم جە قەدیم:- پشتاوپشت . تاتالْ:- تالْ تالْ .
(١٠) ئاوێزان:- شۆڕەو بوو ،دەست لە ملان . مێهمان:-میوان .
(١١) کورك:- تووکی نـەرم . سمور:- گیانلەبەرێکە لە چەشنی پشیلە پێستەکەی سووری مەیلەو ڕەشە
نەدرەوشو:- نەدرەوشێتەوە .

زولفێ گا گا کرژ ، گا گرنج نەبو
گا گا وە دەستە نەپای زنج نەبو (١٢)

گا نیلی گا سەبز گا ترنج نەبو
گا نە عیشوە و قین گا وە سنج نەبو (١٣)

نە بەخشو وە قەیس دەردو جەفا کێش
هاوار ئەو زولفە من بێزارم لێش (١٤)
شەفیع :
زولفێ کە سیای ڕای شەوگیر نەبو
پەرەی دێوانان وە زەنجیر نـــەبو

دڵەی دەردینان پێش ئەسیر نەبو
یا خەیاتەی خام ، یا عەبیر نەبو

نە پەرسو وە حاڵ جەفا بەردەی وێش
هەی داد ئەو زولفە من بێزارم لێش
صالح :
زولفێ کە نەدەور گونای خاس نەبو
گا پەشێو ، گا خەم ، گا گا ڕاس نەبو (١٥)

---

(١٢) گا گا:- جار جار
(١٣) سنج:-ئارام
(١٤) نەبەخشو:-نەبەخشێ .
(١٥) خاس:-جوان .

نه دەوری دیدەی مودبرماس نەبو
دڵەی دەردینان پێش پەڵاس نەبو (١٦)

جە ڕەشتەی قودرەت نەبو ئەڕواکێش
ماوار ئەو زوڵفە من بێزارم لێش (١٧)

---

(١٦) مودبرماس:- ئاسکی سرك . پەڵاس:- لباد .
(١٧) قودرەت:- توانای خوا . ئەڕواکێش:- گیانکێش .

زوڵفێ كه نه دەور گۆنای گوڵ نەبو
دەوای دەردی دڵ پێش حاصڵ نەبو (١٨)

گا گا وه مەڵهەم زامی دڵ نەبو
حوكمی حەكیمان پێش باطڵ نەبو

خاو نەكەم نەساش بێ خۆف و ئەندێش
هاوار ئەو زوڵفه من بێزارم لێش (١٩)
شەفیع :
زوڵفێ كه نیلی و سیاو دێز نەبو
سیلسیلەی طورڕەش طوغرابێز نەبو (٢٠)

وه بانی بەیدا سەر ئاوێز نەبو
سەیوانی خاڵان خورده ڕێز نەبو(٢١)

بوی موشك و گوڵاو عەنبەر نەیو لێش
هاوار ئەو زوڵفه من بێزارم لێش (٢٢)
*** ***

=====================================================

(١٨) پێش:- پێی . حاصڵ نەبو:- دەست نەكەوێ ،پەیدانەكرێ.
(١٩) خاو:- خەو . نەساش:- لەسێبەریا . خۆف وئەندێش:- ترس و خەم.
(٢٠) دێز:- زۆرڕەش. سیلسیله:- زنجیره .طورڕه:- زوڵف .
(٢١) وه بانی بەیدا:- بەسەر بەهێدا . سەرئاوێز:- سەربەرەوخوار ، شۆڕەو بوو. سەیوان:- سێبەر.
خوردەڕێز:- ورد داڕێژراو.
(٢٢) موشك:- بۆنێكی خۆشه . نەیو لێش:- لێی نەیه .

## " مـەلا عـەبـدولـقـادر "

====================

## * (١)

لاله داخ نه دڵ ، نەرگس دەروون سەرد
ڕێحان ڕووسیا ، یاسەمەن ڕوو زەرد

ئیستەیچ وەنەوشە ئەو خەجاڵەتـــەن
سەر ئەو وەر وستەش هەر ئەو حاڵەتەن (١)

هەر گوڵ ڕووی ئازیز وێ دیەن وەچەم
خەجاڵەت بییەن ، فرێ ، نەکو کەم (٢)

**** *** ****

====================

* ل (٣٩) .

(١) ئیستـەیچ :- ئێستـەش . خەجاڵەتـەن:- شـەرمەزارە . سـەر ئـەو وەر وستەش:- سـەر داخستنی، ملکـەچیی . واتـە: ئێستـەش وەنەوشـە هـەروا شەرمەزارەو وەك خۆی ملکەچە .

(٢) وێ:- خـۆی . دیـەن:- بینیـوە . واتـە: هـەرگوڵێ کـە ڕووی ئـازیزو خۆشەویستی خۆی دیوە ، فرەو فراوان شەرمەزار بووە .

# " مەلا ڕەسووڵی تاوەگۆزی "

==========================

## * (١)

های عەصری تەنگەن ، عالەم نە چاو کوێر
بە هەزار برسی ، بە یەك لوقمە تێر (١)

خەندەق شل بووگە ، سەراو تەقیگە
کەر تا باڵای گوێی تێیدا چەقیگە (٢)

تەدارەك ناقص ، بەدخوو ، بەدعەمەل
ڕەفیق و شەریك شەیتانی دمجەل (٣)

هەوسار کولْ ، جل شڕ ، تان و پۆ دڕیاگ
بەرگ و ژێر زك و پالْوو ورگ بڕیاك (٤)

---

* ل (١٠١) .
(١) عەصری تەنگەن:- سەردەم و ڕۆژگاری نالەبارە . لوقمە:- پاروو .
(٢) بووگە:- بووە .
(٣) تەدارەك ناقص :- خۆ ئامادەکردنی ناتەواو .
(٤) هەوسار:- ڕەشوێ . کولْ :- کورت . پالْوو:- کورتان .

کەر شەل ، بارسەنگی ، بێ زۆر ، ڕێ دوور ، وێر
سابێ ئەم کەرە لەم قوڕە دەر بێر (٥)

هەر دانشمەندێ لە ڕێم وەر ئاورد
ئەم کەریە بەی بار لە قوڕ دەرناورد (٦)

---

(٥) وێر:- سەخت و دژوار . دەر بێر:- دەر بێنە .
(٦) دانشمەند:- زۆر ژیر . وەر ئاورد :- هەوڵی دا .
بەی بار :- بەم بارەوە . دەر ناورد:- دەرنە هێنا .
نووسرابوو (دەرئاورد) ، دەر ناورد ڕاستە .

سۆزی بی ڕەحمەت ، کەرێ دام ئەو دەست
زەڕ خریدیم تا حەیاتم هەست (٧)

فامداران ، گشتتان لێتان مالووم وێ
کەر لە قوڕ دەرچوون قووەتی دەوێ

مەر کەسێ قووەی قادری پێ وێ
وەرنە لە قوڕدا کەر قوڕ دەپێوێ (٨)

نە بار هەڵدەسێ ، نەکەر ئەو دەر دێ
نە پای دوای هەس ، نە هەم ئەو بەر دێ (٩)

بێ نویشك لە ماڵ وێران کەوتمە ڕێ
بە حساب مەکروهەم ئاوردم ئەو جێ (١٠)

---

(٧) بی:- بوو . دام ئەو دەست:- دایە دەستم ، دایمێ . زەڕ خریدیم:- بەندەیم ، کۆیلەیم .
واتە: خوای میهرەبان سۆزی لەگەڵما نواند و کەرێکی دامێ ، تا دەمرم هەر بەندەی ئەوم .
(٨) مەر:- مەگەر. قووەی قادر:- هێزو توانای خوایی . وەرنە:- ئەگینا .
(٩) ئەو دەردێ:- دێتە دەرێ . نەپای دوای هەس:- نەپێی دواوەی هەیە ، نەبۆ دواوە دێ .
ئەو بەر دێ:- بۆ پێشێ دەڕوا .
(١٠) نویشك:- تۆشە . هەم : خەم . ئاوردم:- هێناومە .

ڕووت و بێ قووەت گیان بێزارەوە
دا ماگم وە لای کەر و بارەوە

زۆرداریێ نییە چارەی کارم کا
مەر خودا عیلاج کەر و بارم کا (١١)

(فانی) هیلاك بوو ، گیانی دەرچوو مرد
کەری وە بێ بار لە قوڕ دەر ناورد (١٢)

*** **** ***

==========================================

(١١) زۆرداریێ:- دەسەڵاتداریێ ، بەهێزیێ . عیلاج:- چارەسەر .
(١٢) فانی:- نازناوی شاعیرە ، واتە فەوتاو. وا شاعیرێکی تریش بەم نازناوەوە یاد کرا .
لە ناوەڕۆکی هۆنراوەکەدا وا دەردەکەوێ کە شاعیر بە کەرو بارەوە چووە بۆ کاروان بۆ ئەوەی خەلە (دەغڵ) بێنێتەوە بۆ منالەکانی ، ئیتر لەم سەرەوە بووە ، یان لەو سەرەوە ، ئەوداماوە کەرەکەی لە قوڕو لیتەدا چەقیوە و بە دیاریەوە داماوە .

# سالانی ڕووداوەکان کە لە کەشکۆلەکەدایە سالی کۆچی تۆمارکراون

| سالی کۆچی | سالی عیسایی | |
| --- | --- | --- |
| ١٢٦٠ | ١٨٤٤ | دروستکردنی مزگەوتی شێخ عەبدوڕڕەحمان تالەبانی لە کەرکووك (مەولەوی) بە هۆنراوەیەکی فارسی، کە چوار دێڕە ، باسی دروستکردنەکەی کردووە ، لە دووەمین نیوەی دوا دێڕدا بەم چەند وشەیە سالی دروستکردنەکەی تۆمارکردووە: (مظهر حق باد) کە دەکاتە ١٢٦٠. |
| ١٢٦٦ | ١٨٤٩ | جەنگی عەزیز بەگی بابان دژ بە ڕۆمییەکان و داگیرکردنی ولاتی بابان بە دەستی (ڕۆمییەکان- عوسمانلی) . |
| ١٢٨٠ | ١٨٦٣ | کۆچی دوایی شێخ عەبدوڕڕەحمانی تالەبانی . |
| ١٢٨٣ | ١٨٦٦ | کۆچی دوایی شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێلە و دانیشتنی شێخ موحەممەد بەهائوددینی کوڕی لە جێگەیدا |
| ١٢٨٦ | ١٨٦٩ | نامەی شێخ عەبدوڕڕەحمان (ئەبولوەفا) ی کوڕی شێخ عوسمان سیراجوددینی تەوێلە بۆ موحەممەد پاشای جاف . |
| سەرەتای مانگی جەمادی یەکەمی ١٢٨٧ | ١٨٧٠ | تەواوکردنی بەشێك لە کەشکۆلەکە لە گوندی (تۆراخ تەپەی ئێلاخ) . |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٩٣ | ١٨٧٦ | سەردانی موحەممەد پاشای جاف بۆ شاری سنە ، بە بنە و بارگەیەکی شکۆدارەوە . |
| ١٢٩٦ | ١٨٧٨ | شەهید بوونی عەبدوڕڕەحمان کوڕی حاجی مەحموود یاروەیس. |
| ١٢٩٧ | ١٨٧٩ | نوسراوێکی فەلسەفیی مەولەوی بە فارسی . |
| ١٢٩٨ | ١٨٨٠ | پیرۆزبایی حەزرەتی شێخ عومەری بیارە لە مەحموود پاشای جاف بە بۆنەی ئەوەوە کە کراوە بە قایمقام . |
| ١٢٩٩ | ١٨٨١ | کۆچی دوایی موحەممەد پاشای جاف. |
| ١٣٠٠ | ١٨٨٢ | کۆچی دوایی مەولەوی . |
| ١٣٠٤ | ١٨٨٦ | کۆچی دوایی فەتاح کوڕی حاجی مەحموود یاوەیس . |
| ١٠ی شەعبانی ١٣١٨ | ١٩٠٠ | لەدایکبوونی موحەممەد عەلی ئەحمەد. |
| ٥ی شەووالی ١٣١٩ | ١٩٠١ | کۆچی دوایی حاجی مەحموودی یاروەیس . |
| مانگی شەعبانی ١٣٢٢ | ١٩٠٤ | کۆچی دوایی عەبدوڕڕەحمان مستەفا و عەلی حاجی مەحموود . |
| ١٣٢٣ | ١٩٠٥ | کۆچی دوایی ئیسماعیل حاجی مەحموود . |
| ٩ی شەعبانی ١٣٢٦ | ١٩٠٨ | کۆچی دوایی عومەری حاجی مەحموود یاروەیس . |
| ١٧ی ڕەمەزانی ١٣٢٩ | ١٩١١ | کۆچی دوایی عەبدوڵڵا عومەر. |

| سالّی کۆچی | سالّی عیسایی | |
|---|---|---|
| ٢٢ی ڕەمەزانی ١٣٣٥ | ١٩١٦ | شەهیدبوونی مەحەممەد حاجی مەحموود یاروەیس لە جەنگی دژبەڕووسە داگیرکەرە قەیسەرییەکاندا لەسەر سنووری نێران عێراق ونێران ، لە ناوچەی پێنجوێن . |
| ٥ی ڕەمەزانی ١٣٦٨ | ١٩٤٨ | کۆچی دوایی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف . |

## خشتەی بەراوردی

دیوانە چاپکراوەکەی (سالم) چاپی دووەم ، هەولێر ، ۱۹۷۲
لەگەڵ هۆنراوەکانی (سالم) دا کە لەکەشکۆڵەکەدان .

| لاپەڕە | دێڕ | دیوانی چاپکراو | لاپەڕە | دێڕ | کەشکۆڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دەزانی باغی تەختی... | | | |
| ١٧ | ٢ | دەزانی تۆ | ١٢٠ | ٢ | دەزانم تا |
| | ٧ | تا گا | | ٧ | تادا |
| | | لەرازی دڵ ئەگەر.... | | | |
| ٢٠ | ٢ | دەبێ | ١٢٢ | ٢ | دەمێ |
| | ٦ | ئەمەردا | | ٥ | خەبەردا |
| | ٨ | کوژتنی | | ٧ | کوشتنی |
| | | حیکایەتخوانە تووتیی دڵ.. | | | |
| | ١ | دیوە | | ١ | دیبێ |
| | ٢ | عەقرەبت نەتدا | | ٢ | زوڵفەکەت نەددا |
| | ٥ | کیشوەری | | ٥ | کیشوەر |
| | ٧ | کەلێ | | ٧ | بەسێ |
| | | طەریقی عیشقت.... | | | |
| ٢٢ | ٢ | تاکەم | ١١٩ | ٢ | تاکەی |
| | | سونبولی طوڕڕە .... | | | |
| ٢٦ | ٥ | تاحەقی | | ٥ | بەرحەقی |
| | | شەڕیە لە سەر ... | | | |
| | ١ | شەڕیە لە سەر | | ١ | شەڕیانە لە |
| | | بێ تەماشای خاڵی تۆ .. | | | |
| ٣٢ | ١ | خاڵێ | ١٢٠ | ١ | خاڵی |
| | ٢ | لەبی | | ٢ | لەبەی |
| | ٣ | چوناچیدەما | | ٣ | ج بوو ماچیدەما |
| | ٥ | دادو بێ دادم | | ٥ | داد وبێ داد |
| | ٧ | وا دەرهەم و | | ٧ | دەرهەم هەموو |
| | | شەتی ئەشکم دەبێ هەر بێ ... | | | |
| ٣٣ | ١ | ئاق دنگز | ١٢١ | ١ | ئاغد نگز |
| | ٣ | لە پەردەی | | ٣ | لە خانەی |
| | ٤ | دەلەرزم | | ٤ | دەلەرزێ |
| | | وەکو فوارە خوێن.... | | | |
| ٣٣ | ١ | دەکولێ | ١٢١ | ١ | دەقولێ |
| | | پەیوەستەیە | | | پەیوەستەتا |
| | ٤ | بانەکێشێ | | ٤ | ڕانەکێشێ |
| | | گەر بە بۆ نیسبەتی ... | | | |

| لاپەڕە | دێڕ | دیوانی چاپکراو | لاپەڕە | دێڕ | کەشکۆڵ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٣٤ | ٤ | ئاوی | | ٤ | ئابی |
| | ٧ | ئەمنیتی | | ٧ | ئومنیەتی |
| | | بەدەل کەین بابەنەشئەی ... | | | |
| ٣٦ | ١ | دونیا | ١٢٥ | ١ | دلها |
| | ٧ | شوهرەتی شارە | | ٧ | شوهرە یی شەهرو |
| | | صوبحی نەورۆزە ... | | | |
| ٤٣ | ١ | وەختی(بەزمی) شەراب | ١٢٨ | ١ | وەختی شەراب |
| | ٣ | دەرکەف | | ٣ | بەرکەف |
| | ٤ | مەی ئێستەکێ | | ٤ | من ئێستە قەد |
| | ٥ | بەندە | | ٥ | سەددە |
| | ٦ | بەزمەیی | | ٧ | بادەی |
| | | لە رووی تیری موژەی ... | | | |
| ٤٤ | ٤ | سورمە سایی | ١٥٠ | ٤ | سورمە سابێ |
| | ٧ | حەوتەمین دێڕ | | | نییە |
| | ٨ | لە | | ٧ | بە |
| | ١٠ | عاشق | | ٩ | سالم |
| | | ڕاستە دڵ چەسپە ... | | | |
| ٤٥ | ١ | (لە) گێسووی | ١٢٣ | ١ | (بە) گێسووی |
| | ٥ | (گەر) خۆی | | ٥ | (گەرچی) خۆی |
| | | بێنە سابادی صەبا ... | | | |
| ٤٨ | ٤ | چوارەمین دێڕ | | | نییە |
| | ٥ | جەورە | ١٢٩ | ٤ | توندی |
| | ٦ | خاکەراکانی | | ٥ | خاك راهی کان |
| | | گەردە ئەز | | | گردد أز |
| | | نییە | | ٧ | مردنه یاصەبرە (سالم) چارەیی هیجرانی یار/ گرچە درمان ندارد درد بی درمان دوست . |
| | | جیهانئارایە مەه ... | | | |
| ٥٠ | ١ | شەوە | ١٥٠ | ١ | شەبە |
| | ٢ | وەلێ ڕێی | | ٢ | نیوەی دووەمی یەکەم دێڕ |
| | ٣ | ظولمەتەهەرسوولەگێسووت | | ٣ | دووبارەیە |
| | ٦ | سێوی زەنەخ | | ٦ | سیبی ذەقن |
| | | بە نا فحلی | | | نەبا فەحلی |
| | | بو | | | گەر |
| ٥٤ | ٤ | نەمەکی ڕێتە برینم ... | ١١٧ | ٤ | |

| لاپەڕە | دێڕ | دیوانی چاپکراو | لاپەڕە | دێڕ | کەشکۆڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ڕێی ،دوژمنی | | | ڕووی ،دوشمنی |
| | | صدق خفقان و | | | صدقە خەفتان و |
| ٥٦ | ١ | دەدا هەردەم شەکەر خەندەت... | ١٢٣ | ١ | |
| | ٢ | سەمەرقەند | | ٢ | ثەمەرقەند |
| | ٧ | میێلی | | ٥ | موشکل |
| | ٥ | حەوتەمین دێڕ | | ٦ | پێنجەمین دێڕە |
| | ٦ | پێنجەمین دێڕ | | ٧ | شەشەمین دێڕە |
| | | شەشەمین دێڕ | | | حەوتەمین دێڕە |
| | | هەشتەمین و نۆیەمین و دەیەمین | | | نین |
| ٥٧ | ٥ | دێڕ | ١٢٤ | ٤ | |
| | | ڕەها ناکا دڵم ... | | | ڕەفیقم ئەگەر |
| | | ڕەفیقم(بێ) ئەگەر | | | |
| | | چوارەمین دێڕ وپێنجەمین دێڕ | | | |
| | | پاش و پێشن | | | |
| | | یە چین گرتوویە زوڵفت ... | | | |
| ٥٩ | ١ | دەوری | ١٢٤ | ١ | کەردی |
| | ٣ | دڵم ،مەهی ،گەرمەم | | ٣ | دەلێم ،مەهـ و ،گەرئەم |
| | ٤ | چوارەمین دێڕ | | | نییە |
| | ٥ | پێنجەمین دێڕ | | | نییە |
| | ٧ | ظلمیکی،نە ظمی ،زوڵفی | | ٥ | سیحرێکی ،ظولمی،زوڵف و |
| | ٨ | بەری ،بەتازەی،مقراضی | | ٦ | بری،بەنازو ،مقراض و |
| | | | | ٧ | بەسونبول زاری زوڵف کەوتە |
| | | | | | ناو باغ/ لەشەودا دڵ وەکو |
| | | نییە | | | شەبگەردی هوشیار |
| ٥٩ | ٩ | چنیم ،گرتم ،گەزیم ،بۆم کردو لام | ١٢٤ | ٨ | چنی ،گرتی ،گەزی ،بۆی |
| | | دا | | | کردولایدا |
| | ١٠ | بنەوشە ،سێو ،گوڵی | | ٩ | بەنەفشە ،سیب ،گوڵ و |
| | ١٢ | بەڕووما(دا) | | ١١ | بە ڕووما(وا) |
| | | صوورەتی(تۆ) | | | صوورەتی(ئیسمت) |
| | ١ | غەم وەکو کۆهی ... | ١٥١ | ١ | |
| | ٤ | نزار | | ٤ | نزار |
| | ٥ | عارە بۆ من ڕەفاقەتی ئەغیار | | ٥ | دڵ نەماوە لە فیرقەتی دلدار |
| | | ئەی ، دل | | | ئای ،دەست |
| | ٧ | دڵ نەماوە لە فیرقەتی دلدار | | ٧ | عارە بۆمن ڕەفاقەتی ئەغیار |
| | ٨ | ئیظهار | | ٨ | هوشیار |

| لاپەڕە | دێڕ | دیوانی چاپکراو | لاپەڕە | دێڕ | کەشکۆڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | سەربانی مەیکەدە | | | سەربامی بتکەدە |
| | | دل لە میحنەت کەیلە.... | | | |
| ٦١ | ١ | یەکەم کۆپلە | ١٣٠ | ١ | |
| | ٣ | بەلکو زوو | | ٣ | بەغەم |
| | | بێ چارە و زارو نزار | | | بۆحالی خۆم بگریم بەزار |
| | ١ | دووەم کۆپلە | | ١ | |
| | ٢ | بێنە فریام | | ٢ | بێن بەمەردی |
| | ٣ | لیتەی دەردی مەحروومی بووە | | ٣ | لوجەی ژان ودەردم لەم دەمە |
| | | بانەکابا | | | بۆچ نەبێ سا |
| | ١ | چوارەم کۆپلە | | ١ | سێیەم کۆپلەیە |
| | ٢ | جەننەتە بۆهەر کەسێ | | ٢ | خولدە بۆ مەردم وەلێ |
| | ٣ | بەتالی ،ئەرکی حەزەر | | ٣ | بەتەلخی ،طوولی سەفەر |
| | | خۆما هەفتەیەك،سفر | | | خۆمدا هەفتەیە،حەضەر |
| | ١ | سێیەم کۆپلە | | ١ | چوارەم کۆپلەیە |
| | | دەوران لـەدوای دووری یـا | | | تاحال لەدوای کارییا کەوتوومە |
| | ٢ | خستوومیە | | ٢ | |
| | ٣ | قارامم | | ٣ | فارغ بم |
| | | کەوتوومە واوەیلا بەئاوازی | | | مەشغوولی نالێنم بەفەریادی |
| ٦٢ | ٢ | پەراوێزی لاپەڕە(٦٢) | | ٢ | پێنجەمین کۆپلەیە |
| | | بێ قەرار،ساڵ وەمەهـ | | | بێ قەراری ،ڕۆژو شەو |
| | | حەوتەمین کۆپلە | | | شەشەمین کۆپلەیە |
| ٦٢ | ٢ | دوو ڕەفیقـی غوربـەتن ڕۆژی | ١٣١ | ٢ | بێ نـەوا کەوتوومـە غوربـەت |
| | | سیاهی ڕەنگ زەرد | | | ناتەوان و ڕەنگ زەرد |
| | ٣ | ئەخوێنم | | ٣ | دەڵێم و |
| | | هەر شەو کە ماهتابی .... | | | |
| ٦٤ | ٢ | باغی | | ٢ | قەصری |
| | ٣ | ماڵی وی | | ٣ | ماڵ و بەدەنی |
| | ٤ | چوارەمین دێڕ | | ٦ | شەشەمین دێڕە |
| | ٥ | پێنجەمین دێڕ | | ٤ | چوارەمین دێڕە |
| | ٥ | شارەزوور | | ٤ | شەهرەزوور |
| | ٧ | حەوتەمین دێڕ | | | نییە |
| | | بەدڵ وەختی نیگەه ... | | | |
| ٦٥ | ٢ | دووەمین دێڕ | ١٢٤ | | نییە |
| | | هەڵێژا خوێن بەجگەرما ... | | | |

| لاپەڕە | دێڕ | دیوانی چاپکراو | لاپەڕە | دێڕ | کەشکۆڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٨ | ١ | لەدەروندا پڕ | ١٢٣ | ١ | لە دەروونا پڕی |
| | ٤ | لەکەدەرمایە | | ٤ | لە کوزەرمایە |
| | ٥ | صاحیبی گیل | | ٥ | صانعی گلْ |
| | | صـــاف و مـــرواری و | | | صافی مرواری یوماهی،خمیر |
| | ٦ | ماهی، عجیر | | ٦ | کەی مەشقی دەگاتەخەططی میر |
| | | مشتاقی دەکا خەطی ئەمیر | | | |
| ٦٩ | ١ | زوهرە گەر خەشمت ... | ١٣١ | ١ | زەهرە چەشمی تۆ،نەوشەکەر |
| | ٤ | زوهرە گەر خەشمت، نۆشەگەر | | ٤ | چراغێ ، بێتەدەر |
| | | چراغی، دەرکەوێ | | ٥ | تارەسیدە کەوکەبکەموستەعیددی |
| | | نییە | | | کوشتنم/ بۆیـێ خوێنـم دی لـە |
| | | | | | غەمزەودی لە لێوی بۆیی شیر |
| | ٥ | | | ٦ | گرفتاری،شەرحە |
| | ٦ | گرفتاریم ،نەوعە | | ٧ | گاهی،ئەسیر |
| | | وەختی،فەقیر | | | |
| ٧٢ | ٢ | غەیری فیکری وە صلی ... | ١٢٩ | ٢ | نیمی جۆ گەر بێ وەفاکا |
| | | گەرببینم دەفعەیەکی تێر ڕوویی | | | گەندەمین ڕوو دولبەرم |
| | ٧ | دولبەرم | | | نییە |
| | ٨ | حەوتەمین دێڕ | | | کار سیەهـ بێتە |
| | | ئیتر نایێتە | | | |
| ٧٤ | ١ | گوارەت کەوتە سەر... | ١٢٨ | ١ | ڕەوشەنی،بنا |
| | | ڕەوشەن ،بەنا | | | هم آغوش |
| | ٢ | فەراموش | | ٢ | آزان |
| | ٦ | چسان | | ٥ | بەئیما گەر طەلەبکەم |
| | ٥ | بە ئێمە گەر خەڵاتکەی | | ٦ | شەشەمین دێڕە |
| | ٧ | پێنجەمین دێڕ | | ٧ | لعل |
| | | عیشق | | | |
